# کوردە زازاکان و زارەکەیان*

**سوداد ڕەسووڵ**

**پوختە**

زازاکان لای کورد بە ناوی جیاواز ناسراون وەک کرد، کرمانج، دملی، زازا، بە درێژایی مێژوو پێکهاتەیەکی کورد بوون و زارەکەشیان هەمیشە زارێکی زمانی کوردی بووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم زازاکان بە هەردوو گروپی دینی زازای موسڵمانی سوننیی شافیعی و زازای عەلەوی، ڕۆڵێکی کاریگەرییان هەبووە لە بزووتنەوەی نەتەوایەتی کوردیدا، لە سێ ڕاپەڕینی گەورەی باکووری کوردستان: ڕاپەڕینی قۆچگیری ١٩٢٠ – ١٩٢١، ڕاپەڕینی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، ڕاپەڕینی دەرسیم ١٩٣٧ بەشدارییەکی گرنگیان هەبووە و قوربانی زۆریشیان داوە. زازاکی بە دەگمەن نەبێت نووسراوی ئەدەبی نەبووە و تەنیا بۆ ئاخاوتن بووە. ئەم زارە کوردییە لای ڕۆژهەڵاتناسانی ئەوروپی لەبەر چەند جیاوازییەکی زمانەوانی کە زازاکی لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی هەیەتی، بە زارێکی زمانی کوردی نازانن و وەک زمانێکی سەربەخۆ ناوی دەبەن. لە سەرەتای سەدەی بیستەم بەهۆی قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا، زازاکی بە خێرایی ژمارەی ئاخێوەرانی کەم بووەتەوە بە ڕادەیەک کە لەبەردەم مەترسی لەناوچووندا بووە. بەم دواییە لە هەندەران و لە ناوەخۆ بە هەوڵی ڕۆشنبیرانی زازا، خزمەت بە زارەکە دەکەن و کۆمەڵێک کتێب و نامیلکە و بڵاوکراوە بە زازاکی دەردەکەن و زارەکە دەبووژێننەوە. هەر لە تاراوگە لە دوای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، بەشێک لە زازاکان (سوننی و عەلەوی) بە هۆکاری سیاسی و دینی و کۆمەڵایەتی و زمانی، بانگەشەی ناسیۆنالیزمی زازایی دەکەن و پێیان وایە زازاکان نەتەوەیەکی سەربەخۆن و کورد نین و زارەکەشیان زمانێکی سەربەخۆی باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانە. لەم توێژینەوەیە، ئەم باسە لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی تاوتوێ کراوە، و ڕوون کراوەتەوە کە زازاکان بە هۆی ئەو پێشینە مێژوویییە کە لەگەڵ کورد هەیان بووە و بەتایبەت ئەو ڕۆڵە گرنگە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم و دواتریش بۆ مەسەلەی کورد و ڕزگاری نیشتمانەکەی لە باکووری کوردستاندا گێڕاویانە، ئەمانە کۆمەڵێک ڕەگەز و پێورەی گرنگن کە زازای کردووە بە پێکهاتەیەکی دانەبڕاوی نەتەوەی کورد و هەر لەسەر ئەم بنەڕەتە زارەکەشیان زارێکی کوردییە، ئەمە هەرچەندە لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی جیاوازی هەیە، ئەم جیاوازییەش لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە لە نێوان زارەکانی زمانێکدا هەبێت ئاساییە، چونکە زمان یان زار هەر بە تەنیا کۆد و هێما زمانەوانییەکان نییە، بەڵکو دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی و ئابووریشە.

**وشە سەرەکییەکان:** گۆران، زازای سوننی، زازای عەلەوی، ناسیۆنالیزمی زازا، ڕۆژهەڵاتناسی، زار.

---

* ئەم توێژینەوەیە لەگەڵ چەند توێژینەوەی دی لە کتێبێکدا تایبەت بە زازاکی و زازایان لە باکووری کوردستان بڵاو کراوەتەوە. ئەمەی خوارەوە ناونیشانی کتێبەکەیە:
ZAZAKÎ Û ZAZAYÎ RÊZEXEBATÊ AKADEMÎKÎ (Edebîyat, Ziwannasîye, Folklor, Perwerde), Weşanxane: Peywend Nedim Odabaşı İş Merkezi, Wan, 2021.

## The Zaza Kurds and their dialect

**Abstract**

Zazas as known by different names: Kird, Kirmanj, Dimli and Zaza have always been part of the Kurdish nation throughout history and their dialect has been a dialect of the Kurdish language. At the beginning of the twentieth century, the Zazas played an important role in the Kurdish national movement by both followers of Sunni Shafi'i Muslim Zazas and the Alevi Zazas. Three great uprisings of northern Kurdistan: Kochgiri uprising 1920-1921, Sheikh Saeed Piran uprising 1925, and Dersim uprising 1937, in all three uprisings Zazaza made a significant contribution and made many sacrifices for Kurdish Nationalist Cause. Zazaki dialect in the past had very little literary texts it was mainly an oral dialect. At the beginning of the twentieth century, due to the ban on the Kurdish language in Turkey, Zazaki also rapidly reduced its number of speakers and it was in danger of extinction. Recently, some Zaza intellectuals in have been trying to preserve their dialect abroad, they have published newspapers, books and articles, ultimately the dialect revived. The European orientalists did not consider Zazaki as a dialect of the Kurdish language but rather classified it as an independent language of the Northwest Iranian languages. Accordingly, After the 1980s, some of Zazas (Sunni and Alevi) in diaspora for some political, religious, social, and linguistic reasons claimed for Zaza nationalism. They believe that the Zaza is a separate ethnic group. In this study, the issue is addressed in a sociolinguistics perspective and explained that according to continuous history of the Zaza with the Kurds and particularly the important role they played for the Kurdish question and liberation of their land in northern Kurdistan (South-eastern Turkey). Therefore, according to this historical and national background of Zaza with Kurds their language also considered to be a dialect of the Kurdish Language. However, Zazaki differs somehow from other Kurdish dialects in terms of grammar and morphology, these differences among the dialects of a language are a natural phenomenon, since the language or dialect is not only signs or linguistics codes but also a social, cultural, political and economic phenomenon for their speakers.

**Key words: Goran, Sunni Zaza, Alevi Zaza, Zaza Nationalism, Orientalism, dialect.**

## پێشەکی

لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا لە نێو ئاخێوەری هەندێک لە زارە کوردییەکان، گۆڕان بە سەر ناسنامەی زارەکانیشدا هاتووە، ئەم گۆڕانە وەک دیارە زیاتر بە ئامانجی ئەوەیە ناسنامەی زارەکان لە ناسنامەیەکی کوردییەوە بەرەو ناسنامەیەکی غەیری کوردی ببات یان وەک چەند زمانێکی سەربەخۆ بیان ناسێنێت. ئەم دیاردەیە کۆمەڵێک ڕەهەندی جیاواز لە خۆ دەگرێت، پاڵنەر و هۆکاری جیاواز زەمینە خۆشکەرن بۆ ئەم دیاردە زمانەوانییە، کە لە پێشدا یان لە مێژووی زارەکانی زمانی کوردیدا دیاردەی لەم شێوەیە نەبووە.

کورد وەک نەتەوەیەکی فرەدین و فرەمەزهەب، زمانی کوردیش وەک زمانێکی فرەلەهجە، کە هەندێک لە لەهجەکانی بە هۆی جیاوازیی لە پێکهاتەی زمان، بە زەحمەت لە یەک تێ دەگەن، لە هەمان کاتدا زمانەکە بە ئەلفبێی جیاوازیش دەنووسرێت (ئەلفبێی عەرەبی و لاتینی)، ئەمە وێڕای ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە ڕووی سیاسییەوە پارچە پارچەیە و زمانێکی ستانداردی یەکگرتووش نییە هەموو نەتەوە پێکەوە لە ژێر چەتری یەک زمانی هاوبەشدا کۆ بکاتەوە. سەرەڕای ئەم ڕەوشە سیاسییە نالەبارە، لە هەر بەشێکی کوردستانیش سیاسەتێکی زمانیی نەتەوەی سەردەست لە دژی زمانی کوردی پیادە دەکرێت کە بەردەوام لە هەوڵی زیاتر پارچەکردن و دابەشکردنی نەتەوە و زمانەکەیە، ئەمە لە کاتێکدایە کە کورد خۆی هیچ پلانێکی زمانی بۆ یەکخستن و چاودێری و ئاراستەکردنی زمانەکەی نییە. بێگومان ئەم دۆخە سیاسییە بەم پێکهاتە دینی و مەزهەبی و زمانی و لەهجەییەی کۆمەڵگەی کوردی، بەبێ پلانی زمان و چاودێری، زەمینەیەکی لەبارە بۆ زیاتر پەرتەوازەبوونی پێکهاتەکانی نەتەوە و لەهجەکانی.

لە نێو هەندێک لە ئاخێوەرانی زارەکانی کوردیدا، جیاوازیی دین و مەزهەب کاریگەریی سەلبی لەسەر ناسنامەی زارەکەش کردووە کە ئاخێوەرانی خۆیان بە گروپێکی ئەتنیکی جیاواز لە کورد بزانن و زارەکەشیان وەک زمانێکی سەربەخۆ بناسێنن، وەک لوڕی، لەکی، شەبەکی،.. بەهۆی ئینتیمای ئاخێوەرانی ئەم زارانە بۆ مەزهەبی شیعە، ناسنامەی کوردبوونیان ناجێگیر و لاوازە. یان بەهۆی جیاوازیی پێکهاتەی زار لە ڕووی ڕێزمانەوە لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی کە ئاخێوەرانی بە زەحمەت لەیەک تێ دەگەن، هەمان کێشەی ناسنامە بۆ زارەکە پەیدا بووە، وەک هەورامی و زازاکی کە بە پێکهاتەی زمانی لەگەڵ کوردیی باکوور (کورمانجی) و کوردیی ناوەندی (سۆرانی) لە یەک جیاوازن، ئەم جیاوازییانە کۆمەڵێک بەهانەن بۆ هەندێک لە ئاخێوەرانی ئەم زارانە نکوولی لە کوردبوونی زارەکەیان بکەن و بانگەشەی زمانێکی سەربەخۆ بکەن.

زازاکان کە لە باکووری کوردستان نیشتەجێن بە چەند ناوێکی جیاواز ناسراون وەک کرمانج و کرد و دملی و زازا، بە دین و مەزهەب نیوەیان موسڵمانی سوننین و نیوەکەی دی عەلەوین[1]. لە ماوەی پەنجا ساڵی رابردوودا لە نێو هەندێک لە زازاکان بانگەشەی ئەوە دەکرێ کە زازاکی، زارێکی کوردی نییە و زمانێکی سەربەخۆیە، هەروەها هەندێک لە زازاکان بانگەشەی ئەوەش دەکەن کە زازا کورد نین و نەتەوەیەکی سەربەخۆن. هەر بە هەمان ڕەوتی جوداخوازی، لە هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە نێو بەشێک لە زازاکان ناسیۆنالیزمی زازاش سەری هەڵدا کە داوای نەتەوە و زمانێکی سەربەخۆ بۆ زازا دەکەن.
لەم توێژینەوەیەدا بە میتۆدی شیکاری مێژوویی و زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، تیشک دەخەینە سەر ئەم پرسە زمانەوانییە و هۆکار و پاڵنەرەکانی پشت دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە نێو زمانی کوردی شی دەکەینەوە، هەروەها بە بەڵگەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕوونی دەکەینەوە کە زازا بە نەتەوە کوردن، هەر لەم ڕوانگەوە زارەکەشیان زارێکی زمانی کوردییە. بۆ لێکۆڵینەوە لە باسەکە پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی ئەکادیمی بەستراوە کە لە لایەن توێژەرانی بێگانە و کورد، لە رووی زمانەوانی و مێژووییەوە لەبارەی زازا نووسراون، ئەمە وێڕای ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کۆمەڵێک نووسەری زازا لە باکووری کوردستان کە زانیاری گرنگیان سەبارەت بە پرسی زازا و زارەکەیان بۆ ئەم باسە خستە بەردەست.[2]
توێژینەوەکە بۆ چەند تەوەرێک دابەش بووە: لە سەرەتا بۆ بەرچاوڕوونی باسەکە بەکورتی ئاماژە بە جوگرافیای نیشتەجێبوونی دانیشتوانی زازاکان دەکەین لە باکووری کوردستان، هەروەها باسکردنی مێژووی زازاکان لە کۆن و نوێدا، بەتایبەت لە مێژووی هاوچەرخدا کە لە ڕاپەرینەکانی قۆچگیری و شێخ سەعیدی پیران و دەرسیم بەشدارییان

---

[1] – سەبارەت بە عەلەوی کە ئاخۆ دینێکی سەربەخۆیە و یان مەزهەبێکی ئیسلامە، لەم بارەیەوە مشتومڕێکی زۆر هەیە، زۆربەی توێژەران پێیان وایە عەلەوی پاشماوەی دینێکی کۆنە و پەیوەندی بە ئیسلامەوە نییە، بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی شیعەی ئیسلام، بۆیە هەندێک جار بە فیرقەیەکی شیعەی ئیسلام دادەنرێت. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە عەلەوی وەک خۆی ناوی بێت و جاروباریش وەک دین و مەزهەب ئاماژەی پێ دراوە.

[2] – لە سەفەرێکم بۆ باکووری کوردستان لە مانگی ئابی ٢٠٢١ ، سەردانی چەند شارێکی زازانشینم کرد، وەک ئامەد (دیاربەکر)، پیران، چەولیگ (بینگۆڵ)، دەرسیم (تونجەلی)، خەرپێت (ئەلعەزیز)... چاوم بە کۆمەڵێک نووسەر و ڕۆشنبیری زازا کەوت وەک بەڕێزان محەمەد مالمیسانژ، سەعید ڤەرۆژ، ڕۆشان لەزگین، ئەحمەد کرکان، نیعمەتوڵلا گوندوز، ئایدن باتور، محەمەد ئەسلانئوغولاری، دۆغان کاراسوو، بەدریە تۆپاچ، حوسێن چاغلایان، عەبدولقادر نەجەرانی، ڕەمەزان بلوت. هەر یەک لەم بەڕێزانە بە سوپاسەوە کۆمەڵێک زانیاریی گرنگیان پێ بەخشیم کە بوون بە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ باسەکەم و تێگەیشتن لە ڕەوشی زازا و زارەکەیان بە شێوەیەکی باشتر.

لە بزاڤی ڕزگاریخوازیی کورددا کردووە، دواتر ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسیش سەبارەت زازا و زازاکی ڕوون دەکەینەوە، هەڵسەنگاندنێکی ڕەخنەگرانە بۆ تێزەکانیان دەکەین کە لەبارەی مێژووی زازا و زازاکی بۆچوونیان داوە و پێیان وایە زازاکی کوردی نییە، بەکورتیش باسی مێژووی ئەدەبیاتی زازاکی و گەشەکردنی زازاکی دەکەین کە لە دوای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە لایەن زازاکانی هەندەرانەوە گەشەکردنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە. هەر لەم باسە لە ڕوانگەی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی، پێوەرەکانی جوداکردنەوەی زار و زمان ڕوون دەکەینەوە، کە بەپێی ئەم پێوەرانە زازاکی زارێکی زمانی کوردییە و زمانێکی سەربەخۆ نییە.

## زازا، جوگرافیا و مێژوو

زازاکان بە درێژایی مێژوو پێکهاتەیەکی کورد بوون و لە سەرزەمینێکیش نیشتەجێن کە باکووری کوردستانە، لە ڕابردوو و ئێستاشدا، هەمیشە وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد تێکەڵ بەو ڕووداوانە بوون کە لە باکووری کوردستان ڕووی داوە، و لەگەڵ ئاخێوەری زارە کوردییەکانی دی پێکەوە یان بە جودا درێژەیان بە خەبات و تێکۆشان داوە بۆ پرسی سەربەخۆیی کوردستان.

لەم بەشە هەوڵ دەدەین بەکورتی ئاماژە بە جوگرافیای ئەو ناوچە و شار و شارۆچکانە بدەین کە دانیشتوانی زازای هەیە، بە خێراییش ئاوڕێک لە مێژووی زازاکان دەدەینەوە، بە تایبەت لە مێژووی سەدە بیستەم کە زازاکان لە باکووری کوردستان ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لە بزاڤی نەتەوەیی کورددا.

## جوگرافیای زازانشین

زازاکان لە باکووری کوردستان لە ناوچەیەک لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل لە نێوان ڕووباری دجلە و فورات نیشتەجێن. هەردوو ویلایەتی چەولیگ (بینگۆل) و دەرسیم(تونجەلی) بە زۆرینەی دانیشتوان زازان، بێجگە لەم دوو ویلایەتە لە سێ ویلایەتی دی: ئامەد (دیاربەکر) و خەرپێت (ئەلعەزیز) و ئەرزنجان بە ژمارەیەکی بەرچاو ئاخێوەری زازای هەیە. هەروەها لە کۆمەڵێک ویلایەتی دی لە چەند شارۆچکەیەکی ویلایەتەکە دانیشتوانی زازا هەیە وەک لە شارۆچکەی سێوەرەگی ڕوها(ئورفا)، گمگم (ڤارتۆ)ی مووش، لە گەرگەری سەمسوور (ئەدیامان)، لە مۆتکانی بدلیس. هەروەها لە سێواس و ئەرزەڕۆم و سێرت و قارس و مەڵاتیا و گوموشهانە و ئەدەنە بە ژمارەی کەمتر ئاخێوەری زازا هەیە. ئەمە وێڕای ئەوەی لە ساڵانی ١٩٨٠ و ١٩٩٠ بە هۆی شەڕی چەکداری لە لە ناوچەکە، هەندێک لە ئاخێوەرانی زازا ناچار بوون گوند و زێدی خۆیان بەجێ بهێڵن و پەریوەی شارەکانی باشوور و ڕۆژئاوای تورکیا بوون وەک ئیستانبوڵ، ئزمیر، مێرسین.( Malmîsanij, 2021: 663).

ئاخێوەرانی زازا بە ناوی جۆراوجۆر و بەپێی شوێنی جوگرافی ناویان دەگۆڕێت. ئەو زازایانەی لە بینگۆل و شارۆچکەکانی دەوروبەری دیاربەکر نیشتەجێن خۆیان بە کرد دەناسێن و زارەکەشیان بە کردکی ناو دەبەن. زۆرینەی دانیشتوانی دەرسیم و ئەرزنجان و وارتۆ لە ویلایەتی مووش کە زازای عەلەوین خۆیان بە کرمانج دەناسێنن (ناوی کرمانج لەگەڵ ناوی کورمانج تێکەڵ نەکرێت) و بە زارەکەشیان دەڵێن (کرمانجکی). زازاکانی شارۆچکەکانی چێرموگ لە ویلایەتی دیاربەکر و ویلایەتی ئورفا و شارۆچکەی سێورەگ (سیڤەرەک) و شارۆچکەی گەرگەر لە ویلایەتی ئەدیامان خۆیان بە (دملی) دەناسێنن و بە زارەکەشیان دەڵێن (دملکی) یان (دملی).(Lezgîn: 2010)، زازاکانی دانیشتوانی شاری خەرپێت و دەوروبەری ئەوانیش خۆیان بە کرد دەناسێنن، بەڵام بەم دواییە ناوی (زازا)ش لە ناویان باو بووە و بە زارەکەشیان دەڵێن (زازاکی). ئەوەی مایەی سەرنجدانە لە نێو هەر سێ ناو (کرد، کرمانج، دملی) کە لای خۆیان باوە، کەچی ناوی زازا بووە بە ناوێکی زاڵ بۆیان. زازاکان بە ناوی زازا خۆشحاڵ نین، بەڵکوو هەندێکیان ناوەکە بە جۆرێک لە سووکایەتی دەزانن بۆ خۆیان، چونکە پێیان وایە ئەم ناوە لە دەرەوە هاتووە و بە سەریاندا سەپێندراوە. سەبارەت بەم ناوە کە لە کوێ پەیدا بووە و چۆن بووە بە باو؟ لە لێکۆڵینەوەکان جەخت لەوە دەکرێتەوە کە ئەم ناوە دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی سەدەکانی ناوەڕاست، کە ئەوسا ناوی عەشیرەتێکی کورد بووە؛ لە دەستنووسێکی عەرەبیدا ناوی کەسێک هاتووە و ناوی زازا وەک ناسناوی عەشیرەت بۆی بەکار هاتووە: : طالب ملا نبی من قبيلة زاز. دواتر لە ساڵی ١٦٥٥ لای ئەولیا چەلەبیش ناوی زازا وەک ناوی عەشیرەتێکی کورد هاتووە کە دەڵێ ئەمانە عەشیرەتی کوردن: زازا، لولو، زیباری، پیسانی، کارکاری. کەواتە ئەم ناوە ناوی عەشیرەتێکی کورد بووە و لای تورک بووە بە ناو بۆ هەموو ئەوانەی کە لە ناو کورد بە کرد و کرمانج و دملی ناسراون و بەو زارە کوردییەش قسە دەکەن، هەر لە ڕێی تورکە عوسمانییەکانیش ئەم ناوە برەوی پەیدا کردووە، دواتر لای ئەوروپییەکانیش هەر ئەو ناوە بڵاو بووەتەوە؛ ئەو ئەوروپییانەی وەک ڕۆژهەڵاتناس و کاربەدەستی دەوڵەت هاتوون بۆ دەوڵەتی عوسمانی، هەر بە زازا ئەم پێکهاتە کوردەیان ناساندووە و لە نووسراوەکانیان ناویان بردوون، تا لە کۆتاییدا هەر ئەم ناوە بووە بە ناوێکی زاڵ و باو، و بڵاو بووەتەوە(Malmîsanij, 2021: 668).

هەرچەندە ناوی زازا زۆر بڵاوە، بەڵام لەناوخۆیان زۆرینەیان بە ناوی کرد خۆیان دەناسێنن، پێیان وایە ئەم ناوە بۆ ئەوان گونجاوترە، چونکە ئەوان خۆیان بە کورد دەزانن بە ڕادەیەک ئەوان بە کوردی کورمانج دەڵێن کرداس، واتە وەک کورد وان یان بە کورد دەچن. لە ناوی کرداس مەبەستیان ئەوەیە کە کوردی تەواو ئێمەین، کورمانج هێشتا ماویانە وەک ئێمە ببن بە کورد (ڤەرۆژ، گوندوز، ٢٠٢١).

لە گروبا خەباتە یا ڤاتەیی، کە ڕێکخراوێکی کولتووری زازاییە کار بۆ بووژاندنەوە و نووسین و بڵاوکردنەوە بە زازاکی دەکات؛ لە سەرەتای دامەزراندنیان لەسەر ناوی کرمانج ڕێک کەوتن کە بکرێ بە ناوێکی ستاندارد بۆ خۆیان لە جیاتی زازا، بە زارەکەش

بگوترێ کرمانجکی(Malmîsanij, 2021: 668). بەڵام ئەم ناوە تا ئێستا لەناو خۆیان وەک پێویست نەچەسپاوە. نووسەری دیکەی زازا وەک ڕۆشان لەزگین هەر ناوی کرد و کردکی بە باشتر دەزانێت لە کرمانج و کرمانجکی، چونکە پێی وایە کرمانج ناوی بەشێکە لە زازای دەرسیم، ئەم ناوەش ناوی ئەتنیک و نەتەوە نییە، لە کوردەواری کرمانج ناوی چینێکی کۆمەڵگەیە کە چینی جووتیار و گوندنشینە و خەریکی کشتوکاڵە، بەڵام کرد ناوی میللەتە و ئاماژەیە بۆ ناوی نەتەوەی کورد(لەزگین، ٢٠٢١).

ئەم دیاردەیە لە ناوی گەل و زمانی نەتەوەکاندا لە زۆر وڵاتاندا هەیە، کە لە ناوەخۆ ناوێکی خۆماڵی هەیە، بەڵام لە دەرەوە هەر ئەو نەتەوەیە بە ناوێکی دی ناسراوە؛ وەک گەلی ئەرمەن کە بە خۆیان دەڵێن هایەرن و بە وڵاتەکەشیان دەڵێن هایەستان، بەڵام لای نەتەوەکانی دەوروبەریان و لە ئەوروپاش بە ئەرمەن ناسراون، و وڵاتەکەش بە ئەرمینیا یان ئەرمەنستان. ناوی زازش بە هەمان شێوە لە ناوەخۆ چەند ناوێکی هەیە، لە دەرەوەش زازایە، بەڵام ئێستا زازاکان، بۆ ناوەخۆش ئەم ناوەیان قبوڵ کردووە، و ئەوانیش لەگەڵ ناوی کرمانج و کرد و دملی، زازاش بە کار دێنن. هەر بۆیە لەم توێژینەوەیش ناوی زازا بە کارهاتووە، چونکە ئەم ناوە لای کورد قبوڵ کراوە و لە باشووری کوردستانیش هەر بەو ناوە ناسراون هەتا ناوەکانی دی.

لەبارەی ژمارەی دانیشتوانی زازا، هەتا ئێستا ئامارێکی ڕەسمی و جێگەی متمانە نییە پشتی پێ ببەستین، ئەوەی هەیە زیاتر خەمڵاندنە. چونکە دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ و پەیڕەوکردنی سیاسەتی پاکتاوکردنی نەژادی و زمانی لە دژی کورد و هەموو پێکهاتەکانی دیکەی غەیری تورک، ناوی کورد و کورمانج و زازا لە هەموو ئامارە ڕەسمییەکانی تورکیا قەدەغە بووە. زۆربەی لێکۆڵەر و نووسەران ژمارەی دانیشتوانی زازا لە باکووری کوردستان لە دەوروبەری ٣ ملیۆن مەزەندە دەکەن(Kaya: 2011:5).

هۆکارێکی دیکەی سەختیی دیارکردنی ژمارەی زازاکان و شوێنی جوگرافییان، تێکەڵبوونی زازا و کورمانجن بە عەشیرەت و مەزهەب و دین لەگەڵ یەک: لە هەندێک شوێن لە باکووری کوردستان دانیشتوانەکەی بە زازا دادەنرێن کەچی لەپاڵ ئەوە ژمارەیەکی بەرچاو کوردی کورمانج دەژین، یانیش لەو شوێنانەی کە بە زۆرینە کورمانجن، زازاش لەگەڵیان دەژین، لە ڕوویەکی دیکەوە هەندێک عەشیرەت هەیە بە دوو زاری جیاواز یان سێ زاری کوردی قسە دەکەن. بۆ نموونە عەشیرەتی حەیدەران لە هەرێمی دەرسیم بە زازاکی قسە دەکەن، لە وان بە کورمانجی، هەر هەمان عەشیرەت لە باشووری کوردستان بە کوردیی ناوەندی یان سۆرانی قسە دەکەن. عەشیرەتی لۆلان لە دەرسیم بە زازاکی، لە سیواس و وان و هەکاری بە کورمانجی. عەشیرەتی دەمەنان لە دەرسیم بە زازاکی، لە هەرێمی سیواس و وان و هەکاری بە کورمانجی. عەشیرەتی شادییان لە دەرسیم و چەولیگ و مووش و قەرەقۆچانا خارپێتی بە کورمانجی و لە قەزای مادەنێ بە زازاکی قسە دەکەن(ڤەرۆژ، ٢٠٢١: ١٧٩). بەم شێوەیە عەشیرەتە کوردەکان لە

نێوان ئاخێوەری زارەکان دابەش بوون، کە ئەمەش وای کردووە بە ئاسانی لە یەک جودا نەکرێنەوە و دەستنیشانکردنی دانیشتوانیان و شوێنی نیشتەجێبوونیان ئاسان نەبێت.
زازاکان بەگشتی کۆمەڵگەیەکی عەشایەرین، بە تایبەت دانیشتوانی گوند و شاخەکان پەیوەندیی عەشیرەتییان زۆر بەهێزە و پاراستویانە. زۆربەی دانیشتوانی زازا لە گوندەکان دەژین خەریکی کشتوکاڵ و مەڕدارین(Kaya: 2011:7).
زازاکان بە سەر دوو گروپی مەزهەبی یان دینی دابەش بوون: زازاکانی باکوور بەتایبەت ئەوانەی دەرسیم و ئەرزنجان عەلەوین، زازاکانی دی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی باکووری کوردستان، موسڵمانی سوننی شافعین. لەبارەی عەلەوییەوە کە هەندێک جار لەسەر مەزهەبێکی شیعەی ئیسلام حیساب دەکرێت، ئەم مەزهەبە یان ئەم دینە سەرەڕای نزیکی لە شیعەی ئیسلام، هەندێک ڕەگەزی کۆنی دینە کۆنەکانی پێش ئیسلامی لە خۆی گرتووە و لەگەڵ شیعەی ئیمامی و مەزهەبی ئیسلامی سوننە تەواوێک جیاوازن. زازا عەلەوییەکان لە ڕووی باوەڕ و دابونەریتی دینییەوە لەگەڵ دینی یارسان(ئەهلی هەق، کاکەیی) نزیکن، پێ دەچێ هاوڕیشە بن. ئەمڕۆ لە تورکیا ٢٠ ملیۆن عەلەوی هەیە، باوەڕمەندانی ئەم مەزهەبە یان ئەم دینە لە تورکیا لە نێو تورک و کوردی کورمانج و زازادا هەیە. نزیکەی نیوەی زازاکان (١ تا ١،٥ ملیۆن) عەلەوین، بەڵام کوردی کورمانج نزیک بە ٦ ملیۆن عەلەوی هەیە، تورکی تورکیا نزیک بە ١٣ ملیۆن عەلەوی هەیە.(Werner, 2012:1) بەم پێیە زۆرترین ژمارەی عەلەوی لە تورکیا، تورکەکانن، دوای ئەوەی کوردی کورمانج دێت ئەوجا کوردی زازا.

## زازا لە مێژوودا

بە دەگمەن لە سەرچاوەکان ئاماژە بە ناوی زازا یان ناوەکانی دیکەی وەک دملی، کرد، کرمانج، دراوە، بۆیە مێژووی زازاکان هێشتا ڕوون نییە، و پێویستی بە توێژینەوەی زۆر هەیە بۆ دەرخستنی ڕەگوڕیشەی مێژووییان.[1] ئەوەی لای کورد زیاتر جەختی لەسەر

[1] – بەم دواییە کتێبێک بە ناوی History of the Zaza People, from the origin to resent day واتە " مێژووی گەلی زازا، لە سەرەتای پەیدابوونیانەوە هەتا ئەمڕۆ". لە لایەن نووسەرێکی زازایی بە ناوێکی خوازراوی ئۆلیڤەر ئایمار ,Oliver Aymar لە ٢٠٢٠ بڵاو بووەتەوە. نووسەر هەر ئەم کتێبەی بە چەند بە زمانی دی وەک فەرەنسی، ئیسپانی، ئەڵمانی، تورکییش بڵاو کردووەتەوە. زۆر هەوڵم دا لەم توێژینەوەیەدا بۆ بەشی مێژووی زازا سوودی لێ وەرگرم، بەڵام کە خوێندمەوە بینیم هەرگیز گونجاو نییە ئاماژە بە کتێبێکی لەم جۆرە بکرێت و زانیاری لێ وەربگیرێ، چونکە کتێبەکە بۆ نووسینی مێژووی زازا هیچ بنچینەیەکی ئەکادیمی ڕەچاو نەکردووە، هەوڵی داوە مێژووی کۆنی هەموو گەلانی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیا و زاگرۆس و ئێرانی کۆن وەک گەلانی هیتی، هووری، لۆڤی، گوتی، لولوی، سومەری، ساسانی... ڕیشەیەکی زازاییان بۆ دروست بکات. بانگەشەی ئەوە دەکات کە مێژووی کۆنی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ زازاکان. چەند ناوێکی کۆنی نزیک بە ناوی زازا یان بوونی چەند وشەیەکی هاوبەش لە نێوان زازاکی و زمانانی کۆنی ئەم گەلانەی

دەکرێتەوە لە ڕووی ڕیشەی زار و زمانەوە؛ زازا و گۆران هاوڕیشەن، بۆیە لە دابەشکردنی زارە کوردییەکان زازاکی لەگەڵ گۆران – هەورامی پێکەوە دانراون. بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنج بووە، ئەم دوو زارە سەرەڕای هاوڕیشەییان کەچی زۆر لە دووری یەک هەڵکەوتوون، زازاکان لە باکووری کوردستان و گۆران و هەورامی لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەتا ئێستاش ڕوون نەبووەتەوە کە بۆچی و کەی زازاکان کەوتوونەتە باکووری کوردستانەوە؟ ئایا هەر لە شوێنی گۆرانەکانەوە بەرەو ئەوێ کۆچیان کردووە، یانیش لە شوێنێکی دیکەوە هاتوون و لەوێ نیشتەجێ بوون؟

لەماوەی سەد ساڵی رابردوودا ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان لە ڕێڕەوی توێژینەوەکانیان سەبارەت بە زار و زمانە ئێرانییەکان، لەبارەی بنەچەی گۆران و زازاکان گریمانەیەکیان داهێناوە، کە گوایە ڕەگوڕیشەی ئەم دوو زارە کوردییە دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی دەریای خەزەر(قەزوین)، کە لەو ناوچەیە کۆمەڵە زمانێک هەن وەک زمانی گیلەکی، مازندەرانی، ڕەشتی، تاتی، تالْشی، سێمنانی،.. پێیان وایە لە ڕووی زمانەوانییەوە ئەم دوو زارە کوردییە سەر بە گروپە زمانییەکانی ئەو ناوچەیەن. ئەم گریمانەیە لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە نووسینی ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان وەک تیۆرێکی زانستی برەویان پێ دراوە و بەشێک لە زازاکانیش هەمان بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسی لەبارەی ئەسڵی خۆیان دووبارە دەکەنەوە.

بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم باسە، بۆچوونی دوو کوردناسی ناودار ڤلادیمێر مینۆرسکی و دەیڤید مەکەنزی وەردەگرین کە بەشداریی گرنگیان هەبووە سەبارەت بە ئەسڵ و بنەچەی گۆران و زازاکان و زمانەکەیان.

مینۆرسکی لە توێژینەوەیەکی سەبارەت بە (گۆران) ئاماژە بەوە دەدات کە ئاخێوەرانی زاری گۆران –زازا، زێدی کۆن و پێشینانیان ناوچەی دەریای خەزەر (قەزوین)ە، و ڕیشەی هەردوو زاری کوردیی گۆران – زازاش دەگەڕێنێتەوە بۆ زمانەکانی ئەو ناوچەیە و پێی وایە ئەوان لەوێوە کۆچیان کردووە و هاتوون بۆ ئەم ناوچانەی ئێستایان. دوای کۆچکردنیان، گۆرانەکان لە ڕۆژئاوای ئێران لە هەورامان و کێوەکانی دالاهو نیشتەجێ بوون، زازاکانیش بەرەو باکووری کوردستان ڕۆیشتوون و لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ نیشتەجێ بوون (Minorsky, 1943). مینۆرسکی لەم باسەی بەوردی باس لە ڕیشەی ناوی گۆران و شێوە جیاوازەکانی دەکات وەک جەورەقان، جەباریقە، گەبران. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونەی، ئاماژە بە بوونی چەند ناوێک دەدات وەک بوونی ناوەکانی دەیلەم و

---

پێکەوە بەراورد کردووە و ئەو ئەنجامەی بە دەست هێناوە کە ئەم گەلانە هەموویان لە بنەچەوە زازا بوونە. بۆ نموونە پێی وایە ناوی ساسانی لە زازانی هاتووە کە دەیەوێ بڵێ ساسانییەکان لە ئەسڵدا زازا بوونە!. نووسەرەکەی ئەم کتێبەی بە ئامانجێکی سیاسی و پرۆژەی نەتەوەسازیی زازایی نووسیوە، هەوڵ دەدات مێژوویەکی ساختە بۆ زازا دروست بکات، کە هیچ بنەمایەکی مەنتیقی و زانستی تێدا نییە.

دەیلەمستان و گیلان و لاهیجان لە ناوچەی گۆرانەکان و ڕۆژئاوای ئێران وەک بەڵگە دەهێنێتەوە کە ئەوانە لە ناوچەی گیلانی سەر دەریای خەزەرەوە کۆچیان کردووە و ئەو ناوانەیان لەگەڵ خۆیان بۆ ڕۆژئاوای ئێران هێناوە، هەروەها پێی وایە ناوی دملی هەڵگەڕاوەی ناوی دەیلەمە، کە ئەویش ئاماژەیە بۆ ناوی ئەو گەلە کۆنە کە لە باشووری دەریای خەزەرەوە نیشتەجێ بوون. مینۆرسکی لەم باسە، هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نادات بە دەستەوە کە ئەوان کەی و لەبەرچی لە دەریای خەزەرەوە کۆچیان کردووە بۆ شوێنی ئێستایان.

هەر سەبارەت بە ڕیشەی گۆران و زازا، دەیڤید مەکەنزی لە وتارێکی لەبارەی (گۆران) لە ئینسکلۆپێدیای ئیسلامدا دەڵێت: "ئەو گریمانەی کە ئەسڵی گۆرانەکان دەباتەوە بۆ نزیک دەریای خەزەر (قەزوین) لە ڕووی زمانەوە پشتیوانی لێ دەکرێت. گۆرانە زازاکان (دملی) لە دەریای خەزەرەوە بۆ ڕۆژئاوا بۆ ناوچەی ئەرمەنستانی کۆن، کۆچیان کردووە، بەڵام گۆرانەکانی پێشوو بۆ باشوور بۆ ناوچەکانی باشووری چیاکانی زاگرۆس کۆچیان کردووە، دواتر کەوتوونەتە ژێر شەپۆلی کوردەکان کە لەو ناوچەیەدا بڵاو بوونەتەوە، زمانی گۆرانەکانیش کاریگەریی لەسەر کوردیی ناوەندی بە جێ هێشتووە" (Mackenzie, 1965:1139).

هەردوو بۆچوون سەبارەت بە بنەچەی گۆران و زازا زیاتر جەخت لەسەر هاوڕیشەیی و نزیکیی زمانەوانی دەکەنەوە، بەڵام لە ڕووی مێژووییەوە هێشتا ساغ نەبووەتەوە کە ئەم کۆچە لە مێژوودا ڕووی دابێت.

مونزور چەم پێی وایە ئەم بۆچوونەی مینۆرسکی بۆ گەڕاندنەوەی زازاکان بۆ ناوچەی دەریای خەزەر بۆچوونێکی لاوازە، چونکە لە بۆچوونەکەی لەبارەی ناوی زازاکان تەنیا تەئکیدی لەسەر ناوی دملی کردووەتەوە ناوەکانی دیکەی زازا وەک کرد و کرمانج ڕەچاو نەکراون کە ئەوان زیاتر بەو ناوانە ناسراون کەمتر بە دملی ناسراون(Çem:9). هەروەها نووسەری زازایی محەمەد مالمیسانژ پێی وایە ناوی دملی پێی ناچێت لە ناوی دەیلەمەوە هات بێت، چونکە ناوی دملی لە ناوی (دنبلی و دونبوڵی، دۆمبولی)یەوە پەیدا بووە کە ناوی عەشیرەتێک بووە لە سەرەتای سەدەی هەژدەمدا لە دەوروبەری ئامەد نیشتەجێ بوون. بۆیە ئەم ناوەی دوایی پێی ناچێت هەڵگەڕاوەی ناوی دەیلەم بێت (Malmîsanij, 2021: 668).

لە لایەکی دیکەوە بەپێی توێژینەوەیەکی جێنەتیکی لە سەر چەند گروپێکی ئاخێوەری کوردی زازاکی و کورمانجی ئەنجام دراون، لە بەراوردکردنی کرۆمۆسی ئەم دوو گروپە ئەنجامەکەی ئەوە بووە کە زازاکی لەگەڵ کورمانجی سەر بە یەک جیناتن، بۆیە ئەو تیۆرەی کە دەڵێت زازاکان لە ناوچەی کەنارەکانی دەریای خەزەرەوە هاتوون، هیچ پشتیوانییەکی جێنەتیکی نییە کە زازاکان بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە بگەڕێنەوە، لە ڕووی

دی ئێن ئەی و کرۆمۆسۆمەوە، نیشان دەدات کە هەموو پێکهاتەکانی کورد زیاتر لە ڕۆژئاوای ئاسیاوە نزیکن تا ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز.(Nasidze, 2005:401 -412). ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گریمانکارییەکەی ڕۆژهەڵاتناسی بۆ ڕیشەی زازا و گۆران کە گوایە بە ڕەچەڵەک دەگەڕێنەوە بۆ دەریای خەزەر، هەڵدەوەشێنێتەوە.

ئەوەی لە ڕووی مێژووییەوە گومانی تێدا نییە کە گۆرانەکان مێژووییەکی کۆنیان لە کوردستاندا هەیە، بە پێچەوانەی زازاکان، لە سەرچاوەکان بەردەوام ناویان هاتووە. یەکێک لە سەرچاوە هەرە کۆنەکان کتێبی جوگرافیناس و مێژووناسی یۆنانی سترابۆیە کە لە ٦٤ ی پێش میلاد لە دایک بووە و لە ٢١ ی میلادی مردووە. لە کتێبە جوگرافییە بەناوبانگەکەی کە بە ناوی (جوگرافیای سترابۆ) ناسراوە، ناوی گورانی Guranii هاتووە. سترابۆ، باسی خەڵکێکی زۆر توند و دڕندە و سەرکێش دەکات کە سەری خەڵک پەل دەدەن و لە ناوچەی تەراکییە نیشتەجێن، ئاماژە بە شوێنەکەیان دەدات و دەڵێت ئەوانە لای ئەرمینیاوە لە نزیک گورانەکان و مادەکان نیشتەجێن. (استرابو، ٢٠١٨: ٦٠) بێگومان ناوهێنانی گۆران لەو سەردەمە لەگەڵ ناوی ماد، بەڵگەی کۆنی ناوی گۆرانە لە کوردستان و بە تایبەت لەگەڵ ناوی مادەکان کە بە پێشینانی کۆنی کورد ناسراون.

بێجگە لە بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسی، لە ڕێڕەوی توێژینەوەکان بۆچوونێکی دی هەیە کە زازکان هەر لە ناوچەی گۆرانەکانەوە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ باکووری کوردستان کۆچیان کردبێت، کە ئەم بۆچونەش لە لێکۆڵینەوەکان برەوی پەیدا کردووە.

لە یەکێک لە سەرچاوە مێژووییەکان باسی ئەوە کراوە کە لە سەدەی سێیەمی هیجری کۆمەڵێک لە خەڵکی دانیشتوانی ناوچەی جبال، بۆ وڵاتی ڕۆم کۆچیان کردووە، چونکە لە ناوچەی جیبال بزاڤی بابەکی خورەمی سەر هەڵدەدات، کە بزاڤێکی دینی – سیاسی بوو. لە هەندێک لە سەرچاوە مێژووییەکان دەڵێن بابەک بە بنەچە کورد بووە. بێجگە لە کورد نەتەوەی دی پشتگیریی بزاڤی بابەکی خورەمی کردووە وەک فارس و ئازەری و تورک. هەرێمەکانی جیبال و ئازەربایجان دەبێت بە مەڵبەندی چالاکییەکانیان، بە خێراییش بڵاو دەبنەوە و گەشە دەکەن، بۆیە ئەم بزاڤە دەبێت بە جێگەی مەترسی بۆ سەر خەلافەتی عەباسی، خەلیفە مەئمون چەندین جار سوپا دەنێرێت بۆ ئەوەی لەناویان ببات، بەڵام سەرکەوتوو نابێت، تا ئەوە بوو دوا جار لە ٢١٨ هیجری خەلیفە موعتەسەم، بە سەرکردایەتی اسحاق بن ابراهیم سوپایەکی بەهێزیان بۆ دەنێرێ؛ اسحاق لە دەوروبەری هەمەدان لەگەڵیان دەکەوێتە شەڕەوە، نزیک بە شەست هەزار کەسیان لێ دەکوژێ و ئەوانەش کە ڕزگاریان بوو بۆ وڵاتی ڕۆم ڕایان کرد(توفیق، ٢٠١٨: ١١٠ - ١١٥).

ئەم ڕاستییە مێژووییە کە لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێ دراوە، بۆی هەیە ئەم کۆمەڵە خەڵکە کە لە ناوچەی الجبالەوە بۆ ناوچەی ئەنادۆلی ژێر دەسەڵاتی بیزەنتییەکان ڕایان کردووە، گۆرانەکانی ناوچەی الجبال بوون بۆ وڵاتی ڕۆم ڕایان کردووە و دواتر بوون بە زازاکانی ئەمڕۆ کە لە دەرسیم و ئەرزنجان و بینگۆل و خەرپێت نیشتەجێن. ئەم ڕاستییە مێژووییە، لە لایەنی زمان و ئایینەوە پشتگیری لێ دەکرێت، کە

بە زمان هەردوو لەهجەی گۆرانی و زازاکی سەر بە یەک ڕیشەی زمانین و لە ڕووی باوەڕەوەش، ئاخێوەرانی زازای عەلەوی و ئایینی یارسانی گۆرانەکان بە ڕیشە و باوەڕ و ڕێوڕەسمی دینی یەک ئایینن، ئەو جیاوازییەش کە هەیە ئەوە دیارە بە هۆی گۆڕانی شوێنی جوگرافی بووە کە لە شوێنی خۆیان دوورکەوتوونەوە گۆڕان بە سەر زمان و باوەڕیاندا هاتووە، بەڵام لە ڕیشەدا هەردوو لە یەک سەرچاوەوە هاتوون.

لەبارەی دەستنیشانکردنی ئەم ناوچە جوگرافییە کە پێی گوتراوە الجبال، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا ئاماژەی پێ دراوە زیاتر ئەو ناوچەیەی گرتووەتەوە کە ئەمڕۆ ناوچەی لوڕستان دەگرێتەوە یان لوڕی گەورە و لوڕی بچووک، واتە بەیەکەوە هەموو لوڕستان و ئوستانی کرماشانی ئێستا، هەندێک جار شارەزووریشی گرتووەتەوە. (توفیق، ٢٠١٨ :٢٤ - ٢٦) وەک دیارە ئەم هەرێمە لە مێژوودا دانیشتوانەکەی کورد بوون لە بەشی باکووری، بە زاری گۆرانی قسەیان کردووە، و بە ئایین یارسان یان ئەهلی هەقن. ئەم ڕووداوە بەڵگەیەکی گرنگە کە زازاکان لە ناوچەی گۆرانەکانەوە بۆ باکووری کوردستان کۆچیان کردووە و لە کوشتار ڕزگاریان بووە، هەر ئەوانیش دینی یارسان دەبەن بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، کە دواتر ناویان دەبێت بە قزلباش و عەلەوی. لە سەرەتا زازاکان هەموویان بە دین یارسان بوون، دواتر بەشێک لە زازکان دەبن بە موسڵمانی سوننی.

لەیەکچوونی ئەم دوو دینە: یارسان و عەلەوی لە لایەن کوردناسی هۆڵەندی مارتن فان برونێسن توێژینەوەی لەسەر کراوە و کۆمەڵێک تایبەتمەندی لەیەکچووی لە نێوان کوردەکانی دالاهوو کە گۆران و یارسانن و لەگەڵ کوردە زازا عەلەوییەکانی دەرسیم ڕوون کردووەتەوە، بە تایبەت لە ڕووی زمان و باوەڕ و پلەبەندیی ئایینییەوە( Bruinessen, 2017). هەڵبەت توێژینەوەی زیاتر لەسەر ئەم باسە، ڕووە تاریکەکانی مێژووی گۆران و زازا و پەیوەندییان لەگەڵ یەک، زیاتر ڕۆشن دەکاتەوە. لە توێژینەوەیەکی دی لە لایەن کرەینبروک و ئۆمەرخالی (Kreyenbroek and Omarkhali, 2021:545 -546) خاڵی هاوبەشی ئایینی یارسان و ئێزیدی و عەلەویی دەرسیم ڕوون کراوەتەوە کە ئەم سێ ئایینە پێکەوە یەک ڕیشەیان هەیە.[1]

---

[1] – هەر سێ ئایین (یارسان، عەلەوی، ئێزیدی) کە لە ناو کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی مێژووی هەبووە، لە زۆر ڕووەوە خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەتایبەت یارسان و عەلەوی لە زۆر ڕووەوە وەک یەکن تەنانەت ناوی ئایینەکە لای یارسان ئەهلی هەقە و لای عەلەوییەکانی دەرسیمش ڕاهی هەقە، ئەمە بێجگە لەوەی ئەم دوو ئایینە بە زمانیش یەک ڕیشەیان هەیە، بەڵام ئێزیدی بە زمان بە زاری کوردیی باکوور (کورمانجی) قسە دەکەن. ئەمانەی خوارەوە چەند خاڵێکی هاوبەشی نێوان هەر سێ ئایینن:

١– هەر سێ ئایین پێنج ڕوکنی ئیسلام جێبەجێ ناکەن کە شەهادە و ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان و زەکات و حەجە. ٢– لە هەر سێ ئایین دەسەڵاتی ڕۆحی بەشێوەی پشتاوپشت بۆ دوو گروپ یان دوو چینی کۆمەڵایەتی تەرخان کراوە لای ئێزیدی ناوی ئۆجاخە، لە عەلەوی: ئۆجاک، لە یارسان: خانەدان،

ئەگەر ئاوڕێک لە دابەشکردنەکەی شەرەفخانی بدلیسی بدەینەوە کە لە سەدەی شازدەم ناوی پێکهاتەکانی کوردی هێناوە، ناوی گۆران وەک چوارەم پێکهاتەی کورد لە دوای کورمانج و لوڕ و کەلهوڕ هاتووە(بدلیسی، ١٣٤٣ : ٢٣). بەڵام هیچ یەک لە ناوەکانی کرد و کرمانج و دملی و زازا نەهاتووە. ئەمەش جێگەی ڕامانە کە بۆچی ناوی زازا نەهاتووە؟ ڕەنگە ئەمە زیاتر لەبەر ئەوە بێت کە ئەوسا زازا لە باکووری کوردستان پێکهاتەیەکی سەرەکیی کورد نەبوون، یانیش بۆی هەیە ئەوانیش هەر بە کورمانج ناسراو بوونە. وەک لە سەرەوە ڕوون کرایەوە زازاکانی دەرسیم و ئەرزنجان و وارتۆ لە ویلایەتی مووش کە زازای عەلەوین خۆیان بە (کرمانج) دەناسێنن و زازاکانی بینگۆل و شارۆچکەکانی دەوروبەری دیاربەکر خۆیان بە (کرد) دەناسێن. وا دیارە ناوی کرمانج لەو سەردەمە ناوێکی گشتی و زاڵ بووە بۆ زازاکان، هەر بۆیە شەرەفخان هەموو دانیشتوانی کوردی لە باکوور هەر بە کورمانج ناو بردووە.

ئەوەی مایەی سەرنجە، لای شەرەفخانی بدلیسی ناوی کوردەکانی ناوەڕاستی کوردستانیش نەهاتووە کە بە کورد ناسراو بوون و ئەمڕۆش بە هەڵە بە (کوردی سۆرانی) ناودارن. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەمان هۆکار، کە لەو سەردەمەش کوردەکانی ناوەڕاستی کوردستان هەر بە کورمانج ناسراو بوون. لە چەند سەرچاوەیەک ئاماژە بە ناوی کورماج، کورمانج یان کرمانج دراوە کە ئەوسا کوردانی ئەو هەرێمانەی ناوەڕاستی کوردستان هەر بەشێک بوون لە کورمانج(تۆفیق، ٢٠٢١ :٢٥٦). لە فەرهەنگی(بدائع اللغة)

---

چینی دیکەی ڕۆحی لای ئێزیدی: شێخ، لای یارسان پیر یان دەلیل، و لای عەلەوی پیر یان ڕەهبەر هەیە. ٣- باوەڕبوون بەوەی کە خودا لە مرۆڤ حلول دەکات لای یارسان و عەلەوی هەیە و لای ئێزیدیش هەتا ڕادەیەک ئەو باوەڕە هەیە. ٤- شوێنی کۆبوونەوە بۆ بەجێگەیاندنی ڕێوڕەسمی دینی لای یارسان پێی دەگوترێ جەمخانە و لای عەلەویش هەر جەمخانەیە. ٥- لای باوەڕمەندانی هەر سێ ئایین چەند ئامرازێکی موسیقیی پیرۆز هەیە لە ڕێوڕەسمە دینییەکاندا دەیژەنن. لای عەلەوی: ساز، لای یارسان: تەنبوور، لای ئێزیدی: دەف و بلوێرە. عەلەوی و یارسان بازنەیەک پێک دێنن و مۆسیقا لێ دەدەن و سرووی دینی دەخوێننەوە. ٦- هەر سێ ئایین کۆمەڵێک دەقی پیرۆزی دینییان هەیە لای ئێزیدی بە شێوەی زارەکییە و پێی دەڵێن قەول یان بەیت، لای عەلەوی پێی دەڵێن نەفەس، لای یارسان کەلام. کە ئەم دەقانە لایان پیرۆزە وەک پیرۆزیی قورئان لای موسڵمانان. ٧- تاووسی مەلەک کە گەورەی مەلائیکەیە لای ئێزدییەکان، لە میتۆلۆژیای هەر سێ ئاییندا بە شێوەی جیاواز هەیە. ٨- هەر سێ گروپ بە شێوەی تەقلیدی قەدەغەیە بۆیان لە دەرەوەی کۆمەڵگەی خۆیان ژن بخوازن یان ژن بێنن. ٩- پیاوانیان سمێڵیان ناتاشن. ١٠- هەر سێ ئایین چەند ڕۆژێکیان هەیە تێیدا بە ڕۆژوو دەبن. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: (Kreyenbroek and Omarkhali, 2021:545 -546)

ئەم خاڵە هاوبەشانە ئەوە نیشان دەدەن کە ئەم سێ دینە یەک سەرچاوەیان هەیە، یەک مەڵبەندی سەرهەڵدان و بڵاوبوونەوەیان هەبووە کە ئەویش ناوچەی گۆرانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

که لە لایەن عەلی ئەکبەری وەقایع نگاری کوردستانی لە ساڵی ١٢٨٧ هیجری (١٨٧٠ م) نووسراوە، بە ڕوونی ئاماژە بە ناوی کورماج دەدات بۆ کوردەکانی ناوەڕاستی کوردستان، کە دەڵێت: کوردی ناوچەکانی کەرکووک و سلێمانی و ڕەواندز و کۆیە و هەریر و بانە و ساوجبلاغ و موکری بە کورماج ناسراون(کردستانی، ٢٠١٠ : ٢٣ -٣٠).

لێرەدا ڕوون دەبێتەوە کورمانج لە سەردەمی شەرەفخانی بدلیسی ناوی پێکهاتەیەکی گەورەی کورد بووە و ناوچەیەکی بەرفراوانی لە باکوور و ناوەڕاستی کوردستان گرتووەتەوە، کە ئەمڕۆ سێ پێکهاتەی کورد دەگرێتەوە بە ناوەکانی: کورمانج و کرد(زازا) و کورد (سۆرانی). شیاوی گوتنە، ئەو چوار پێکهاتەی کورد: کورمانج، لوڕ، کەڵهوڕ، گۆران کە شەرەفخانی بدلیسی ئاماژەی پێ داوە وەک ناوی پێکهاتەکانی کورد، ئەمانە ناوی زار نین، ناوی ئەو پێکهاتانەن کە لەو سەردەمە بە کورد ناسراو بوون، کە بێگومان بە زمانیش لە یەک جیاواز بوون.

لە سەدەکانی ناوەڕاست لە چەند سەرچاوەیەک ناوی زازا هاتووە وەک زارێکی زمانی کوردی، بۆ نموونە گەڕیدەی تورک ئەولیا چەلەبی کە لە سەدەی حەڤدەیەمی میلادیدا بۆ ماوەی چل ساڵ لە سەفەرێکدا بوو بۆ هەرێمەکانی دەوڵەتی عوسمانی و وڵاتانی دەوروبەری. لە سەفەرەکانی بە کوردستاندا لە هەندێک شوێن دێتە سەر باسی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی، پازدە زاری کوردی ناو دەبات کە ئەمانەن:

(زازا، لولو، هەکاری، عونیکی، مەحموودی و شێروانی، جەزیرەوی، پسانی، سنجاری، حەریری، ئەردەلانی، سۆرانی، خالتی، چەکوانی، عەمادی(ئامێدی)، ڕۆژەکی). (چەلەبی، ١٩٧٩: ٩١) ئەم ناوانە زیاتر ناوی عەشیرەت و هۆزن نەک ناوی زار و شێوەزار، بەڵام وەک دیارە لەو سەردەمە هەر عەشیرەتێکی کورد شێوەزارێکی هەبووە، بۆیە چەلەبییش ناوی ئەم عەشیرەتانەی بردووە بە ناوی زارە کوردییەکان. ناوی زازاش وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێ درا لەو سەردەمە هەر ناوی عەشیرەتێک بووە. ئەوەی گرنگە لێرە سەرنجی بدەین، لای چەلەبییش لەو سەردەمەدا، زازا بە عەشیرەتێک و زارێکی کوردی دانراوە.

لەم کورتە مێژووییە ڕوون دەبێتەوە، زازاکان بە درێژایی مێژووی کۆن و ناوەڕاست پێکهاتەیەکی کورد بوون و هیچ کاتێک ئەوان لە کورد جودا نەبوون و لە هیچ سەردەمێکیش لە مێژوودا لە لایەن نەتەوەکانی دەوروبەر، زازا لە کورد جودا نەبووە و بە عەشیرەتێکی کورد دانراون. ئەو گریمانەیەش کە بنەچەی زازا دەباتەوە بۆ دەریای خەزەر هیچ پاڵپشتێکی زانستی پتەوی نییە و هیچ بەڵگەیەکی مێژوویش نییە بیسەلمێنێ کە زازاکان لە دەریای خەزەرەوە کۆچیان کردبێت بۆ کوردستان، بەڵام بەڵگەی مێژوویی و ئایینی و زمانی هەیە کە ئەوان لە کوردستانەوە لە ناوچەی گۆرانەکانەوە بۆ شوێنی ئێستایان کۆچیان کردووە. لە سەردەمی نوێش لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ناسنامەی کوردبوونی زازاکان زیاتر ڕوون دەبێتەوە لە ڕێی بەشدارییان لە ڕاپەرینە ڕزگاریخوازەکانی باکووری کوردستان.

## زازا لە مێژووی هاوچەرخدا

لە مێژووی هاوچەرخدا زازاکان لە باکووری کوردستان ڕۆڵێکی گەورەیان لە بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی کورددا گێڕاوە. ئەگەر ئاورێکی خێرا لەو شۆڕش و ڕاپەرینانە بدەینەوە کە لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم لەم بەشەی کوردستان بەرپا بوون، زازاکان بە هەردوو گروپی مەزهەبی سوننی و عەلەوی لەم مەیدانە پشکی شێریان بەر دەکەوێ. لە زۆربەی ڕاپەرینەکان بۆ مافی نەتەوەیی و سەربەخۆیی کوردستان زازاکان پێشەنگ بوون و هەر لەم ڕێیەشدا قوربانی زۆریان داوە، ئەمە وێڕای ئەوەی لەسەر کوردبوونیان دوچاری ئاوارەیی و کۆمەڵکوژی بوونەتەوە. لەم بەشە هەوڵ دەدەین بە کورتی لەسەر ئەم ڕاپەرینانە بوەستین و باسی ڕۆڵی زازاکان بە هەر دوو مەزهەبی سوننە و عەلەوی بکەین.

دوای ئەوەی ئیتیحادییەکان لە ساڵی ١٩٠٨ حوکمڕانی دەوڵەتی عوسمانیان گرتە دەست، بۆ ماوەی چەند ساڵێک ژینگەیەکی هەتا ڕادەیەک ئازاد لە نێو دەوڵەتی عوسمانیدا هاتە کایەوە کە ئازادیی بڵاوکردنەوە و دامەزراندنی ڕێکخراوی سیاسی ڕێگەپێدراو بوو، دوای ئەوە هۆشیاریی نەتەوەیی بە نێو نەتەوەکانی دەوڵەتی عوسمانیدا بڵاو بووەوە. ئیتیحادییەکان ترسی ئەوەیان هەبوو ئەم هۆشیارییە نەتەوەییە سەردەکێشێ و دەبێت بە هۆی زیاتر پارچەبوونی دەوڵەتی عوسمانی، بۆیە دەستیان کرد بە داخستنی ڕیکخراوەکان و قەدەغەکردنی بڵاوکراوەکان و سیاسەتێکی ڕەگەزپەرستی و تۆرانییان دژ بە نەتەوەکانی نێو دەوڵەتی عوسمانی گرتە بەر. دوای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەتی عوسمانی و دامەزرانی کۆماری تورکیای نوێ لە ساڵی ١٩٢٣ و هاتنە سەرکاری کەمال ئەتاتورک بۆ حوکمڕانی تورکیا، سیاسەتی ڕەگەزپەرستی و سەرکووتکاری لە دژی هەموو نەتەوەکانی نێو تورکیا بە تایبەت نەتەوەی کورد بە توندی پیادە دەکرا، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سیاسەتی بە عەلمانیکردن و هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و شەریعەتی ئیسلام و بنکۆڵکردنی ناسنامەی دینی، کۆمەڵگەی موسڵمانانی تورە کردبوو، کە کوردیش گەلێکی موسڵمانی دەوڵەتی عوسمانی بوو. ئەم سیاسەتە سەرکووتکارییە لە تورکیای نوێ لە باکووری کوردستان بە زنجیرەیەک شۆڕش و ڕاپەرین وەڵام درایەوە. وەک ڕاپەڕینی قۆچگیری ١٩٢٠- ١٩٢١، ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥، ڕاپەرینی ئارارات ١٩٢٧ – ١٩٣٠، ڕاپەرینی دەرسیم ١٩٣٧. لەم ڕاپەینانە تەنیا ڕاپەڕینی ئاراراتی لێ دەرچێت کە بەگشتی کوردی کورمانج بوون، بەڵام ئەوانی دی بە شێوەیەکی گشتی لە لایەن زازاکانەوە بەرپا کراون، یان زازاکان تێیدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە.

## ڕاپەڕینی قۆچگیری ١٩٢٠ - ١٩٢١

ڕووخانی دەوڵەتی عوسمانی لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی و ئیمزاکردنی پەیمانی سیڤەر لە ١٩٢٠ کە لە چەند بەندێکی بەڵێنی کوردستانێکی سەربەخۆ درابوو. لە هەمان

کاتدا دەرچوونی بەندەکانی سەرۆکی ئەمەریکی ودرۆ ویلسۆن لە ١٩١٨ کە ١٤ خاڵ بوو تێیدا بانگەشەی سیستەمێکی نوێی جیهانی کردبوو کە میللەتان بۆیان هەیە مافی چارەنووسی خۆیان هەبێت. لەم سەروبەندە کە ئەم ڕووداوە گرنگانە لە جیهان و دەوڵەتی عوسمانی هاتە کایەوە، لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ – ١٩٢١ کوردە عەلەوییەکانی زازا و کورمانج لە هەرێمی دەرسیم ڕاپەرینێک بەرپا دەکەن کە بە ڕاپەرینی قۆچگیری ناسراوە (Massicard, 2009: 1).

ئەمڕۆ دەرسیم زیاتر شاری تونجەلی دەگرێتەوە، بەڵام پێش دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ، هەرێمی دەرسیم ناوچەیەکی بەرفراوانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆل دەگرتەوە کە ئەمانە بوون: ڕۆژهەڵاتی سیواس، باکووری مەلاتیا، ئەلعەزیز، باشووری ئەرزنجان و دەرسیم(تونجەلی) ی ئێستا. ئەم هەرێمە ناوچەیەکی شاخاوی سەختە و دانیشتوانەکەی بە گشتی لە کوردە زازا و کورمانجە عەلەوییەکانن. ئەم ناوچەیە لەبەر ئەوەی بە مەزهەب عەلەوین بە درێژایی حوکمڕانی دەسەڵاتی عوسمانییەکان، کە بە مەزهەب سوننی حەنەفین، لەگەڵ عەلەوییەکان لە کێشە و ململانێدا بوون. بە تایبەت لە ماوەی شەڕی عوسمانی سەفەوی لە سەدەی شازدەمدا، سەفەوییەکان هەوڵیان داوە ئەم هەرێمە داگیر بکەن و یارمەتی لە کورد و تورکمانە عەلەوییەکان بە دەست بێنن کە ئەوسا بە قزلباش ناسراو بوون و بە مەزهەب لە شیعە نزیکن. هەر بۆیە عەلەوییەکانی ئەم هەرێمە بەهۆی جیاوازیی مەزهەبییان لەگەڵ عوسمانییەکان، دوچاری ڕاگوێزان و کوشتاری بە کۆمەڵ هاتوون و عوسمانییەکانیش، عەلەوییەکانیان بە هەڕەشە داناوە بۆ خۆیان. لە سەردەمی نوێش دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ ئەم هەرێمە جارێکی دی مەڵبەندێکی سەرهەڵدانی ڕاپەرین و بزاڤی نەتەوەیی کوردی بووە دژ بە دەسەڵاتی نوێی ئیتیحاییەکان و ئەتاتورک. بۆیە هەرێمی دەرسیم، لای عوسمانییەکان و لای دەسەڵاتدارانی کۆماری تورکیای نوێش وەک هەرێمێکی دوژمن سەیر کراوە و جێگەی هەڕەشە بووە بۆ تورکیا (Erol: 1-3).

سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم ڕاپەرینە دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی نەتەوەیی لە نێو ڕۆشنبیرانی کورد لە ئەستەنبوڵ. کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان لە ساڵی ١٩١٨ لە ئەستەنبوڵ دامەزرا، نووری دەرسیمی و حەیدەر بەگ دوو ئەندامی ئەم کۆمەڵەیە بوون. لە حوزەیرانی ١٩١٩ گەیشتنە دەرسیم، کتێبی کوردی و ڕۆژنامەی ژین کە لە ئەستەنبوڵ دەردەچوو لەگەڵ خۆیان بردبووە دەرسیم. حەیدەر لقێکی کۆمەڵەی ناوبراوی لە عومرانیە دامەزراند. عەلی شێر کەسایەتییەکی سەرەکیی هۆزەکانی قۆچگیری بوو، باوکی ئالیشان و حەیدەر بەگ بوو، ئەویش ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیە بوو، ڕۆڵێکی گەورەی هەبوو لە ڕاپەرینەکانی دەرسیم و قۆچگیری. ئالیشان برای حەیدەر بەگ لە سەرەتای ساڵی ١٩٢٠ لە ناوچەی کانگال/ سیواس کۆ دەبنەوە پێکەوە لەگەڵ هۆزەکانی ئەو هەرێمە ڕێک دەکەون دەست بە ڕاپەرین بکەن بۆ ئەوەی بەپێی پەیمانی سیڤەر کوردستانێکی

سەربەخۆ لە ناوچەکانی دیاربەکر و وان و بدلیس و ئەلعەزیز و دەرسیم دامەزرێنن. (کیبسێر، ٢٠٠٦: ٢٥ -٢٧)

قۆچگیری کۆنفیدراسیۆنێکی هۆزەکانی عەلەوییە لە دەوروبەری سیواس و ڕۆژئاوای دەرسیم نیشتەجێن کە زۆربەیان بە زازاکی قسە دەکەن و هەندێکیش بە کورمانجی. (Bruinessen, 1997: 2) چەند هەزار کەسێک لە ئەندامانی قۆچگیری، لەم ڕاپەرینە بەشدار بوون، هەربۆیە، ڕاپەرینەکەش هەر بە ناوی قۆچگیری دەناسرێت.

کۆمەڵەی تەعالیی کوردستان کە کۆمەڵەیەکی نەتەوەیی بوو، لە هەوڵی ئەوەدا بوو بەندەکانی پەیمانی سیڤەر ٦٢، ٦٣، ٦٤، جێبەجێ بکرێ، کە تێیدا بەڵێنی دەوڵەتێکی کوردی دراوە. ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە چەند لقێکیان لە ئەنادۆڵ دامەزراند، بە هاوکاریی ئەندامە چالاکەکانی ئەم کۆمەڵەیە دوای کەمتر لە سێ مانگ پاش ئیمزاکردنی پەیمانی سیڤەر، ڕاپەرینی قۆچگیری بەرپا دەکەن(Olson, 1989: 28).

نووری دەرسیمی[1] لە بیرەوەرییەکانی خۆی باسی دەستپێکی ڕاپەرینەکە دەکات: لە مانگی شوباتی ١٩٢٠ چەند هۆزێکی جیاوازیی عەلەوی لە نزیک کانگال لە تەکیەیەکی عەلەوی (جەمخانە) کۆ دەبنەوە، لەوێوە بڕیار دەدرێ کە چەک هەڵگرن و ڕاپەرین هەڵگیرسێنن بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ کە ناوچەکانی دیاربەکر و وان و بدلیس و ئەلعەزیز و دەرسیمی قۆچگیری دەگرێتەوە. دوای ئەوە لە هاوینی هەمان ساڵ ڕاپەرین دەستی پێ کرد و شۆڕشگێڕان هەڵیان کوتایە سەر مەڵبەندی پۆلیس و جەندرمە و سوپا، چەک و تەقەمەنییەکانیان دەست بەسەردا گرت.(Massicard, 2009:3، دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٤٨)[2]

لە ١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٢٠ لە دوای کۆبوونەوەی سەرکردەکانی ئەم ڕاپەرینە و هەندێک عەشیرەتی ڕۆژئاوای دەرسیم، یەکەم یادداشتی داواکاریی ڕاپەرینەکە

---

1 - نووری دەرسیمی( ١٨٩٣ – ١٩٧٣) لە دەرسیم لە دایک بووە بە بەیتار نووریش ناسراو بووە، چونکە لە ئەستەنبوڵ بەیتاری خوێندووە. کوردێکی کورمانجی عەلەوی بووە، لە ساڵی ١٩١١ دەچێت بۆ ئەستەنبوڵ و لەوێ دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵەی هێڤی کە کۆمەڵەیەکی قوتابییان بووە. دواتر دەبێت بە ئەندامی کۆمەڵەی تەعالی کوردستان و دەگەڕێتەوە بۆ قۆچگیری و لەگەڵ هۆزەکانی ئەوێ ڕاپەرین بەرپا دەکات. دوای سەرکوتکردنی ڕاپەرینی قۆچگیری لە تورکیا لە ژێر چاودێری دەبێت، تا لە ساڵی ١٩٣٧ تورکیا بە جێ دەهێڵێت و ڕوو لە سووریا دەکات و هەر لەوێش دەمێنێتەوە. لە ساڵی ١٩٧٣ لە حەلەب کۆچی دوایی دەکات. لە ماوەی ژیانی بیرەوەرییەکانی خۆی بە کوردی نووسیوەتەوە و هەر بەخۆیشی کردوویەتی بە تورکی و لە ساڵی ١٩٥٢ لە حەلەب بە چاپی گەیاندووە. بیرەوەرییەکانی سەرچاوەیەکی گرنگە سەبارەت بە ڕاپەرینی قۆچگیری کە خۆی بەشداریی تێدا کردووە، لەگەڵ ڕاپەرینەکانی دیکەی باکووری کوردستان. بڕوانە: (دەرسیمی، ٢٠٠١: ١١)

2 - لە تەرجەمەی کوردی بیرەوەرییەکانی نووری دەرسیمی بە ناوی (دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا)، ساڵە کۆچییەکان کە کراوە بە میلادی، هەڵەی تێدا کراوە، بۆ نموونە ساڵی ١٣٣٦ کۆچی کراوە بە ساڵی ١٩١٧ کە ئەمە هەڵەیە لەگەڵ ڕووداوەکانی پەیمانی سیڤەر یەک ناگرێتەوە کە لە ساڵی ١٩٢٠بووە.

دەنێردرێت بۆ حکومەتی نوێی ئەنقەرە و داوا دەکەن: ١- حکومەت ڕوونکردنەوە بدات سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی ناوچە کوردییەکان کە بەڵین دراوە، ئاخۆ ئەو ئۆتۆنۆمییە قبوڵ دەکات یان نا. ٢- کارمەندانی تورک لە هەموو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی کوردە، پێویستە بکێشنەوە. ٣- ئەو سوپایەی تورک کە هاتووە بۆ ناوچەی قۆچگیری پێویستە بکشێتەوە. ٤- هەموو کوردە زیندانییەکان لە زیندانەکانی ئەلعەزیز و مەلاتیا و سیواس و ئەرزنجان ئازاد بکرێن (Olson, 1989: 30).

لە وەڵامدا ئەنقەرە نوێنەرێک دەنێریت و بەڵێنیان پێ دەدات کە حکومەت داواکارییەکانی ئەم ڕاپەرینە ڕەچاو دەکات، بۆ ئەمەش حکومەت مەبەستی ئەوەبوو بە شێوەی کاتی ڕازیان بکات، بۆ ئەوەی جارێ هاوکار بن هێزە داگیرکەرە بێگانەکان لە تورکیا وەدەر بنێن و وڵات لە چنگیان ڕزگار بکەن. دوای ئەوە، حکومەت بە پێچەوانەوە سوپای نوێ بۆ هەرێمەکە دەنێرێت، و لەگەڵ ڕاپەریوان پێکدادان ڕوو دەدات( Massicard, 2009: 4). شەڕ لە نێوان سوپای تورک و شۆڕشگێران پەرە دەستێنێت. لە مارتی ١٩٢١ پێکدادانێکی گەورە لە شاری عەمرانیە ڕوو دەدات، شۆڕشگێران سەرکردەیەکی عەسکەری تورک دەکوژن و لە ناوەڕاستی شارەکەش ئاڵای کوردستان هەڵدەکەن (Olson, 1989: 32). لە نیوەی مانگی مارتی ١٩٢١ حکومەت، حوکمی عورفی لە ناوچەکە ڕادەگەیەنێت، سوپا دەنێرێت بۆ سەرکووتکردنی ڕاپەرینەکە. نووری دەرسیمی لە بیرەوەرییەکانی ئاماژە بەو هێزە دەدات کە حکومەت هێنابووی بۆ سەرکووتکردنی ڕاپەرینەکە: حکومەت ٦ هەزار سوار و ٢٥ هەزار سوپای پیادە دەنێرێت لەگەڵ چەند هێزێکی جەندرمە و میلیشیایی. ژمارەی شەڕکەری ڕاپەریوانیش بە ٦١٨٥ کەس دادەنێت، لەوانە ٢ هەزار کەس سەر بە هۆزەکانی قۆچگیری بوون، ٢ هەزار کەسیش لە دەرسیم، ٢ هەزاری دیکەش لە هۆزەکانی دیدا بوون (Massicard, 2009: 5).

سوپای حکومەت بە توندی ڕاپەرینەکە سەرکووت دەکات و ئەوانەی لەم ڕاپەرینەش بەشدار بوون بە توندی سزا دەدات. لەم شەڕ و پێکدادانە، ١٣٢ گوند سوتێنران و وێران کران، بە سەدان خەڵک کوژران، دانیشتوانی ئەو گوندانەی لە ڕاپەرینەکە بەشدار بوون بۆ ئەنادۆڵ دوور خرانەوە. ٤٠٠ کەس دەستگیر کران، لە لایەن دادگای عەسکەریی سیواس دادگایی دەکرێن و ٩٥ کەس حوکمی ئیعدامیان بە سەردا سەپێندرا، ئەوانی دی بۆ ماوەی ٥ هەتا ١٥ ساڵ زیندانی کران، تەنیا ١١٠ کەس لەم ٤٠٠ کەسە بێگوناح دەرچوون، بۆ ئەوانەش حوکمی دوورخستنەوەیان بە سەردا سەپێنرا. لە ساڵی ١٩٢٢ ئەو دادگایە هەڵدەوەشێتەوە و زۆرێک لەوانەی لە ڕاپەرین بەشدار بوون بەخشینیان بۆ دەردەچێت. عەلی شێر و نووری دەرسیمی، لە دەرسیم خۆیان حەشار دابوو، نەکەوتنە بەر دەست دادگا، بەخشینەکە ئەوانی نەگرتەوە. هەندێکیش لەژێر چاودێریدا بوون و دەبوایە بەزۆر لە ماڵ بمێننەوە، لەوانە ئالیشان و حەیدەر بەگ قەدەغە کران لە گەڕانەوە بۆ ناوچەی قۆچگیری. جارێکی دی بەخشینیان بۆ دەرچووەوە، تا لە ساڵی ١٩٣١ ڕێگەیان پێ درا بگەڕێنەوە ناوچەکەی خۆیان(Ibid., 2009: 8).

ئەم ڕاپەرینە لای زۆربەی توێژەران ئامانجی ڕوون بووە کە سەربەخۆیی بەشێکی باکووری کوردستان بووە بە گوێرەی ئەو بەندانەی کە لە پەیمانی سیڤەردا هاتووە، یانیش پێکهێنانی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی لەم ناوچەیە کە حکومەتی مەرکەزی دەسەڵاتی بەسەریاندا کەم بێت. ئەوەی ڕوونە لەم ڕاپەرینە لە لایەن کوردە عەلەوییەکان بەرپا بووە لە هەمان کاتدا یەکدەنگی و هاوکاری لە نێوان کوردی کورمانجی عەلەوی و زازای عەلەوی هەبووە کە پێکەوە بۆ ڕزگاری ئەم بەشەی کوردستان هاوخەبات بوون.
ڕەهەندێکی دیکەی ئەم ڕاپەرینە لایەنی دینی بوو کە ڕاپەرینێکی عەلەوی بوو، ئەم سیمایە بە سەر ڕاپەرینەکەدا زاڵ بووە. ئەو هۆزانەی لەم ڕاپەرینە بەشدار بوون زیاتر هۆزە کوردە عەلەوییەکان بوون بەڵام وەک نووری دەرسیمی لە بیرەوەرییەکانی باسی دەکات زۆر دێهاتی چەکداری عەلەویشیان لەگەڵ بووە کە بە تورکی قسەیان دەکرد(دەرسیمی، ٢٠٠١: ١٤٨)، هەر بۆیە ئەم ڕاپەرینە لە ناوچەی کورمانج و زازا سوننییەکان بڵاو نەبووەتەوە. هەر وەک لە ڕاپەرینەکانی دواتر ئەم دیاردەیە زیاتر خۆی دەردەخات بە تایبەت لە ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران ئەمجارە زازا و کورمانجی سوننی ڕادەپەرن و زازا و کورمانجە عەلەوییەکان بەشداری تێدا ناکەن.

## ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران ١٩٢٥

ڕاپەرینی شێخ سەعیدی پیران گەورەترین ڕاپەرینێک بوو کە دوای دامەزرانی کۆماری تورکیای نوێ، لە باکووری کوردستان بەرپا بوو. ئەم ڕاپەرینە لە ماوەیەکی کورت بە خێرایی تەشەنە دەکات و چەندین شاری باکووری کوردستان ڕزگار دەکات. ڕاپەرینەکە ئەوەندە کاریگەر و بەربڵاو بوو تەختی کۆماری تورکیای نوێی هێنایە لەرزە، هەر بۆیە سوپای ئەتاتورک هەوڵ دەدات هەموو ئامرازێک بە کار بێنێت بۆ دامرکاندنەوەی.
ڕابەری ڕاپەرینەکە شێخ سەعیدی پیران (١٨٦٤ -١٩٢٥) کوردێکی زازای سوننی و کەسایەتییەکی دینی و شێخێکی سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی بوو. لە دوای مردنی باوکی، دەبێت بە گەورەی بنەماڵەکە و سەرۆکی تەکیەی تەریقەتی نەقشبەندی. لە نێو ئاخێوەرانی زازا و کورمانج موریدی تەریقەتەکەی هەبوو، بۆیە بەهۆی ئەو پێگە ئایینییە لە ناو کوردی موسڵمانی سوننی هەیبوو، ڕابەرایەتییەکی کاریزمی ڕاپەرینەکە دەکات (Olson, 1989: 100). هەر لەبەر ئەم پێگە ئایینییەش کە لە نێو خەڵکی موسڵمانی دیندار، لایەنگر و هەواداری زۆر بوو، بۆیە کۆمەڵەی ئازادی، کە ڕێکخراوێکی نهێنی نەتەوەیی بوو لە ساڵی ١٩٢١ دامەزرابوو و لەپشت ڕێکخستنی شۆڕشەکەشدا بوو، سەرکردایەتی ئەم ڕاپەرینەیان بە شێخ سەعید سپارد، چونکە ئەوەی بە شێخ سەعید دەکرا لە کۆکردنەوەی خەڵک بۆ ڕاپەرینەکە بە ئەندامانی کۆمەڵەی ئازادی نەدەکرا. لە هەمان کاتدا شێخ سەعید سەرەڕای کەسایەتیی ڕۆحی و ئایینی کە پێی ناسرابوو، بەپێی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە کە قۆناغی سەرهەڵدانی نەتەوایەتی بوو لە ناو کورددا،

هەستی نەتەوایەتیشی لە لا چەکەرەی کردبوو(Olson, 1989: 101 -102). هەر بۆیە لە ڕاپەڕینەکەی داخوازیی ئایینی و نەتەوەیی هەبوو.
لە پێش ڕاپەڕینەکە شێخ سەعید سەردانی زۆر ناوچەی باکووری کوردستان دەکات بۆ خۆئامادەکردن و کۆکردنەوەی عەشیرەتە کوردەکان لە دەوری ڕاپەڕینی چاوەڕوانکراودا. عەشیرەتە کوردە زازا سوننییەکان پشتگیریی خۆیان بۆ هەڵگیرسانی ڕاپەڕینەکە نیشان دەدەن و دەبن بە بڕبڕەی سەرەکیی ڕاپەڕینەکە و ڕۆڵی سەرەکییش دەگێڕن لە بەرپاکردن و قوربانیدان بۆی، بەڵام زازا و کورمانجی عەلەوی دژی ڕاپەڕینەکە بوون. بۆ ئەوان تورکیایەکی عەلمانی باشتر بوو لە کوردستانێکی سەربەخۆ کە موسڵمانی سوننی حوکمی بکات بە تەریقەتی نەقشبەندی(Olson, 1989: 94). شێخ سەعید زۆر هەوڵ دەدات ئەوانیش ڕازی بکات بۆ بەشداریی لە ڕاپەڕینەکە بەڵام ئەوان ڕەتی دەکەنەوە بەتایبەت هەردوو عەشیرەتی لۆلان و خورماک، ئەم دوو عەشیرەتە، گەورەترین و ناسراوترین دوو عەشیرەتی عەلەوین کە لە ناوچەی نێوان ڕۆژهەڵاتی دەرسیم تا باکووری مووش و وارتۆ و قارس نیشتەجێن. خورماک کورمانجی عەلەوین و لۆلان زازای عەلەوین (Bruinessen,1997: 2). شێخ سەعید لە ٤ کانوونی دووەمی ١٩٢٥ بۆ ئەم دوو عەشیرەتە نامە دەنێرێت و بۆیان ڕوون دەکاتەوە کە سوننە و عەلەوی دەبێ یەک بگرن چونکە ئەنقەرە دەیەوێ هەموو دینێک لە ناو ببات، بەڵام ئەوان داواکەی ڕەت دەکەنەوە و لەجیاتی هاوکاریی ڕاپەڕین، لەگەڵ سوپای تورک دژ بە ڕاپەڕین دەجەنگن، بۆیە ڕەتکردنەوەی عەشیرەتە عەلەوییەکان بۆ بەشداریی لە ڕاپەڕین ناوچەی بڵاوبوونەوەی ڕاپەڕینەکە سنووردار دەکات.(Olson, 1989: 94). عەشیرەتە عەلەوییەکان بە زازا و کورمانج لە ڕاپەڕینەکە بەشدار نابن، کە ئەمە هۆکارێکی گرنگ بوو بۆ سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینەکە، بەتایبەت عەشیرەتە عەلەوییەکانی ناوچەی دەرسیم کە ئەزموونی ڕاپەڕینیان هەبوو لە ڕاپەڕینی قۆچگیری لە دژی سوپای کەمالیستەکان لە نێوان ١٩٢٠ – ١٩٢١، کە ڕاپەڕینەکە بە ئامانجی نەتەوەییش بوو (Olson, 1989: 97 -98).
لە عەشیرەتە کوردە کورمانجەکانیش هەردوو عەشیرەتی جیبران و حەسەنان بەشدار دەبن. خالید بەگ جیبران یەکەم سەرۆکی کۆمەڵەی ئازادی بوو. بەڵام لەم دوو عەشیرەتەش بە تەواوەتی هەموو پشتگیریی ڕاپەڕین نەبوون هەندێکیان پشتی تێ دەکەن و هەندێکشیان تەنیا پشتگیریی ڕەمزی دەکەن بە چەکدار بەشدار نابن. هەندێک عەشیرەتی دیکەی کورمانج لە شەرناخ و مدیات و جەزیرە و سیرت و ماردین لە ڕاپەڕینەکە بێلایەن دەمێننەوە. دانیشتوانی دەشتەکانی دیاربەکر کە جووتیار بوون بەشدار نابن، خەڵکی ناو شاری دیاربەکریش کە زۆرینەیان کورد بوون بەشدار نەبوون (Olson,1989: 96-98). بۆیە بەشداربووانی ڕاپەڕینەکە بەگشتی لە خەڵکی عەشیرەتەکان بوو، بەشی هەرە زۆریشی لە عەشیرەتە زازا سوننییەکان بوون.

لە ٨ ی فێبریوەری ١٩٢٥ لە نێوان هێزەکانی شێخ و جەندرمەکان لە پیران پێکدادان دەست پێ دەکات و ڕاپەڕین هەڵدەگیرسێت. ڕاپەڕین ئامانجی سەربەخۆیی کوردستان بوو.

ڕاپەڕینەکە زۆر بە خێرایی بڵاو دەبێتەوە، لە هەفتەی یەکەمی مانگی مارت چەند شارێکی بچووک دەکەوێتە ژێر دەستی شۆڕشگێڕان وەک ماردین و ئەرغەنی، لە باکووری ڕۆژهەڵات عەشیرەتی حەسەنان و جیبران، مەلازگیرت و بولانیک داگیر دەکەن، بەڵام زۆر ناخایەنێت بە هۆی هەردوو عەشیرەتی عەلەوی خورماک و لۆلان دووبارە دەستی بە سەردا دەگیرێتەوە. لە یازدەی مارت شاری وارتۆ دەکەوێتە ژێر دەستی عەشیرەتی جیبران، بەڵام دوای پێنج ڕۆژ بە هۆی هێرشی هێزەکانی تورک و عەلەوی، لێی دەردەچن. عەلەوییەکان بە تایبەت هەردوو عەشیرەتی ناوبراو ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو بۆ ئەوەی ڕاپەڕینەکە نەپەڕێتەوە بۆ شارەکانی ئەرزەڕۆم و ئەرزنجان. لە هەندێک بەرەی دی ڕاپەڕینەکە بۆ بدلیس و موش بڵاو بووەوە، بەڵام دووبارە عەشیرەتەکانی ئەوێ نەیان ویست یارمەتی ڕاپەڕین بدەن. لە لای ڕۆژئاواوە ڕاپەڕین هەندێک پێشکەوتنی بە دەست هێنا و شاری ئەلعەزیز داگیر کرا و بۆ ماوەیەک تێیدا مانەوە، بەڵام دواتر بە جێیان هێشت. هەرچی شاری دیاربەکرە دەورەی شارەکە گەمارۆ درا، بەڵام نەیان توانی بچنە ناوەوە. دوای ئەوە ڕاپەڕینەکە بەرە بەرە پەرشوبڵاو دەبێتەوە لەبەرانبەر هێرشی هێزەکانی تورک کە بە ژمارە یەکجار زۆر بوون، نزیک بە ٥٢ هەزار سەرباز دژ بە شۆڕشگێڕان لە مەیدانی جەنگدا بوون، لە هەموو لایەکەوە دەورەیان دەدەن دوای کوشتارێکی خوێناوی، ڕاپەڕینەکە دادەمرکێننەوە (Mcdowald, 2007:194-195).

هەردوو بەشداربووی لایەنی پەیمانی سیڤەر فەرەنسا و بەریتانیا یارمەتی و کۆمەکیان بە تورکیا کرد بۆ دامرکاندنەوەی ڕاپەڕینەکە. فەرەنسا ڕێگەی بە ٣٥ هەزار سەربازی تورکی دا بە خاکی سووریا تێپەڕ بن بۆ سەرکووتکردنی ڕاپەڕینەکە. سەدان گوند وێران کران، بە هەزاران خەڵکی بێتاوان لە ژن و پیاو منداڵ کوژران. تورکیا دادگایەک دادەمەزرێنیت، کەسانێکی زۆر حوکمی ئیعدامیان بە سەردا دەدات. لەمانگی ئەیلولی ١٩٢٥ دا شێخ سەعید و ٤٧ کەسایەتیی ڕاپەڕینەکە لە دیاربەکر لە سێدارە دران. خەڵکی ئەو ناوچەیەش هەموو بۆ ڕۆژئاوای تورکیا ڕادەگوێزرێن (Romanov, 2006:35).

یەکێتیی سۆڤیەت لە ساڵی ١٩٢١ لەگەڵ کەمالییەکان پەیمانێکی دۆستانەیان مۆر کردبوو، هەر بۆیە سۆڤیەت لەم ڕاپەڕینە بە پارە و چەک پشتیوانی کەمالییەکانیان کرد، ئێرانیش کە دەبوایە یارمەتی شۆڕش بدات، چونکە تورکیا یارمەتی ڕاپەڕینی سمکۆی دەدا، ئەوانیش یەرمەتییان نەدا، بۆیە ڕاپەڕینەکە لە مەیدان بە تەنیا مایەوە بێ پشتیوانی دەرەوە. تەنیا سەرچاوەیەکی چەک و تەقەمەنیش بۆ بەردەوامی ڕاپەڕینەکە، ئەو چەکانە بوون کە لە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لە ناوچەکە بەجێ مابوون، یانیش ئەو چەکانەی لە گیرانی سەربازە تورکەکان بەدەست دەکەوتن(Romanov, 2006:36).

خاڵی لاوازی ڕاپەڕینەکە لەوەدا بە دەردەکەوێت کە ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینەکە شێخ سەعید، سوننی نەقشبەندی بوو، راستەوخۆ پشتیوانی کوردە عەلەوییەکانی لە دەست دا، هەر بۆیەش دوژمنی گەورەی راپەرینەکەی شێخ سەعید دوو هۆزی عەلەوی بوون: خورماک و لۆلان کە هەردووکیان لە سوپای تورک زیاتر دوژمنایەتی راپەرینەکەیان کرد. ئەوانەی یارمەتی ڕاپەرینەکەی شێخ سەعیدیان دا هۆزە زازا سوننییەکان بوون کە زۆربەیان خەڵکی لادێ و جووتیاران بوون. ئەمەش جارێکی دی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە ڕاپەرینەکە هەرچەندە ئامانجی نەتەوەیی هەبووە، بەڵام بەهۆی جیاوازی لە پێکهاتەی دینی و مەزهەبی لە نێو کورد، کەلێنێکی گەورە بووە بۆ سەرخستنی ڕاپەرینەکە و بەدەستهێنانی ئامانجە هاوبەشە نەتەوەییەکە. ئەمە وێرای ئەوەی پێکهاتی ڕاپەرینەکە وەک زۆربەی ڕاپەرینەکانی ئەو سەردەمە پێکهاتێکی سەرتاپا عەشایەری بووە، بەدەگمەن کەسێکی رۆشنبیری خەڵکی شاری لەگەڵدا بووە، ئەمەش ئەو کەموکوڕییە دوبارە دەکاتەوە کە ڕاپەرینێک پشتیوانی سەرەکی خەڵکی عەشایر بێت، ناتوانێت هەتا سەر دڵسۆزی ئەو عەشیرەتانە بۆ ڕاپەرین دەستەبەر بکات، عەشیرەت بۆی هەیە زۆر بە خێرایی بدەنە پاڵ بەرەیەکی دیکە لە دژی ڕاپەرینەکە. ئەم حاڵەتە لەم ڕاپەرینە بە ئاشکرا دیار بوو. ئەمە بێجگە لەوەی بە شێوەیەکی گشتی هێزی عەشیرەت ناتوانێت بە بەردەوامی لەگەڵ سوپایەکی ڕێکخراو بە تۆپ و تانک و فڕۆکە، شەڕ بکات.

لەبارەی ئامانجی ڕاپەرینەکەوە لەلایەن توێژەرانەوە مشتومڕی زۆری لەسەر کراوە، زۆر کەس پێیان وایە ئەمە تەنیا ڕاپەرینێکی دینی بووە و هیچ ئامانجێکی نەتەوەیی نەبووە، هەندێکیش پێیان وایە هەردوو ئامانجی دینی و نەتەوەیی هەبووە. ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا بۆچوونی دووەم بە راست دەزانین. هیچ گومان لەوەدا نییە کە شێخ سەعید وەک شێخێکی کاریزمی موسڵمان و سەر بە تەریقەتی نەقشبەندی زۆر دژ بەو سیاسەتە بوو کە ئەتاتورک لە تورکیا پیادەی دەکرد، بە تایبەت لەلایەنی دینییەوە هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و کار نەکردن بە شەریعەتی ئیسلام و سەرکووتکردنی پیاوانی دینی و لابردنی هەموو رەمزە دینییەکان؛ هۆکاری گرنگ بوون بۆ هەڵگیرسانی ڕاپەرینەکە، هەروەها لابردنی سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم لەسەر دەسەڵات لە لایەن تورکە لاوەکان کە ئەو سوڵتانە لای شێخەکان ڕیزێکی زۆری هەبوو چونکە ئەو سیاسەتێکی پانئیسلامی و لایەنگریی کوردی هەبوو(Jwaideh, 2006: 106). شێخ وەک شەخسیەتێکی دیندار هەرگیز نەدەکرا بەم بەرنامە دژ دینییەی ئەتاتورک ڕازی بێت، بۆیە هۆکاری دینی ڕۆڵێکی بەرچاوی لە ڕاپەرینەکەدا هەبووە، بەڵام لەپاڵ ئەوەشدا هۆکاری نەتەوەییش لەم ڕاپەرینەدا ڕۆڵی خۆی هەبووە. ئەتاتورک سەرباری ریشەکێشکردنی ناسنامەی ئایینی لە تورکیا ئامانجی ریشەکێشکردنی ناسنامەی نەتەوەیی کورد و هەموو نەتەوەکانی دیکە غەیری تورک بووە، بە تایبەت کورد کە لە دوای تورک دووەم گەورەترین نەتەوەی تورکیا پێک دێنێت، بۆیە لای شێخ سەعید زۆر ڕوون بووە کە ئەم سیاسەتەی ئەتاتورک تەنیا دینەکەیان پێشێل ناکات، بەڵکو ناسنامە و زمان و نەتەوە و بوونیان پێشێل دەکات، ئەمە لەلایەک لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵەی

ئازادی وەک ڕێکخراوێکی نەتەوەیی، شێخ سەعیدی دەستنیشان کرد بۆ سەرکردایەتی ڕاپەرینەکە، هەروەها ئامانجی سەرەکی ڕاپەرینەکەش دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بوو.

## ڕاپەرینی دەرسیم ١٩٣٧

دوای دامرکاندنەوەی یەک لە دوای یەکی ڕاپەرینەکانی باکووری کوردستان، و بەردەوامی سیاسەتی ڕەگەزپەرستیی ئەتاتورک لە تواندنەوەی کورد و ڕاگوێزانی بۆ ئەنادۆڵ لە کۆماری تورکیای نوێدا. ئەمجارە کوردە زازاکانی دەرسیم کە زازای عەلەوین لە دژی ئەم سیاسەتە وەستانەوە و ڕاپەرینێکی گەورەیان بە سەرکردایەتی سەید ڕەزای دەرسیمی لە ساڵی ١٩٣٧ بەرپا کرد.

سەرکردە کەمالیستەکان بە ئاشکرا باسیان لەوە دەکرد کە نابێ لە غەیری تورک لە تورکیا نەتەوەیەکی دیکە هەبێت. وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەوسای تورکیا تەوفیق روستو بۆچوونە کەمالیستییەکەی خۆی بە ئاشکرا لای دیپلۆماتی بەریتانی سێر جۆرج کلارک دەدرکێنێت و دەڵێت: کورد لە تورکیا وەک هیندییە سوورەکانی ئەمەریکا دەبێ سەرکووت بکرێن و بتوێنرێنەوە تا بە تەواوەتی لەبەین دەچن(Romanov, 2006:38). بۆ گەیشتن بەم ئامانجە حکومەتی تورکیا لە ساڵی ١٩٣٤ قانوونی ژمارە (٢٥١٠) دەردەکات کە بەگوێرەی ئەم قانوونە تورکیا بۆ سێ هەرێم دابەش دەبێت:

١- ئەو هەرێمەی کە دانیشتوانەکەی سەر بە کولتووری تورکن.

٢- ئەو هەرێمەی دانیشتوانەکەی سەر بە کولتووری تورک نین، دەبێ لە نێو زمان و کولتووری تورکیدا ئەسمیلە بکرێن (بتوێنرێنەوە).

٣- ئەو هەرێمەی کە دەبێ بە تەواوەتی لە دانیشتوان چۆڵ بکرێت( Mcdowald, 2007:207).

بە گوێرەی ئەم قانوونە هەر کەسێک کە بە نەتەوە و بە زمان تورک نەبێت، دەبێ بە زۆر بکرێ بە تورک، یانیش دەبێ بگوێزرێتەوە بۆ شوێنێک کە زۆربەی دانیشتوانەکەی تورکە بۆ ئەوەی لەوێ تواندنەوەی ئاسان بێت، واتە لە نێوبردنی کورد و زمانەکەی و ناسنامەی نەتەوەیی. ئەم قانوونە سەرەڕای بەتورککردنی کورد، دەسەڵاتی ئاغا و شێخ و عەشیرەتەکانیشی بە یەکجاری لە نێو دەبرد، زەوی و زارەکانیشیان دەستی بەسەردا دەگیرا و لە دواییدا بەسەر چەند کۆمەڵگەیەکی تورکیدا دابەش دەکران کە زۆرینەی خەڵکەکەی تورکن.

ئەم سیاسەتە ڕەگەزپەرستییەی ئەتاتورک لای کوردەکانی دەرسیم زۆر بە توندی ڕەت کرایەوە و بە شۆڕشێکی چەکداری وەڵام درایەوە. سەید ڕەزای دەرسیمی کە سەرۆک هۆز و شەخسیەتێکی دینیی عەلەوییەکان بوو، کاتێک ڕێبەرایەتی ئەو ڕاپەرینەی کرد لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا بوو.

کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم لە پێشدا لە هیچ یەک لەو شۆڕش و ڕاپەرینانە بەشدار نەبوون کە کوردە سوننییەکان هەڵیان گیرساند، وەک ڕاپەرینی شێخ سەعید ١٩٢٥ و ڕاپەرینی ئارارات یان ئاگریداغ ١٩٢٧ – ١٩٣٠، چونکە ئەو ڕاپەرینانە هەندێک تایبەتمەندیی دینی تێدا بوو کە کوردی سوننی لە دژی وەستابوونەوە بە تایبەت ئەو سیاسەتەی کە رژێمی ئەتاتورک دەستی پێ کردبوو وەک هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت و شەریعەتی ئیسلام، لای عەلەوییەکان گرنگ نەبوون، چونکە ئەو شەریعەت و خەلافەتە نوێنەرایەتی دینەکەی ئەوانی نەدەکرد، بەڵام دەرکردنی ئەم قانوونە ڕەگەزپەرستییە ڕاستەوخۆ کاریگەریی لە بوون و ناسنامەی نەتەوەییان دەکرد، بۆیە نەدەکرا لە ئاستیدا بێدەنگ بن.

لە ساڵی ١٩٣٥ حکومەتی تورک بۆ جێبەجێکردنی ئەم پلانەی ڕێگەوبان دروست دەکات و سوپا کۆ دەکاتەوە، هەر بە نیازی بەتورککردنی دانیشتوانەکەی ویلایەتێک لەم ناوچەیە پێک دێنێت، و ناوی شاری دەرسیم دەگۆڕێ بۆ ناوێکی تورکی «تونجەلی». لە ساڵی ١٩٣٦ جەنرال ئالپ دۆگان بە فەرماندەی عەسکەری ئەو شارە دادەنرێت، سوپایەکی ٢٥ هەزار کەسی کۆ دەکاتەوە و گەمارۆی دەرسیم دەدات. لەبەرانبەر ئەم سوپا ڕێکخراوە بە ژمارە زۆرە کوردەکانی دەرسیم تەنیا ١٥٠٠ چەکداریان هەبوو بۆ بەرگریکردن لە خۆیان. هەتا ساڵی ١٩٣٧ یش هێشتا شەڕ دەستی پێ نەکردبوو. بۆ ناڕەزایی دەربڕین بەرانبەر بەم قانوونە ڕەگەزپەرستییە، دانیشتوانی دەرسیم وەفدێک لەگەڵ نامەیەکی ناڕەزایی بۆ ئالپ دۆگان لە ئەلعەزیز دەنێرن، داوا دەکەن کە لێ بگەڕێن لە شارەکە ئیدارەیەکی سەربەخۆیان هەبێت و ئەم قانوونە جێبەجێ نەکرێت. فەرماندە تورکەکە لە وەڵامدا سەرجەم ئەندامانی وەفدەکە دەستگیر دەکات و دەیان کوژێت. خەڵکی دەرسیمیش لە تۆڵەی ئەم تاوانە لە بۆسەیەکدا هێرش دەکەنە سەر سوپای تورک و ١٠ ئەفسەر و ٥٠ سەرباز دەکوژن(Mcdowald, 2007:208). بەم شێوەیە ڕاپەرین دەست پێ دەکات، لەم ڕاپەرینە کە بۆ ماوەی دوو ساڵ بەردەوام بوو، سوپای تورکیا زۆر دڕندانە شۆڕشگێڕان سەرکووت دەکات و زۆر بە چڕی بە تۆپ و بە ٤٥ فڕۆکەی جەنگی بۆردومانیان دەکات و گازی ژەهراوییش لە دژیان بەکار دێنێت، و بە هەزاران لە خەڵکی مەدەنی دەکوژرێن، تا لە کۆتاییدا توانای بەرگرییان نامێنێت و چەک دادەنێن، سەید ڕەزای دەرسیمی و حەوت سەرکردەی دی تەسلیم بە سوپای تورک دەبن و بێبەزەییانە لە سێدارە دەدرێن( Ibid., 2007:207 -208).

دوای دامرکاندنەوەی ئەم ڕاپەرینە، حکومەتی تورکیا بۆ نەتەوەی کورد دەستەواژەی «تورکی کێوی» بە کار دەهێنا، چونکە پێی وا بوو ئیدی کورد لە تورکیا کۆتایی هات و ناوی کورد و کوردستان لە هەموو کتێبێک و هەموو شوینێک لا دەبرێت. ناوچەی دەرسیمیش دەبێتە ناوچەیەکی داخراو و لەژێر کۆنترۆلی عەسکەریدا دەبێت( Jwaideh, 2006: 216), لێ ناگەڕێن هیچ بێگانەیەک سەردانی ئەو ناوچەیە بکات، تا لە ساڵی

١٩٦٥ بۆ یەکەم جار ڕێگە دەدرێت بێگانە بۆ ناوچەکانی رۆژهەڵاتی فورات سەفەر بکەن .(Mcdowald, 2007:210)

لەبارەی هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ئەم ڕاپەرینە دەکرێ زۆر هۆکاری جیاواز دەست نیشان بکرێن؛ سەید ڕەزای دەرسیمی لە مانگی تەمموزی ١٩٣٧ لای ئەنتۆنی ئێدن، سکرتێری کاروباری دەرەوەی بەریتانیا، هۆیەکانی بەرپاکردنی ڕاپەرینەکەی ڕوون دەکاتەوە دەڵێت: " حکومەتی تورک بۆ ماوەی چەندین ساڵە هەوڵی تواندنەوەی کورد دەدات و دەیچەوسێنێتەوە، بڵاو کراوەی کوردی قەدەغە دەکات، هەر کەسێک بە کوردی قسە بکات ئەزیەتی دەدات، کورد بە زۆرەملێ لە ناوچە بەپیتەکانی خۆیان دوور دەخاتەوە بۆ ناوچە وشک و بێپیتەکانی ئەنادۆڵ، لەوێش زۆربەیان لە نەبوونی و لە برسان گیان لە دەست دەدەن، زیندانەکان پڕن لە خەڵکی مەدەنی بێچەک، ڕووناکبیران یان تیرۆر دەکرێن یان لە سێدارە دەدرێن، یانیش دوور دەخرێنەوە بۆ شوێنێکی دوور، سێ ملیۆن کورد[1] دەیانەوێ لە وڵاتی خۆیان بە ئاشتی و ئازادی بژین"(Ibid., 2007:208).

لێرەدا لە زاری سەید ڕەزای دەرسیمی ڕوون دەبێتەوە کە ڕاپەرینەکە لە ئەنجامی زەوتکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی کورد بووە، هەروەها تەئکید دەکاتەوە کە ئەمە تەنیا داخوازیی کوردە زازا عەلەوییەکان نییە، بەڵکو سێ ملیۆن کورد لە باکووری کوردستان لەم بارودۆخە سەختەدا دەژین.

دوای سەرکووتکردنی ڕاپەرینی دەرسیم، باکووری کوردستان جۆرێک لە بێدەنگی و هێمنی بەسەردا هات، و هیچ ڕاپەرینێکی چەکداری نەمایەوە بەرەنگاری سیاسەتی کەمالییەکان ببێتەوە. بۆ جێبەجێکردنی قانوونی ژمارە (٢٥١٠)، کارێکی عەمەلی نەبوو سێ ملیۆن خەڵک بگوێزرێنەوە بۆ ئەنادۆڵ، هەر بۆیە ئەم قانوونەش جێبەجێ نەکرا تەنیا بە شێوەیەکی نیسبی لەچەند شوێنێک نەبێت. بەڵام ئایدیۆلۆجیای ڕەگەزپەرستیی کەمالی دواتر و هەتا ئەمڕۆکەش لە تورکیا هەر درێژەی هەیە.

لە خستنەڕووی ئەم سێ ڕاپەرینە لە باکووری کوردستان، کە زازکان ڕۆلێکی بەرچاویان هەبووە، ئەم پرسە ڕوون دەبێتەوە کە کوردە زازاکان بە هەر دوو مەزهەبی عەلەوی و سوننی ڕۆلێکی گرنگیان هەبووە لە ڕابوونی نەتەوەیی و بزاڤی ڕزگاریخوازی کورد لەم بەشەی کوردستان. لە هیچ کام لە ڕاپەرینەکان زازاکان هیچ داخوازییەکیان نەبووە بە ناوی زازا یان زازا وەک نەتەوەیەکی جودا لە کورد خۆیان بناسێنن، ئەمە هەرچەندە جیاوازیی مەزهەب و دین بووە بە هۆی پارچەبوون و پەرتەوازەیی ڕاپەرینەکان لە نێوان زازای سوننی و عەلەویدا، بەڵام لە هەموو ڕاپەرینەکان لەگەڵ کوردی کورمانج بۆ بەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانی کورد هاوئامانج بوون؛ ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە

---

1 - بەپێی ئاماری دانیشتوانی ئەو کاتە، ژمارەی دانیشتوانی کورد لە باکووری کوردستان بە سێ ملیۆن دانراوە.

جیاوازیی زار و شێوەزار لە نێوان هەر دوو پێکهاتەی کورد هەبووە، بەڵام پرسی جیاوازیی زمان و شێوەزار نەبووە بە کۆسپ بۆ یەکێتیی نەتەوەیی کورد.

## زازاکان لە نێوان عەلەوی و موسڵمانی سوننیدا

فرەدینی و فرەمەزهەبی تایبەتمەندییەکی بەرچاوی کۆمەڵگەی کوردییە، ئەگەر ئەم دیاردەیە لە لایەنی کولتوورییەوە دەوڵەمەندیی کولتووری کوردی بێت، بەڵام لە ڕووی ناسنامەی نەتەوەیی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دینی و زمانییەوە مایەی پەرتەوازەیی و پەرتبوونی ناسنامەیە. بە تایبەت لەم سەردەمەدا کە نەتەوەی کورد لە پرۆسەی نەتەوەسازیدایە و لە هەوڵی چەسپاندنی ناسنامەی نەتەوەیی و زمانی هاوبەشە بۆ نەتەوە.

لە باسی شۆڕش و ڕاپەرینەکانی باکووری کوردستان؛ جیاوازیی دین و مەزهەب ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە کە ڕاپەرینەکان بە جودا و لە شوێنی جیاواز سەرهەڵبدەن و پێکەوە ڕاپەرین نەکەن، هێز و وزەی ڕاپەرینەکان پەرشوبڵاو بووە، کوردی موسڵمانی سوننی و عەلەوی بە جودا ڕاپەرینیان کردووە، لە هەمان کاتدا کەلێنێکی گەورە لە بزووتنەوەی ڕزگاریی نەتەوەیی دروست بووە کە سوپای تورک توانیویەتی بە ئاسانی کورد لە دژی یەک بەکار بێنیت. لە کۆتاییشدا بە ئاسانی ڕاپەرینەکان تووشی نسکۆ بوون و دامرکێندراونەتەوە.

وەک دیارە کۆمەڵگەی زازا لە باکوور لە نێوان موسڵمانی سوننی و عەلەویدا دابەش بوون. لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە هۆی جیاوازیی دین و مەزهەب؛ موسڵمانی سوننی و عەلەوی زۆر کەم تێکەڵ بە یەک دەبن، تەنانەت هەندێک جار خواردنی یەکدیش ناخۆن، چونکە لای موسڵمانی سوننە، عەلەوی بەپێی ڕێوڕەسمی دینی ئیسلام حەیوان سەر نابڕن، لای زۆربەی موسڵمانان، عەلەوی بە موسڵمان دانادرێت، یان موسڵمانێکی لەڕێلادراوە heterodox و ئاسایی نییە، بۆیە موسڵمان نابێ وەک موسڵمانێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ عەلەوی بکات. هەر لەم ڕووەوە، ئەو کوردەی کە موسڵمانە و سوننییە بە کوردی تەواو دادەنرێت و ئەوەی عەلەوییە هەست بەوە دەکات کە لە ڕووی کولتووری و ناسنامەی دینییەوە وەک کوردی موسڵمانی سوننە نییە، بۆیە هەندێک جار لەم ڕەوشە کولتوورییە، حەز ناکات خۆی بە کورد دابنێت. ئەمە هەرچەندە ئەم جۆرە مامەڵەیە بەمدواییە بە هۆی بڵاوبوونەوەی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و هەستی نەتەوایەتی کەمتر بووەتەوە یان کاڵ بووەتەوە. بەڵام هیچ گومانی تێدا نییە کە ئەم دیاردە کولتوورییە کەلێنی گەورەی لە ناسنامەی نەتەوەیی کوردی دروست کردووە، کاریگەریی ئەم لایەنە بە ڕوونی بە شۆڕش و ڕاپەرینەکانی باکووری کوردستانەوە دیارە کە لە سەرەتای سەدەی بیستەم دژ بە تورکیای کەمالی بەرپا کراون. بێگومان ئەم ڕەوشە کۆمەڵایەتییە نەگونجاوە، کاریگەریی بۆ سەر ناسنامەی نەتەوە و زمانیش دروست کردووە، ئەو

زازایانەی کە موسڵمانی سوننین بەهۆی هاومەزهەبی لەگەڵ کورمانجی سوننە زیاتر خۆیان بە کورد دەزانن هەتا زازای عەلەوی( 444- Kehl-Bodrogi,1999:441). هەر بۆیە دیاردەی کورد نەبوونی زازا و بانگەشە بۆ نەتەوەی زازا و زمانی زازاکی زیاتر لەناو ئەو زازایانە برەوی هەیە کە عەلەوین و کەمتر زازا سوننییەکان ئەم بانگەشەیان هەیە.

نووری دەرسیمی (دەرسیمی، ٢٠٠١: ٤٤) لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەم جیاوازییە کولتوورییانە دەکات کە لە نێوان کوردی سوننی و عەلەویدا هەبووە، کاتێک مەلای کوردی سوننە ڕێگەی نەداوە کچە کوردێکی سوننی مێرد بە کوڕێکی کوردی عەلەوی بکات. هەروەها باسی ئەوەش دەکات کە گۆشتی گیسک و بەرخ کە بە دەستی کەسێکی عەلەوی کوژرابایەوە؛ بە مرداربوو دادەنرا، کە ئەم جۆرە فەتوایانە لای مەلا و شێخە سوننییەکان ناکۆکی لە نێوان کورد دروست دەکرد، کە ئەمەش بووە بە هۆی ناکۆکی مەزهەبی و تێکدانی یەکێتیی نەتەوەیی کوردی، ڕژێمی تورکیاش ئەو ناکۆکییەی پێ خۆش بوو و پەرەی پێ دەدا.

ئەم جیاوازییە لە باوەڕ و ئایین لە هەموو ڕوویەکەوە ڕەنگی داوەتەوە لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانەوە بۆ پەیوەندیی کۆمەڵایەتی. کۆمەڵگەی زازای عەلەوی، شوێنی عیبادەتی جەمخانەیە کە پێشی دەگوترێت (جەمەڤی)، بەڵام موسڵمان مزگەوتی هەیە، عەلەوی بۆ سیستەمی حوکمڕانی وڵات پشتگیریی عەلمانیەت دەکات، لەم ڕووەوە پشتگیریی عەلمانیەتی کۆماری تورکیای نوێ دەکەن، بەڵام موسڵمانی سوننی لە ڕووی دینییەوە موحافەزەکارن و حەز بە حوکمڕانی دینی دەکەن. ژن لای عەلەوی ئازادترە و زیاتر کار دەکەن، لای موسڵمانی سوننی ژن کەمتر ئازاد و کەمتر کار دەکەن، ژن و ژنخوازیش لەگەڵ یەک نییە یان زۆر کەمە، هەروەها بەگشتی کۆمەڵگەی سوننی خۆشگوزەرانترن تا کۆمەڵگەی عەلەوی(Kaya, 2011:147-148).

ئەم تێڕوانینە تەسکە دینییە لە نێو کورد، ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە بۆ پەرتەوازەبوونی ناسنامەی یەکێتیی نەتەوەیی و یەکێتیی زمانی کوردی، بەشێکی ئەو کوردانەی کە زازای عەلەوین و هەندێک زازای سوننیشیان لەگەڵدایە، هەوڵ دەدەن ناسنامەیەکی سەربەخۆی نەتەوەیی بۆ زازا جاڕ بدەن و لە هەمان کاتدا کار بۆ ئەوە دەکەن کە زازاکیش بکەن بە زمانێکی سەربەخۆ و چیدی زارێکی کوردی نەبێت.

ئەگەر سەرنج بدرێ هەمان ڕوانگەی تەسکی دینی و مەزهەبی لە نێوان کوردی موسڵمانی سوننە و شیعەشدا هەیە یان لە نێوان کوردی موسڵمان و کوردی ئێزیدیشدا هەیە. لە نێو ئەم گروپە دینی و مەزهەبییانە، کوردبوون واتە ئەو کوردە کە موسڵمانی سوننیی شافیعییە، کە مەزهەبی زۆرینەی کوردە، ئەوانی دی کە سەر بە دین و مەزهەبی دیکەن وەک ئێزیدی، شیعە، یارسان، عەلەوی، ناسنامەی کوردبوونیان وەک کوردی موسڵمانی سوننی بەهێز نییە، بۆیە هەندێک جار بانگەشەی جوداخوازی و کورد نەبوون دەکەن.

بێجگە لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی، جیاوازیی مەزهەب و دین لە نێوان زازاکان جیاوازیی لە جیهانبینی زمان و لەهجەکەش پەیدا کردووە، ئەو زازایانەی کە عەلەوین

لە دنیابینی عەلەوییەوە زارەکەیان ئاراستە کراوە، بەڵام زازا سوننییەکان لە ڕوانگەی ئیسلامەوە زارەکەیان گەشەی کردووە. کە ئەم دوو مەزهەبە لە رووی ڕووکنەکانی دین و ژیان و پاش مردن، جیاوازییان هەیە کە ئەم بنەما دینییانەش لە زارەکەیان ڕەنگی داوەتەوە (Werner,2012:16).

زازاکان هەرچەند زارێکی هاوبەشیان هەیە کە زازاکییە و لەگەڵ زاری کوردیی کوردیی باکوور (کورمانجی) جیاوازی هەیە، بەڵام بەهۆی ئەم جیاوازی و ناکۆکییە دینی و مەزهەبییانە و نەبوونی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نێوانیان، زازای سوننی و عەلەوی نەیان توانیوە پێکەوە وەک یەک گروپی ئەتنیکی جیاواز خۆیان بناسێنن، بە پێچەوانەوە زۆربەی زازای سوننی شافیعی یەکسەر خۆی بە کورد دەزانێت، بەڵام زازای عەلەوی ناسنامەی کوردبوونی جێگیر نییە، هەندێک جار نایەوێت بە کورد دابنرێت و خۆی وەک عەلەوی دەناسێنیت، ئەم دیاردەیە لە نێو هەموو عەلەوییەکانی تورکیا هەیە کە ناسنامەی عەلەوییوون وەک ناسنامەی نەتەوەیە لایان. بۆیە لای عەلەوییەکانی دەرسیم کە بە مەڵبەندی عەلەویگەری دادەنرێت لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ، زارەکەیان بە کرمانجکی یان زۆنێ ما (زمانێ مە) دەناسێنن، چونکە لای ئەوان ناوی زازا وەک ناوی کورد واتە سوننی(Kehl-Bodrogi,1999:445). هەر لەم ڕوانگەوە، دەکرێ بڵێین زازای عەلەوی ئامادەیی زیاتری تێدایە بۆ ئەوەی سواری شەپۆلی ناسیۆنالیزمی زازایی بێت هەتا زازای سوننی، لە هەمان کاتدا زازای سوننی هۆکارێکی گرنگن کە زازاکان هەر لەگەڵ کورد بمێننەوە، چونکە لەگەڵ کوردی موسڵمانی سوننی هاومەزهەبن.

بەدەر لە جیاوازیی ئایینی و مەزهەبی، هەندێک زازای سوننیش بە هۆکاری جیاواز خۆیان بە کورد نازانن، یان هەندێکیان خۆیان بە کورد دەزانن بەڵام نایانەوێ زازاکی زار بێت، بەڵکوو بە زمانێکی سەربەخۆی دادەنێن، بەتایبەت زازاکانی چەولیگ(بینگۆل)، کە ئەم شارە زۆرینەی دانیشتوانەکەی زازان و بە مەزهەب سوننەن. بەشێک لە دانیشتوانی زازا، ناسنامەی زازاییان بەهێزترە لە ناسنامەی کوردبوون، بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان زازان بەڵام بە هەستیش خۆیان بە کورد دەزانن، بۆ زارەکەشیان پێیان وایە زازاکی زار نییە زمانە. نووسەری زازای بینگۆڵ ئایدن باتوور(باتوور، ٢٠٢١) پێی وایە بە هەست و بە نەتەوە کوردە، بەڵام زازاکی لەهجە نییە، زمانێکی سەربەخۆیە. هەر هەمان زازای سوننی لە ئامەد و سێورەگ و خەرپێت ئەوان بە هۆی تێکەڵبوونیان لەگەڵ کوردی کورمانج هەموو خۆیان بە کورد دەزانن و زمانەکەشیان، بە لەهجەیەکی زمانی کوردی دەزانن. ئەم کێشە ناسنامەییە لە نێوان زازا سوننییەکان زیاتر هۆکاری کۆمەڵایەتی و جوگرافی دەگرێتەوە، کە زازاکانی بینگۆل لە جوگرافیایەک هەڵکەوتوون بەدەگمەن نەبێت کورمانجی تێدا نییە، و دانیشتوانەکەشی کورمانجی نازانن، تەنیا زازاکی دەزانن، واتە تەنیا بە زارەکەی خۆیان شارەزان و نازانن زازاکی هەتا چەند لەگەڵ کورمانجی نزیکە یان جیاوازە، پێی وایە مادام کورمانج ناتوانن لە زازاکی تێ بگەن، کەواتە ئەمە زمانێکی سەربەخۆیە، هەروەها ئەو کەسێکی زازایە و کورمانج نییە،

کەواتە ئەو خاوەن ناسنامەیەکی نەتەوەیی جیاوازە لە کورمانج و زمانێکی سەربەخۆی هەیە لە کورمانجی جیاوازە. بەڵام ئەو زازایانەی کە لەگەڵ کورمانجی سوننی بە جوگرافیا و ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و زمان و لەهجە تێکەڵن، پێکەوە ناسنامەی هاونەتەوەییان بەهێزە و جەخت دەکەنەوە کە زازا کوردن و زارەکەش لەهجەیەکی کوردییە.

هەر لەم ڕوانگەوە، زازاکانی دەرسیم، سەرەڕای جیاوازیی دینی و مەزهەبی، لە ڕووی جوگرافییەوەش لە ناوچەی کورمانجە سوننییەکانیش دوورن، ئەمەش هۆکارێکە کە ناسنامەی کوردبوونیان لاواز بێت، چونکە زازاکانی دەرسیمش بە دەگمەن نەبێت، هیچیان کورمانجی نازانن. لێرەدا دەکرێ بڵێین گۆشەگیریی جوگرافی و تێکەڵاونەبوونی کولتووری، ڕۆڵی هەیە لەم پارچەبوونە نەتەوەییە، ئەمە سەرباری ئەوەی کە کورد لە باکووری کوردستان دەسەڵات و سیستەمی پەروەردەی خۆی نییە بۆ ئەوەی لە ڕێی دەزگاکانی دەوڵەتییەوە یەک ناسنامەی نەتەوەیی و یەک زمان بۆ نەتەوە پەرە پێ بدات. ئەمانە هەموو هۆکارگەلێکن کە کورد لە باکوور، ناسنامەی نەتەوەیی ڕووبەڕووی پارچەبوون دەبێتەوە. هیچ گومان لەوەدا نییە کە سیستەمی پەروەردە بە زمانێکی هاوبەش، ڕۆڵی سەرەکیی دەگێڕێ لە پەروەردەکردنی تاکێکی خاوەن ناسنامەی نەتەوەیی، بەڵام لە باکوور، لە دوای دامەزرانی دەوڵەتی تورکیای نوێ نەک ئەو سیستەمە خوێندنە بە کوردی بۆ کورد فەراهەم نەبووە، بەڵکوو کوردبوون و زمانەکەشی تاوان و قەدەغە بووە، ئێستاش کە ڕێگە پێ دراوە بە کوردی قسە بکرێ، لە سیستەمی پەروەردەی حکومی هێشتا زمانی کوردی هەر قەدەغەیە. ئەمانە هەموو هۆکارن کە کورد ناسنامەی نەتەوەیی لە باکوور پتەو و بەهێز نییە، لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە زمانی و نەتەوەییەی نەتەوەی سەردەست لە تورکیا کە ڕێگە نادات ناسیۆنالیزمی کوردی گەشە بکات، هەوڵ دەدات هەتا بۆی بکرێ یەکێتیی نەتەوەیی کورد پارچە بکات و لە یەکیان دوور بخاتەوە و لەگەڵ یەک نامۆ بن و یەکدی نەناسن، تا لە کۆتاییدا بەرەو دوو زمان و دوو نەتەوە بچن. بۆ نموونە سیاسەتی دەوڵەت لە دەرسیم بە شێوەیەکە گوشار بۆ دانیشتوانی زازا دێنن زارەکەیان بە کوردی حیساب نەکەن، لە شارەوانی دەرسیم کەسێک بە کارمەند دانامەزرێت ئەگەر پێی وا نەبێ زازاکی زمانێکی سەربەخۆیە و لەهجەیەکی زمانی کوردی نییە (تۆپاچ، ٢٠٢١).

سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا بەردەوام بە ئاراستەیەک بووە ناسنامەی کوردبوون و نەتەوایەتی کورد ئەسمیلە بکات یان لە ڕێی زازا و کورمانج وەک دوو نەتەوە و دوو زمان حیساب بکرێن بۆ ئەوەی ئەسمیلەبوونیان ئاسانتر بێت. ئەم سیاسەتە بەڕوونی لە هەموو هەنگاوەکانی دەوڵەت دیارە لە دەرسیم و هەموو ناوچە زازانشینەکان. بە تایبەت کە هەردوو پێکهاتەی کورد بۆ ماوەیەکی درێژ لە ژێر ئەسمیلەبوون و چەوسانەوەی زمانی و لەهجەییەدا بوون، لەهجەکانی کوردی لە باکوور

هەتا سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی بیستەم؛ ڕێگەی پێ نەدراوە پێی بنووسرێ و یان قسەی پێ بکرێ.
لێردا ڕوون دەبێتەوە کە یەک هۆکار بە تەنیا بەرپرسیار نییە لەم دابڕانە نەتەوەیی و زمانی و کولتوورییەی زازاکان، بەڵکوو کۆمەڵێک هۆکار ڕۆلیان هەیە وەک جیاوازیی مەزهەب و دین لە نێوان زازاکان، جیاوازیی شوێنی جوگرافی و تێکەڵاونەبوونی کومەڵایەتی کورمانج و زاز لە هەندێک شوێن، سەرباری سیاسەتی دەوڵەت کە بە پلان و بەرنامە، زازا و کورد لە یەک دادەبڕێت و دەیان کات بە دوو زمان و دوو نەتەوە، بۆ ئەوەی ئەسمیلەکردنیان ئاسانتر بێت.

## زازاکی لە کاری ڕۆژهەڵاتناساندا

ئەم زارە کوردییە یەکێکە لەو زارانە کە لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسان و کوردناسان بەردەوام مشتومڕی لەسەر بووە. لە باسی مێژووی زازا لە سەرەوە ئاماژەمان بە بۆچوونی دوو ڕۆژهەڵاتناسی ئەوروپی دا سەبارەت بە ڕیشەی مێژووی زازا و زارەکەیان، کە پێیان وایە زازا بە ڕیشەی نەژادی و زمانی؛ کورد نین و بۆ ناوچەی دەریای خەزەر دەگەڕێنەوە. ئەگەر سەرنج بدرێ لە زۆربەی کاری ڕۆژهەڵاتناسان ئەم بۆچوونە دووبارە بووەتەوە. ڕۆژهەڵاتناسان لە چەند ڕوویەکەوە لەسەر زازاکی کاریان کردووە، سەرەڕای لێکۆڵینەوەی زمانەوانی لەسەر زارەکە، کۆمەڵێک دەقی ئەو زارەشیان کۆ کردووەتەوە.
یەکەم ڕۆژهەڵاتناسێک کە بایەخی بەم زارە کوردییە دابێت، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی بە بنەچە ئەڵمانی پیۆتەر لێرخ Piyotr Lerch بووە کە لە سەرەتای نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەم چەند دەقێکی کورمانجی و زازاکی چاپ و بڵاو دەکاتەوە. دەقە زازاکییەکەی لە چەند کوردێکی زازا وەرگرتووە کە لە شەڕی قرم (١٨٥٣ -١٨٥٦) بە دیلی کەوتبوونە دەستی سوپای ڕووسی. لێرخ دەچێت بۆ ڕووسلاف بۆ دیتنی ئەو سەربازە کوردانە کە زۆربەیان کوردی کورمانج ئاخێو بوون، بەڵام هەندێک کوردی زازا ئاخێویشیان تێدا بوو، ئەو کەسەی دەقە زازاکەی لێ وەردەگرێت ناوی حەسەن بووە و خەڵکی گوندی کاسان بووە نزیک پالوو واتە ئەو دەقە زازاکییانە، شێوەزاری ناوچەی پالوو بووە( Kurdo, 2016:5). لێرخ لە نووسینەکانیدا زۆر تەئکید لەسەر سەربەخۆیی زمانی کوردی دەکاتەوە، و ڕەخنە لە ڕۆژهەڵاتناسەکانی پێش خۆی دەگرێت کە زمانی کوردییان بە لەهجەیەکی فارسی داناوە. هەروەها تەئکید لەسەر کوردبوونی زازا دەکاتەوە و زارەکەشیان بە زارێکی زمانی کوردی دادەنێت، هەر بۆیە لە دابەشکردنی زارە کوردییەکاندا، لەسەر هەمان دابەشکردنەکەی شەرەفخان کە چوار پێکهاتەی کوردی دەستنیشان کردووە، زازاش دەخاتە سەر یەکێک لە پێکهاتە سەرەکییەکانی کورد، بەم شێوەیە: کورمانجی، لوڕی، کەڵهوڕی، گۆرانی، زازایی(حاجی مارف، ١٩٧٤: ٥٠٨). ئەم کارەی لێرخ، یەکەم هەوڵێک بووە بۆ لێکۆڵینەوە لەبارەی زازاکی.

چەند ساڵێک دواتر فرەدریک موولەر Friedrich Muller هەوڵ دەدات ئەو دەقەی لێرخ شی بکاتەوە و لەگەڵ چەند وشەیەکی فارسی نوێ بەراوردی دەکات کە ڕیشەیان یەکە. لە ساڵی ١٨٦٢ و. سترێکەر W. Strecker و ۆ. بلاو O. Blau سەد وشەی زازاکی دەوروبەری کوزیلجانی ناوچەی چیاکانی دەرسیم بڵاو دەکەنەوە. بەو ئەنجامە دەگەن کە ئەم زارە زۆر نزیکە لەوەی کە لێرخ تۆماری کردووە(Todd, 2008:V).

ئەلبێرت فۆن لێ کۆک لە ساڵی ١٩٠١ لەگەڵ شاندێکی شوێنەوارناسی بۆ زنجیرلی لە باکووری کوردستان داوەت دەکرێت بۆ ئەوەی هەر لەو ناوچەیە کۆمەڵێک دەقی کوردی بە زاری کوردیی کورمانجی و زازاکی کۆ بکاتەوە. دواتر بەرهەمی ئەم کارەی لە ساڵی ١٩٠٣ بە دوو بەرگ لە ئەڵمانیا بڵاو دەکاتەوە. لە نێو ئەم دەقانەدا، چەند دەقێکی کورمانجی بۆ زازاکی تەرجەمە کراوە، لەگەڵ دەقێکی کورتی چیرۆک بە زازاکی بە ناوی (حیکایەتی ئیبراهیم پاشا، لەفزی زازا) کە ئەم دەقە لە هاوڕێیەکی لە دیمەشق کە ناوی عومەر عەلی کۆسا بووە وەرگرتووە، هەر لەم دوو بەرگە بڵاوی کردووەتەوە(لۆکۆک، ٢٠٠٧: ٢٠). وەک پێدەچێت ئەم دەقە هی ناوچەی کۆسای نزیک سۆرەگ بووە.

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئۆسکار مان Oskar Mann لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانی لەسەر زازاکی دەکات، کە گرنگترین شیکردنەوە بووە بۆ زازاکی. دوای وەفاتی ئۆسکار مان، کارل هادانک Karl Hadank کارەکانی وی تەواو دەکات و لە ساڵی ١٩٣٢ لە کتێبێکدا بە ئەڵمانی بڵاوی دەکاتەوە(Hadank, 1932). ئەم لێکۆڵینەوە مەیدانییە بە یەکێک لە کارە ورد و گرنگەکان دادەنرێت کە لەو سەردەمە لەسەر زازاکی کرابێت؛ لە ڕێزمان و ڕستەسازی کۆڵیوەتەوە و وشەکانی زازاکی لەگەڵ زمانە ئێرانییەکان و غەیری ئێرانییەکان بەراورد کردووە و بنزارەکانی زازاکیشی لە یەک جودا کردووەتەوە. لەئەنجامی توێژینەوەکەی ئۆسکار مان دەگاتە ئەو ئەنجامە کە دملی (زازاکی) زارێکی زمانی کوردی نییە و هادانک (مان – هادانک ١٩٣٢) یش پێی وایە ناوی دملی جێگۆڕکێکی چەند دەنگێکی ناوی دەیلەمی Daylemi یە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ناوچەی دەیلەمییەکان لە باشووری کەنارەکانی دەریای خەزەر(قەزوین)، واتە دملی یان زازاکی ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ زمانەکانی ئەو ناوچەیە(Todd, 2008: V-VI).

لە دوای ئەم توێژینەوەیەی (مان – هادانک) لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئەمڕۆ لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەوروپی و ڕووسیدا لەسەر ئەم زارە وەک زمانێکی سەربەخۆ دەدوێن، ناسنامەی کوردبوونی لێ داماڵراوە و چیدی بە زارێکی زمانی کوردی دانانرێت.

لە نێوان ساڵانی ١٩٨٣ تا ١٩٨٥ تێری لین تۆد Terry Lynn Todd ڕێزمانێکی زازاکی دەنووسێتەوە بە ناوی (A grammar of Dimili, also known as Zaza) کە توێژینەوەکەی تێزی دکتۆرا بووە. کەرەستەی ئەم توێژینەوەیەی لە گەنجێکی بیست ساڵی وەرگرتووە کە خەڵکی گوندێک بوو لە ٤٥ کلیۆمەتری باکووری سێورەگ، ئەو گەنجە زمانەکەی بە پاراوی ماوە و تێکەڵ بە وشەی تورکی نەبووە. دەقی کەرەستەی زمانەکەی

بە دەنگ ڕیکۆرد کردووە و پاشان خستوویەتە سەر کاغەز و توێژینەوەی لەسەر کردووە و ڕێزمانەکەی نووسیوەتەوە لە ڕووی دەنگسازی و پێکهاتەی وشە و گوڕانەکانی کە بە سەریدا دێت، لەگەڵ شیکردنەوەی پێکهاتەی فرێز و ڕستە، لە کۆتاییەکەی چەند دەقێکی دملی(زازاکی) تەرجەمەی ئینگلیزی کردووە، لەگەڵ فەرهەنگۆکی وشەی دملی و تەرجەمەی بە ئینگلیزی(Todd, 2008:VII). تۆد پێی وایە سەرەڕای ئەو ئەنجامەی کە لە توێژینەوەی (مان – هادانک ) بە دەست هاتووە کە دەڵێن دملی کوردی نییە، بەڵام ئاخێوەرانی دملی لە ڕووی دەروونی و کۆمەڵایەتی و کولتووری و ئابووری و سیاسی خۆیان بە کورد دەزانن (Todd, 2008:VI).

دوای ئەم کتێبە ڕێزمانییە، لودڤیک پاول Ludwig Paul لە ساڵی ١٩٩٨ توێژینەوەیەکی زمانەوانی سەبارەت بە زازاکی بڵاو دەکاتەوە کە تێیدا لە ڕووی دەنگسازی و وشەسازی بەراوردی زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژئاوا دەکات، وەک زمانەکانی گیلەکی، سێمنانی، ئازەری، تالشی لەگەڵ گۆرانی و زازاکی، ڕوونی دەکاتەوە کە ئەم زمانانە هەموو پێکەوە هاوڕیشەن و سەر بە باکووری ڕۆژئاوای زمانە ئێرانییەکانن. دەیەوێ لە کۆتاییدا ئەوە بسەلمێنیت کە زازاکان و گۆرانەکان ئەسڵیان دەچێتەوە بۆ ناوچەی دەریای خەزەر، هەروەها پێی وایە زازا و گۆران لە سەردەمی لووتکەی دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی پارتی(ئەشکانی)یەکان بۆ شوێنی ئیستایان کۆچیان کردبێت( Paul, 1998:174).

دوای ئەم کارانە، لە چەند دەیەی ڕابردوودا ڕۆژهەڵاتناسی بە زمانی جیاوازیی ئەوروپی لەسەر پرسی زازا و زمانەکەیان نووسیوە، زۆربەیان لە ڕووی زمانەوانییەوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە زازاکی کوردی نییە و زازاش گروپێکی ئەتنیکی جیاوازن نابێ کورد بن. زۆربەشیان بەبێ لێکۆڵینەوە ئاماژە بە کارەکانی ڕۆژهەڵاتناسی پێش خۆیان دەدەن وەک تێزێکی زانستی سەبارەت بە ئەسڵی زازا و زارەکەیان ئەم بۆچوونە دووبارە دەکەنەوە، بەڵام هەندێکیان وەک تێری لین تۆد کە لەسەرەوە ئاماژەی پێ درا، پێی وایە زازا بە نەتەوە کوردن ئەمە هەرچەندە زارەکەیان جیاوازیی لەگەڵ زارەکانی دیکەی کوردیدا هەیە.

ئەم میتۆدە لە کارکردن و توێژینەوە لای ئەوروپییەکان لەسەر زازا و گۆران لە ماوەی سەدەی ڕابردووەوە هەتا ئێستا هەر بەردەوامە و وەک میتۆدێکی زانستی کاری پێ دەکرێ و هاتووە بۆ ناو لێکۆڵینەوەکانی هەندێک لە زازاکان و ئەوانیش بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زازاکی کوردی نییە.

## زازاکی زارە یان زمان؟

لە زۆربە ئەو کتێبانەی کە لە لایەن کوردناسە ئەوروپییەکان لەبارەی زازاکان نووسراون، زازاکی بە زمانێکی سەربەخۆ دادەنێن کە سەر بە زمانە ئێرانییەکانی باکووری

ڕۆژئاوایە، و زازاکانیش وەک گرووپێکی ئەتنیکی سەربەخۆ ناو دەبەن.[1] ئەمڕۆش لە نێو زازاکان بە هۆکاری جیاواز بە تایبەت لە دوای هەشتاکانی سەدەی بیستەم، هەندێک لە زازاکان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زازاکی زارێکی زمانی کوردی نییە، بەڵکو زمانێکی سەربەخۆیە.

لەم بەشە هەوڵ دەدەین جیاوازیی زار و زمان ڕوون بکەینەوە، پێوەرەکانی جوداکردنەوەی زار و زمان دەستنیشان بکەین بۆ ئەوەی لە ڕووی زمانەوانیی کۆمەڵایەتییەوە بۆ ئەم پرسە زمانییە ئەنجامێکی ڕاست و دروست بە دەست بێنین.

جوداکردنەوەی زار لە زمان بابەتێکی ئاڵۆزی زمانەوانییە تا ئێستاش بە پێوەر زمانەوانییەکان ئەم کێشەیە یەکلا نەکراوەتەوە وەک پێوەری لەیەکگەیشتن و لەیەکنەگەیشتنی دوو شێوەزمان یان پێوەری نزیکی یان وەکیەکی پێکهاتەی دوو شێوەزمان لەگەڵ یەک. کە ئەم پێوەرانە بۆ زۆرێک لە زارەکانی زمانی نەتەوەکان چەند پێوەرێکی نەشیاو و نەگونجاون بۆ جوداکردنەوەی زار لە زمان، بۆیە زمانەوانان پێیان وایە جوداکردنەوەی زار لە زمان لە دەرەوەی پێوەرە زمانەوانییەکانە و پرسێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتوورییە(Chambers & Trudgill, 1998:4-5). زارەکانی هەموو زمانێک کۆمەڵێک تایبەتمەندیی ڕێزمانی و دەنگسازی و وشەسازی هەیە، هەندێک جار دوو زاری زمانێک بە ڕادەیەک لە یەک جیاوازن، بە زەحمەت لە یەک تێدەگەن. بۆیە ئەگەر بەم پێوەرە بێت، زۆرێک لە زارەکانی دنیا دەبێ بە زمان حیساب بکرێن. نیوەی لەهجە عەرەبییەکانی ڕۆژئاوای وڵاتانی عەرەبی، کە لە لەهجە ڕۆژهەڵاتییەکان تێ ناگەن دەبێ ببن بە زمان. زۆربەی زارەکانی زمانی چینی دەبێ بە زمان حیساب بکرێن، چونکە ئەوانیش لە یەک تێ ناگەن. بەڵام لە نێوان هەندێک دوو زمان لە یەکگەیشتن هەیە وەک سوێدی و نەرویجی و دانیمارکی لە ئەوروپا، کە ئەمانە زمانی جیاوازن و دەتوانن لە زمانی یەکدی تێ بگەن. کەواتە ئەم پێوەرە بۆ جوداکردنەوەی زار لە زمان بە ڕاست دانانرێت.

لە نێوان زار و زمان، کۆمەڵێک ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کولتووری و سیاسی هەیە ڕۆڵیان لە دەستنیشانکردنی ناسنامەیان هەیە و سنووری نەتەوەیی ئاخێوەرانی دیار دەکات، لە هەندێك شوێن بە یەکەوەیان گرێ دەدات لە هەندێک شوێنی دی لەیەکیان جودا دەکاتەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی ئاخێوەرانی ئەو شێوەزمانەش خۆیان بڕیار دەدەن کە ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەن سەر بە چ زمانێکە و خۆشیان سەر بە چ نەتەوەیەکن.

1 - هاوکات بە هۆی هاوڕیشەیی زازا و گۆران - هەورامی لەگەڵ یەک، ڕۆژهەڵاتناسان گۆران و هەورامیش بە هەمان پێوەری زمانەوانی لە زمانی کوردی دادەبڕن و لە دەرەوەی زارەکانی زمانی کوردی پۆلێنیان دەکەن، چونکە بە کوردییان نازانن.

بۆیە هەر لەم ڕوانگەوە بۆ دەستنیشانکردنی ناسنامەی زازا و زمانەکەیان کۆمەڵێک پرسی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و مەزهەبی و سیاسی دێنە نێو باسەکە و ڕۆڵیان دەبێت لەوەی کە ئەم شێوەزمانە سەر بە کام زمان و کام نەتەوەیە.
لە ڕووی مێژووییەوە، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا بە درێژایی مێژوو، زازکان بە هەموو ناوە جیاوازەکانیان وەک دملی و کرمانج و کرد، پێکهاتەیەکی کورد بوون و زارەکەشیان بە زارێکی کوردی دانراوە. لە هیچ سەردەمێک لە مێژوودا هیچ ئاماژەیەک نییە زازا بخاتە دەرەوەی پێکهاتەکانی نەتەوەی کورد، تەنانەت لە کاری ڕۆژهەڵاتناسیشدا لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەمدا، یەکەم کەسێک کە کاری لەسەر دەقی زازاکی کردووە پیۆتەر لێرخ؛ زازای بە پێکهاتەیەکی کوردی داناوە لەپاڵ پێکهاتەکانی دی. بەڵام لە کارەکانی دواتری ڕۆژهەڵاتناسی لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەم کێشەیە هاتە گۆڕێ وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا کە بەپێی پێوەرە زمانەوانییەکان؛ زازاکی وەک زارێکی زمانی کوردی جودا کرایەوە، وەک زمانێکی سەربەخۆی زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژئاوا پۆلێن کرا.
ئەوەی مایەی سەرنجدانە لە کاری ڕۆژهەڵاتناسان کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەمەوە دەستی پێ کرد و هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە، ئەوان لە پرسی جوداکردنەوەی زار و زمان لە ڕوانگەیەکی زمانەوانیی پەتییەوە تەماشای زار و زمانیان کردووە. لە توێژینەوەکانیان بۆ زمانی کوردی لە بەراوردکاریی دوو زمان و دوو زار، ڕوانگەیەکی وەسفی مێژوویی بە شێوەی دایاکرۆنیک (گەشەکردنی زمان بە تێپەڕبوونی کات) بووە، گەڕان بووە بە دوای ڕەگوڕیشەی زمانەکە و زارەکە، زیاتر ڕەچاوکردنی گۆڕانی مێژوویی دەنگ بووە لە زمان و زارەکاندا، کە بەم میتۆدە زمانەوانییە پەتییە، هەموو زمانەوانە ڕۆژئاواییەکان سەیری جیاوازیی زار و زمانیان کردووە، لایەنە کۆمەڵایەتی و مێژووی و کولتووریی ئاخێوەرانیان ڕەچاو نەکردووە، هەر بۆیە کاتێک بەراوردی گۆران – هەورامی لەگەڵ کوردیی ناوەندییان کردووە، یان زازاکی و کورردیی باکووریان کردووە دەبینین مێژووی گۆڕانی دەنگی نێوان ئەم دوو زارە هاوکات و وەک یەک نییە، هەر دوو زار بە دوو ڕەوتی جیاوازیی گۆڕانی دەنگی تێپەڕیون، بۆیە یەکسەر بە ئاسانی ئەم زارەیان لە یەک دابڕیوە کە ئەم دوو زارە لە یەک ڕیشەوە نەهاتوون و خزمایەتییان لەگەڵ زمانێکی دی هەیە کە لە دەرەوەی گۆڕانە دەنگییەکانی زمانی کوردییە،.. بەم پێیە بەراوردی زازاکی و هەورامییان کردووە لەگەڵ گۆڕانی دەنگی زار و زمانەکانی دەریای خەزەر: گیلەکی، مازندەرانی، سێمنانی، تالشی،.. دەبینن ئەم دوو زارە کوردییە لەڕووی گۆڕانی دەنگی و گەشەکردنی سیستەمی دەنگسازی لەگەڵ زمانەکانی ئەو هەرێمە یەک ڕیشەی هەیە، بۆیە دوای ئەوە یەکسەر بڕیاریان دا کە ئەمانە لە ڕیشەدا کوردی نین، دەچنەوە سەر کۆمەڵە زمانێکی دی کە لە ناوچەیەکی دیکەوە بۆ ئەو ناوچەیەی ئێستایان لە کوردستان کۆچیان کردووە. ئەم جۆرە تێڕوانینە بۆ زمان و زار؛ ڕوانگەیەکی زاڵی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەورووپی بووە بۆ ناساندنی زارە کوربییەکان و دەستنیشانکردنی ناسنامەی زمانی کوردی.

هەر لەسەر هەمان پێوەری زمانەوانی، زمانەوانێکی وەک دەیڤید مەکەنزی کاتێک بەراوردی کوردیی باکوور لەگەڵ کوردیی ناوەندی دەکات پێی وایە نەک هەر زازاکی و هەورامی کوردی نین، بەڵکو ئەم دوو زارە سەرەکییەش نابێ پێکەوە سەر بە یەک زمان بن. لەم ڕوانگەیە، خەسڵەتی جیاکەرەوەی زمانێک، یەکێتیی سیستەمی دەنگسازییە (گۆرانی دەنگی) یان وردتر گۆڕانی وشەسازییە (مۆرفۆلۆجی)یە، زۆر کەم ئاماژە بە ڕێزمان دراوە (Hassanpour, 2012: 51).

ئەم روانگە ڕۆژهەڵاتناسییە ئەوروپییە، کە بە میتۆدی زانستی ناسراوە لە نێو زانکۆکانی ئەوروپا و توێژەرانی زمانەوانی بڵاو بووەوە، دواتر بوو بە ڕوانگەی هەندێک لە ڕۆشنبیرانی کوردیش کە بڵێن زارەکەی ئێمە بە ئەسڵ کوردی نییە و زمانێکی سەربەخۆیە. لە هەمان کاتدا ئەم ڕوانگە زمانەوانییە بەهانەیەکیش بووە بە دەستی نەتەوە سەردەستەکانی کوردستان بۆ ئەوەی نەتەوەی کورد و زمانەکەی زیاتر پەرتەوازە بکەن و بڵێن کوردی زمان نییە، بەڵکو کۆمەڵە زمانێکە و هیچیان ناچێتەوە سەر یەک، هەروەها کوردیش نەتەوە نییە، چونکە یەک زمانی هاوبەشی بۆ قسە کردن و نووسین نییە. هەر ئەم ڕوانگە زمانەوانییە دێتە نێو ڕۆشنبیرانی زازا کە هەمان بۆچوونی ڕۆژهەڵاتناسی سەبارەت بە زارەکەیان دووبارە بکەنەوە.

لەم ڕووەوە دوو بۆچوون هاتە کایەوە: نەتەوەخوازە کوردەکان (کە بەشێکی زۆری زازاشیان لەگەڵە) زازاکی بە زارێکی زمانی کوردی دادەنێن، بەڵام لە بەرانبەر ئەمە زازا نەتەوەخوازەکان ئەم بۆچوونە ڕەت دەکەنەوە، زازاکی بە زمانێکی سەربەخۆی زمانە ئێرانییەکان دادەنێن و زازاش بە نەتەوەیەکی سەربەخۆ دادەنێن.

زازا نەتەوەخوازەکان پێیان وایە کورد وەک نەتەوە و کوردی وەک زمان، دوو چەمکی گشتین، نەتەوەیەک نییە بە یەک گروپی ئەتنیکی پێی بگوترێ کورد، بەڵکو چەند گروپێکی ئەتنیکییە وەک کورمانج، زازا، سۆران، گۆران و بە چەند شێوەزمانی جیاواز قسە دەکەن، کە لەژێر ناوی کورد کۆبوونەوە یەک زمانی کوردی سەرانسەریش نییە کە هەموو کورد قسەی پێ بکات، بەڵکو هەر یەک لەم گروپانە بە شێوەزمانێک قسە دەکەن کە بە ڕێزمانیش لە یەک جیاوازن. بۆیە چەند زمانێکی کوردی هەیە وەک کورمانجی و سۆرانی، کەواتە چۆن دەبێت زازاکی زارێک بێت لە زمانێک کە نییە(Eker:3).

ئۆلیڤەر ئایمار وەک زازایەکی نەتەوەخواز دەڵێت: " کورد دەڵێن زمانەکەمان لە چەند زارێک پێک هاتووە کە یەکێکیان زازاکییە، بەڵام ئەوان شتیکیان لەبیر کردووە، ئەگەر زمانی کوردی لە چەند زارێک پێک هاتووە ئەدی زمانی کوردی کوا؟ چۆن دەبێ زمانێک کە نییە چەند شێوەزارێکی هەبێت؟ " دواتر ئاماژە بە گوتەیەکی ئەرنیست ڕێنان دەدات کە ئاماژەی بەوە داوە کە ئەگەر دوو کەس هاتنە بەرانبەر یەک و لە زمانی یەک تێ نەگەیشتن کەواتە ئەوانە دوو گەلی جیاوازن. ئەمڕۆ زازا و کورد لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدان، کورد لە زمانی زازایەک تێ ناگات" (Aymar,2020:37).

نووسەری زازای عەلەوی نەتەوەخواز لە دەرسیم حوسێن چاغلایان(چاغلایان، ٢٠٢١) لە چاوپێکەوتنێکدا سەبارەت بە پرسی ناسنامەی زازایی دەڵێ: " کرمانجکی(زازاکی) زمانێکی سەربەخۆیە و لەهجەیەکی کوردی نییە، ئەمە هەرچەندە زازا و کورد لە جوگرافیایەک پێکەوە ژیاون و لە رووی کۆمەڵایەتییەوە کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشیان هەیە، بەڵام زمانەکە جیاوازە لەگەڵ کورمانجی. ئەم زمانە سێ هەزار ساڵ پێش ئێستا لە کوردی جودا بووە. هەروەها دەڵێ: ئێمە لە زانکۆ خوێندکاری کوردمان هەیە کورمانجە، هیچ لە ئێمە تێ ناگات و ناتوانی یەک ڕستەش بە زازاکی قسە بکات، کەواتە ئەمە زمانە و سەربەخۆیە بۆ لەهجەیەکی کوردی بێت؟ ئەمە بێجگە لەوەی کە زۆربەی زمانەوانە ئەوروپییەکان جەخت دەکەنەوە کە زازاکی زمانێکی سەربەخۆیە و لەهجەیەکی کوردی نییە. ئێمە پێویستە سەربەخۆ بین، نابێ کورد وەک تورک بکات کە هەوڵی داوە کورد و زازا ئەسمیلە بکات، ئەمڕۆ کوردی کورمانجیش بە هەمان شێوە هەوڵ بدەن ئێمە ئەسمیلە بکەن. پێویستە زازا و کورمانج و سۆران، سەربەخۆ بن، ئەمانە سێ زمان و سێ نەتەوەن، دەکرێ ئیمە وەک سویسرا چەند نەتەوە و چەند زمان بین لە یەک دەوڵەتدا هەر نەتەوە مافی خۆی هەبێت و سەربەخۆ بێت".
محەمەد ئەسلانۆغلاری( ئەسلانۆغلاری، ٢٠٢١) زازای بینگۆڵ لە چاوپێکەوتنێکدا، لەم بارەوە دەڵێت: " لە سەرەتا کە منداڵ بووم هیچم لەبارەی نەتەوە نەدەزانی، کە چووم بۆ قوتابخانەی سەرەتایی هەستم کرد من کوردم، بەڵام دواتر کە گەورە بووم، زیاتر فێر بووم و ئاشنا بووم بە بۆچوونەکانی لودڤیک پاول لەبارەی زازاکی، ئەوجا بۆم ڕوون بووەوە کە ئێمە جیاوازین لەگەڵ کورمانجی و سۆرانی، ئێمە زازاین و زمانەکەمان لە کوردی جیاوازە". لە بۆچوونی ئەم نووسەرە زازا نەتەوەخوازانە دیارە کە لە بانگەشەیان بۆ پرسی زمانی سەربەخۆی زازاکی پشت بە پێوەری لەیەکگەیشتن و لە یەکنەگەیشتن دەبەستن، کە ئەمەش لە زمانەوانیدا کارپێکراو نییە و گونجاو نییە.
ئەم ڕوانگە زمانەوانییە، کۆمەڵێک ئیشکالیەتی هەیە، زمان تەنیا لە ڕوانگەی جیاوازییە ڕێزمانی و دەنگسازی و وشەسازییەکانەوە سەیر دەکات، یان لەیەکگەیشتن و لەیەکنەگەیشتن دەکەن بە پێوەر، کە ئەم جیاوازییانەش بۆی هەیە لە نێوان زارەکانی هەموو زمانێکدا هەبێت، تەنانەت نەک هەر لە نێوان زازاکی و کوردیی باکوور، بەڵکوو لە نێوان هەر دوو زاری سەرەکیی کوردیی باکوور و ناوەندییشدا هەیە، ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسییەکان ڕەچاو ناکات کە ئەم زارانە بە درێژایی مێژوو بەشێک بوون لە زمانی کوردی و ئاخێوەرانیشی کۆمەڵێک پەیوەندیی هاوبەش بە یەکەوەیان گرێ دەدات، وەک مێژوو و نەتەوە و کولتوورێکی هاوبەش و مەسەلەیەکی سیاسیی هاوبەش، کە مەسەلەی نەتەوەی کوردە و یەک نیشتمان و یەک چارەنووسی هاوبەشیان هەیە. ئەم ڕوانگە زمانەوانییە، بەهۆی چەند گۆڕانێکی دەنگی و وشەسازی کە لە نێوان دوو زاری کوردیدا هەیە، بە ئاسانی ئەو هەموو تایبەتمەندییەی کە ئاخێوەرانی بە یەکەوە هەیانە دادەپچڕێت و لە یەکیان جودا دەکاتەوە.

بوونی گروپی ئەتنیکی جیاواز لە نێو نەتەوەیەک بە زاری جیاواز و ئایین و مەزهەبی جیاواز لە نێو زۆربەی نەتەوەکانی دنیا تایبەتمەندییەکی باوی نەتەوەکانە، نەتەوەی عەرەب بە دەیان گروپی ئەتنیکی بە زاری جیاواز و دین و مەزهەبی جیاوازی تێدایە و هەمووشیان خۆیان بە عەرەب دەزانن، بەڵام یەک زمانی عەرەبی هاوبەش هەموویانی کۆ کردووەتەوە. بەڵام کورد لەبەر هۆکاری سیاسی و ئابووری، هێشتا دەرفەتی ئەوەی بۆ هەڵنەکەوتووە لە قەوارەیەکی سیاسی کۆ بێتەوە و یەک زمانی هاوبەشی هەبێت؛ لە سەردەمی نوێش بەهۆی پارچەبوونی نیشتمانەکەی، لەهجەکانی زیاتر لە یەک دوور کەوتوونەتەوە و جیاوازییەکان زیاتر بوون. ئەمە وێڕای ئەوەی کە سیاسەتی ئەسمیلەکردن و چەوساندنەوەی نەتەوەیی لە لایەن نەتەوە سەردەستەکانی عەرەب و فارس و تورک، لێ نەگەڕاون نەتەوایەتیی کوردی بە شێوەیەکی سروشتی گەشە بکات و جیاوازییە لەهجەییەکان کەم بێتەوە. سیاسەتی نەتەوە سەردەستەکان ئەوسا و ئێستاش جیاوازیی لەهجە و جیاوازیی دین و مەزهەب دەکەن بە ئامرازێک بۆ زیاتر پارچەکردن و پەرتەوازەکردنی کورد.

هیچ گومان لەوەدا نییە کە زازاکی و هەورامی لە زۆر ڕووەوە تایبەتمەندیی زارێکی کۆن(ئارکایک)ی ئێرانی ناوەندییان تێدایە، کە ڕیشەی هاوبەشی لەگەڵ زمانە ئێرانییەکانی دیکەی باکووری ڕۆژئاوا هەیە، وەک زمانە ئێرانییەکانی دەریای خەزەر، ئەگەر لە هەندێک لایەنی وشەسازی کۆمەڵێک خاڵی هاوبەشی لەگەڵ ئەو زمانانە هەبێت، بەڵام بە ڕێزمان و فەرهەنگۆکی وشە و سیستەمی دەنگسازی، تەواوێک لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی نزیکە، کە لە ئەنجامی پێکەوەژیانی زازا و گۆران و هەورامی و کورمانج و لەک و لوڕ، لە ماوەی هەزاران ساڵ، هەموو زارەکان ڕەنگی یەکدیان وەرگرتووە و بە ڕێزمان و فەرهەنگۆکی وشە لە یەک نزیک بوونەوە، هەموو زارەکانیش پێکەوە ناسنامەی زمانێکی هاوبەشیان بۆ کورد پێک هێناوە کە زمانی کوردییە.

سەبارەت بەم لایەنەی زمان ڕۆی هاریس دەڵێت: " پێکهێنانی زمان بە تەنیا چەند سیستەمێکی هێما زمانییەکان نییە، بەڵکو پرۆسەیەکی بنچینەییە کە مرۆڤەکان لە ڕێی زمانەوە ناسنامەی کولتوریی خۆیان و ئەو کۆمەڵگەیەی لەسەر بنیات دەنێن کە ئینتیمایان بۆی هەیە(Harris,1980: preface). هەر لەم ڕوانگە زمانیی کۆمەڵایەتییەوە، کۆمەڵگەی کوردی کە بە درێژایی مێژوو لە نێوان کورمانج و زازا کێشەی زمان و زاری نەبووە، چونکە لەم ڕوانگە کۆمەڵایتییەوە لە زمانیان ڕوانیوە نەک لە ڕوانگەی جیاوازییە فۆنەتیکی و ڕێزمانییەکان.

کێشەیەکی دیکەی زار و زمان کە لای هەندێک لە ئاخێوەرانی ئەم زارانە هەیە، پێیان وایە ئەگەر شێوەزمانەکەیان بە زار دانرا ئەوا لە پلەوپایەی شێوەزمانەکەیان کەم دەکاتەوە، بۆیە پێویستە ئەویش هەر بە زمان ناو ببرێت کە هیچی لە زارێکی دیکەی کوردی کەمتر نییە. ئەم بۆچوونە لە ڕووی تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان زار و زمان زۆر هەژارە. هەموو زمانێک لە زار دەست پێ دەکات و گەشە دەکات و بە ستاندار دەکرێت و

وەک زمانێکی باڵادەست کاری پێ دەکرێت، تەنانەت ئەو زارە کوردییانەش کە گەشەیان کردووە و لە دوو بەشی کوردستان ڕۆڵی زمانی هاوبەش دەگێڕن، کە زاری کوردیی باکوور و زاری کوردیی ناوەندییە، ئەمانەش دوو زارن، دوو زمان نین، بەڵام دوو زاری ستاندارد و باڵادەستن کە لە زمانەوانیدا پێی دەگوترێت superstratum . سوپەرستراتوم ئەو زارە یان ئەو زمانە باڵادەست و خاوەن پلەوپایەیە کە لەڕووی زۆریی ژمارەی ئاخێوەرانیان و بەکارهێنانەوە لە زارەکانی دی یان زمانەکانی دی بایەخی زیاتر و باڵادەستترە. زاری کوردیی باکوور (کورمانجی) و کوردیی ناوەندی لەم دوو بەشەی کوردستان ڕۆڵی ئەو زارە باڵادەستە دەگێڕن، کە لە هەورامی و زازاکی بە دانیشتوان زۆرترن، هەروەها لەڕووی گەشەکردن و پێشکەوتنەوە دەرفەتی زیاتریان بۆ ڕەخساوە. بوونی ئەم دوو زارە باڵادەستە، لە پلەوپایەی زارەکانی دی کەم ناکاتەوە، زارەکانی دیکەش بەپێی قەوارەی خۆیان وەک زاری substratum دەکرێ ڕۆڵی خۆیان هەبێت لە ناوچەی خۆیان گەشە بکەن و بە ستاندارد بکرێن. ئەم تایبەتمەندییە زمانییە لە نێو هەموو زارەکان و زمانەکاندا هەیە، زارێک زۆری پێ نووسراوە و پلەوپایەی بەرزترە لە زارێکی دی کەمتری پێ نووسراوە. چالاکییەکانی گروبا خەباتە یا ڤاتەیی بۆ بڵاوکردنەوە بە زازاکی لە باکوور، لە بەرانبەر زاری باڵادەستی کورمانجی هەمان ڕۆڵی سەبستراتوم دەگێڕێ، و هەورامیش لە باشوور لە بەرانبەر زاری باڵادەستی کوردیی ناوەندی، ئەویش ڕۆڵی سەبستراتوم دەگێڕێ. بەکارهێنانی چوار زاری کوردی لە دوو بەشی کوردستان لە ئاستی جیاواز، باشترین بەڵگەیە کە هیچ ڕێکارێکی ئەسمیلەکردنی زار و زمان لای کورد لە ئارادا نییە. کوردی کورمانج ڕێگەی لە گەشەکردنی زازاکی نەگرتووە و نایەوێت زازاکی ئەسمیلە بکات. وەک ئاشکرایە لەماوەی سەدەی ڕابردوودا ئەوەی زازاکی و کورمانجی ئەسمیلە کردووە دەوڵەتی تورکیایە، کورد نییە.

ناساندنی زارێک بە زمان، لە رووی ناسنامەوە واتە ئەو زارە چیدی پەیوەندیی بەو زمانەوە نامێنێت و لە ڕووی ناسنامەی نەتەوەییەوەش سەربەخۆیە، بۆیە لەبەر ڕۆشنایی ئەم ڕوونکردنەوانە، زازاکان وەک بەشێک لە نەتەوەی کورد، ئەو پەیوەندییە کولتووری و نەتەوەییەی پێکەوە گرێیان دەدات، زۆر گرنگە زارەکەشیان وەک زارێکی زمانی کوردی ناوی بێت.

## شوێنی زازاکی لە نێو زارە کوردییەکاندا

لای هەموو زمانەوانەکانی کورد لە دابەشکردنی زارە کوردییەکان، زازاکی بە یەکێک لە زارە کوردییەکان دانراوە، و لە زۆربەی دابەشکردنەکانیش بە بنزارێکی زاری گۆران دانراوە، چونکە لە ڕووی پێکهاتەی زمانەوە زازاکی بە ئاستەکانی زمان دەچێتەوە سەر ئەو کۆمەڵە زارەی کە لە باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە زاری کوردیی گۆران - هەورامی ناسراوە، هەر بۆیە لە زۆربەی پۆلێنکردنەکان لە ژێر ناوی گۆران دانراوە، ئەمە

لەکاتێکدا هیچ پەیوەندییەکی ئەتنیکی و عەشیرەتی لە نێوان زازا و گۆراندا نییە، ئاخێوەرانی زازاکیش هەرگیز بە گۆران نەناسراون، بەڵام لەبەر نزیکی پێکهاتەی زمان بە گۆران ناویان بردوون، بۆیە نابێت زارەکەشیان بخرێتە ژێر ناوی گۆرانەوە، پێویستە وەک زارێکی سەربەخۆ بناسرێت کە هاوڕیشەیە لەگەڵ زاری گۆران - هەورامی.

ئەم پێکهاتە کوردییە سەرەڕای ئەو ناوە جیاوازانە کە هەیانە کرمانج و کرد و دملی، وەک لە سەرەوە ئاماژەی پێدرا، بەڵام ئەمڕۆ زیاتر بە زازا ناسراون. ناوی زازاش، وەک لە سەرەوە ڕوون کرایەوە، زیاتر لە دەرەوە لە لایەن توێژەرانی بێگانە و زازاکانی هەندەران ئەم ناوەیان زیاتر برەو پێدا و کردیان بە ناوێکی ڕەسمی بۆ ئەم پێکهاتە کوردە و زارەکەش ناوی بوو بە زازاکی(Mosaki, 2012)، بۆیە لە دابەشکردنی زارەکانیش هەر بە زازا و زازاکی ناویان هاتووە.

بڵاوبوونەوەی زازا لە باکووری کوردستان لە جوگرافیایەکی فراوان و دوور کەوتنەوەیان لە یەک، هەروەها قەدەغەبوونی زارەکەیان لە تورکیا لە ماوەی سەدەی ڕابردوودا، و نەخوێندن و نەنووسین پێی، چەند شێوەزارێکی ناوچەیی زازاکی پەیدابوون، هەندێک جار شێوەزارەکانیش بۆ چەند دەڤۆک دابەش بوون کە لە گوندێکەوە بۆ گوندیکی دی جیاوازییان هەیە. بۆیە کاتێک زازایەکی دەرسیم لەگەڵ زازایەکی خەرپێت دەگەن بە یەک، باش لە یەک تێ ناگەن، جیاوازیی ئەکسێنت و فۆنەتیک و وشەسازی لە نێوان شێوەزارەکانیاندا هەیە، کەواتە لەیەکنەگەیشتن دەکرێ لە نێو ئاخێوەرانی یەک زاریشدا هەبێت. زازاکی، لەگەڵ کوردیی باکوور (کورمانجی) لە ڕووی پێکهاتەوە جیاوازن، بەڵام بە ڕیشەی وشەی هاوبەش لە یەک نزیکن. زۆربەی زازاکان دەتوانن بە کوردیی باکوور بدوێن، بە تایبەت ئەو زازایانەی کە لەگەڵ کورمانجەکان تێکەڵن، وەک زازاکانی ئامەد، سێورەگ، مۆتکان، ... چونکە کورمانجی یان کوردیی باکوور لە باکووری کوردستان، زارێکی باڵادەست و هاوبەشە بۆ کورد، بەڵام زازاکانی بینگۆل و دەرسیم بەهۆی تێکەڵ نەبوونیان لەگەڵ کورمانجەکان و گۆشەگیریی جوگرافی ناوچەکەیان تەنیا شێوەزارە زازاکییەکەی خۆیان دەزانن و کورمانجی نازانن.

بە دەگمەن کوردێکی کورمانج بە زازاکی قسە دەکات، وەک هەمان ئەو بارودۆخە زمانییە کە لە باشوور هەیە لە نێوان ئاخێوەرانی هەورامی و کوردیی ناوەندی (سۆرانی)، هەموو ئاخێوەرانی هەورامی بە کوردیی ناوەندی قسە دەکەن وەک زارێکی ستاندارد و هاوبەش، بەڵام بە دەگمەن کوردێکی ئاخێوەری کوردیی ناوەندی بە هەورامی قسە دەکات.

لە لایەن نووسەرانی زازا چەند دابەشکردنێک بۆ شێوەزارەکانی زازاکی کراوە:

ئەحمەد سەیاری(Seyarî, 2014:17)، زازاکی لە ڕووی جیاوازیی لەهجەییەوە بۆ سێ بنزاری جیاوازی دابەش کردووە:

١- زازاکی باکوور (کرمانجکی) کە لەم ناوچانە قسەی پێ دەکرێ: دەرسیم، قۆچگیری، وارتۆ.

٢- زازاکی ناوەندی (کردکی) کە لەم ناوچانە قسەی پێ دەکرێ: بینگۆل و ئەلعەزیز و پالو.

٣- زازاکی باشوور (دملکی) کە لەم ناوچانە قسەی پێ دەکرێ: سێورەگ، چەرمک، گەرگەر.

لە لایەکی دیکەوە، ڕۆشان لەزگین (Lezgîn,2013) شێوەزارەکانی زازاکی بۆ دوو شێوەزار دابەش کردووە: ١- شێوەزاری دەرسیم ٢- شێوەزاری دەرەوەی دەرسیم. لە نێوان ئەم شێوەزارەش جیاوازیی سەرەکی لە گۆڕانی دەنگسازی و بەکارهێنانی کارەکانە. وەک لەم ڕستەی خوارەوە جییاوازییەکان نیشان دراون:

**شیوەزاری دەرەوەی دەرسیم: ما نانێ خوە وەنێ، ئەگێرەنێ شنێ کەیێ خوە.**

**شێوەزاری دەرسیم: ما نۆنێ خۆ وەنە، جێرەمە را سۆنە ڤە چەیێ خۆ.**

**کوردیی باکوور(کورمانجی): ئەم نانێ خوە دخوین، ڤەدگەرن دچن مالا خوە.**

لە بەراوردی نێوان هەردوو شێوەزار بە دیار دەکەوێت کە جیاوازییەکان زیاتر لە گۆڕانی دەنگییە لە نێوان **ش** و **س** کە **ش** لە شێوەزاری دەرەوەی دەرسیم، لە شێوەزاری دەرسیمدا دەبێت بە **س**، هەروەها **گ** دەگۆڕیت بۆ **ج**، **ک** دەگۆڕیت بۆ **چ**، **ئا** دەگۆڕێت بۆ **ۆ**، **ێ** بۆ **ە**.

زمانی کوردی چوار زاری سەرەکی هەیە، کە لەم چوارە، سێ زار بە شێوەی جوگرافی دەستنیشان دەکرێن و ئەمانەن: کوردیی باکوور کە بە کورمانجیش ناسراوە، کوردیی ناوەندی کە بە هەڵە بە سۆرانی ناسراوە، کوردیی خواروو کە بە هەڵە بە کەڵهوڕی ناسراوە، زاری چوارەم کە هیچ ئاراستەیەکی جوگرافی نییە، زاری کوردیی گۆران - زازایە کە ئەم زارە بە پەرشوبڵاوی لە سێ بەشی کوردستاندا بڵاو بووەتەوە. لەم توێژینەوەیە ئەم دابەشکردنە بۆ زاری کوردیی گۆران – زازا کراوە، زازاکی لە گۆران جودا کراوەتەوە و بنزار و شێوەزارەکانی هەردوو زاریش دەستنیشان کراون:

**زاری کوردیی گۆران – زازا، دوو کۆمەڵە زاری کوردی دەگرێتەوە کە ئەمانەن:**

**کوردیی گۆرانی – هەورامی: چەند بنزار و شێوەزارێکی هەیە: هەورامی، ماچۆ، باجەڵانی، شەبەکی.**

**زاری کوردیی زازاکی: چەند بنزار و شێوەزارێکی هەیە: کرمانجکی (دەرسیمی، شێوەزاری باکوور)، کردکی و دملکی(شێوەزاری خواروو).**


## مێژووی ئەدەبیات بە زازاکی

لە ڕووی نووسراوی ئەدەبییەوە زازاکی بە پێچەوانەی زاری کوردیی گۆران کە ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەندی کلاسیکیی کوردی پێ نووسراوەتەوە، بەڵام زازاکی بە دەگمەن نەبێت هیچ دەقێکی ئەدەبی وەک شیعر یان پەخشانی پێ نەنووسراوە. هەتا کۆتایی سەدەی نۆزدەم تەنیا یەک مولوودنامە بە شیعر بە زازاکی نووسراوە. بەڵام هیچ گومان لەوەدا نییە زازاکی بۆ ئەدەبی زارەکی (دەڤۆکی) ئەدەبێکی دەوڵەمەندی هەیە کە داستانی دڵداری و چیرۆکی ئەفسانەیی و پەند و قسە نەستەق و گۆرانیی فۆلکلۆری دەگرێتەوە. خۆشبەختانە لەم چەند دەیەی ڕابردوودا نووسەر و ڕۆشنبیرە زازاکان بەشێکی زۆری ئەم ئەدەبیاتە دەڤۆکییەیان کۆ کردووەتەوە و بڵاو کراوەتەوە و لە فەوتان ڕزگار کراوە.


دەستپێکی دەقی نووسراوی زازاکی مەولوودنامە بووە، کە تا ئێستا حەوت مەلوودنامە بە زازاکی نووسراون. کۆنترینیان هەتا ساڵی ١٩٦٠ دوو مەولوودنامەیە: یەکەمیان لە کۆتایی سەدەی نۆزدەم لە لایەن ئەحمەدێ خاسی(١٨٦٧ - ١٩٥١) نووسراوە بە شیعر کە ئەوسا موفتی شاری لجێ بووە لە نزیک دیاربەکر. ئەم مەولوودنامەیە ناوی (مەولوودنامەی کردی) بووە، ئەم ناوە ئاماژەیە بۆ ناوی ئەو شێوەزارە زازاکییە لە ناوچەی لجێ کە بە کردی ناسراوە. ئەم مەولوودنامەیە لە ساڵی ١٨٩٩ لە دیاربەکر بە چاپی بەردین ٤٠٠ دانەی لێ چاپ کراوە. ٣٨٠ بەیتە(Uzun, 2017).

ئەمەی خوارەوە چەند دەقێکی ئەم مەلوودنامەیە کە لە ڕێنووسی کوردی- لاتینییەوە خراوەتە سەر ڕێنووسی کوردی- عەرەبی:

ئەز ب بیسمیلاهی ئیبتیدا کەنا　　رازقێ عامان و خاسان پیا کەنا.
ڕەبی حەمد و شوکری ئانجاخ تۆرێ بی　　کیبر و مەدح و فەخری پێرۆ تۆرێ بی
چەندە رەی بێ ما سیوا بی حەمدێ ما　　لا بەلێ نیرێ حیسابان چەندی ما
حەمد و شوکری تو ئەدا قەت نیبەنێ　　ما سەرا ڕەبی، تی زانێ ڤینەنی
حالی میسکین و فەقیر و ناقسان　　ڕووڕەش و زەرسیاهی زەی هەسان
هەر نەفەس دە ڤاجێ حەمد و شوکرێ تو　　واجیبو بێ شوبهە ئانجی هەقی تو
مانەنۆ ئینە سەر و شوکرێ چمان　　دەست و لنگ و پیبا بە ئەعزائی بینان
کەی یەنۆ جا ڕەبی، هەقێ شوکری تو　　گەر ئەزەل را تا ئەبەد ما زکری تو




**دەستنووسی مەولوودنامەی ئەحمەدێ خاسی**



**ئەحمەدێ خاسی**

مەولوودنامەی دووەم لە لایەن عوسمان ئەفەندییێ بابژ (١٨٥٢ -١٩٢٩) بە شیعر نووسراوە، موفتی شاری سێورەگ بووە، ئەم دەقە بە بنزاری دملکییە و لە ساڵی ١٩٠٦ نووسراوە لە ٢٠٤ شەش بەیتی پێک دێت. دەستنووسی ئەم مەلوودنامەیە لە لایەن مەلا نەزیرەوە دەکەوێتە دەست جەلادەت بەدرخان و ئەویش ئەم دەستنووسە ساغ دەکاتەوە و لە دیمەشق لە ساڵی ١٩٣٣ چاپ و بڵاو دەکاتەوە.

بەشێک لە مولوودنامەی عوسمان ئەفەندییێ بابژ: (ڤەرۆژ، ٢٠٢١٢: ١٨٣، Kirkan, 2018)

**ب نامێ واحیدێ نۆ عەرد و ئازمێن — ک ما دەست کەرد ب نۆ گروە رەنگین**
**شما حەمدێ خو ئەڵلایی رێ بیارین — شەو و ڕۆژ قاپیدێ ئەی د بقارین**
**پێغەمبەری رێ سەلەواتی بوانین — تم و تم دەردێ جێ ڤەر د بنالین**
**مسالێ نا دنێ زانی ت مەردم — ت جتێرێنی، گروەی تۆ ژی تۆخم**
**کە تۆ زانان ک نۆ دنیا سەنین ئۆ — بزانێیا دنێ جایێ جوو نییۆ**

هەردوو مەولوودنامە بە ئەلفبێی عەرەبی بوون. لە دوای ئەم دوو مەولوودنامەیە هەتا ساڵی ١٩٦٠ هیچ دەقێکی دیکەی نووسراوی زازاکی نەبووە، ئەمە دوای ئەوەی دوو دەقی زازاکی لە ڕۆژنامەی ڕۆژا نوو لە ساڵی ١٩٦٣ بڵاو بوونەتەوە، جاروبار لێرە و لەوێش چەند دەقێکی زازاکی بڵاو بوونەتەوە.

## زازاکی لە نێوان ئەسمیلەبوون و بووژانەوەدا

لە دوای قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا هەتا ساڵی حەفتاکان هیچ دەقێکی دیکەی زازاکی بەر چاو ناکەون، بۆیە زارەکە لەم ماوەیەدا هەتا ڕادەیەکی زۆر بەرەو

پوکانەوە دەچێت، بەشێکی زۆری زازاکانیش ئەسمیلە دەبن و بە تورکی قسە دەکەن، بۆ قسەکردن، زازاکی بە ڕادەیەک بەرەو کزی دەڕوات، کە مەترسی ئەوەی لێ دەکرێت لە پاشەرۆژ بەرەو مردن بچێت. لە ڕاپۆرتێکی یونسکۆدا هاتووە کە زازاکی زمانێکە مەترسی فەوتانی لەسەرە. هەروەها لە ئینسکلۆپێدیای زمانە مەترسی لەسەرەکان هەردوو زاری کوردیی گۆران – هەورامی و زازاکی (دملکی) لە ڕیزی ئەو زارانەن کە لە مەترسیدان لە پاشەڕۆژ بە یەکجاری بفەوتێن( Driem,2007: 328).

قەدەغەکردنی زمانی کوردی لە تورکیا بە هەردوو زار کورمانجی و زازاکی بە ڕادەیەک توند بووە، سزای لەسەر بووە. نووسەری زازایی سەعید ڤەرۆژ (ڤەرۆژ، ٢٠٢١) بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە کاتێک لە شێستەکانی سەدەی بیستەم کە قوتابی سەرەتایی بووە لە قوتابخانەی گوندەکەیان گوندی هۆپ کە سەر بە شارۆچکەی پیرانە. لەم قوتابخانەیە چەند کولوب(تیپ، گروپ) هەبوو وەک کولوبی وەرزش، یان کولوبی پاککردنەوە، کولوبێکی دی هەبوو بە ناوی کولوبی نەئاخاوتن بە کردکی(زازاکی)، ئەو کولوبە چاودێریی ئەو قوتابییانەی دەکرد لە قوتابخانە و دەرەوە بۆ ئەوەی بە کردکی قسە نەکەن و بە تورکی قسە بکەن، ئەگەر بە کردکی قسەیان بکردایە، ئەو کلوبە خەبەری دەدا ئیدارە و بۆ ڕۆژی دواتر، مامۆستا دارێکی لە دەست دەگرت و لەو قوتابییانەی دەدا کە بە کردکی قسەیان کردووە!.

ئەم سیاسەتە زمانییە، کە سیاسەتێکی تەواو زمانکوژییە Linguicide لە تورکیا هەتا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام بووە، کە دوای ئەوە قەدەغە لەسەر ئاخاوتن بە کوردی هەڵدەگیرێت. بێگومان هەر منداڵێک لەم هەلومەرجە زمانییە سەرکووتکارییە و لەم سیستەمە پەروەردەییە تاکزمانییە پەروەردە بووبێت، یان زمانی بە یەکجاری لە دەست داوە یانیش ئێستا بە زەحمەت دەتوانێ بە زمانەکەی خۆی قسە بکات. بۆیە هەردوو زاری کوردیی کورمانجی و زازاکی لە تورکیا لەم ماوەیەدا بەشێکی گەورەی ئاخێوەرانی، زمانەکەیان لەدەست داوە و ئەسمیلە بوون.

لە دوای ساڵانی ١٩٧٠ جاروبار لە بارودۆخێکی پڕ لە گوشار و ترساندن لە تورکیا ڕێگە دراوە چەند بڵاکراوەیەکی زازاکی دەرچێت، بۆ ئەم مەبەستە، هەوڵ دەدرێت زازاکی ئەلفبێی بۆ دابنرێت و هەر بە ئەلفبێی لاتینی دەنووسرێت لەسەر هەمان ئەو ئەلفبێیەی کە جەلادەت بەدرخان دایهێنا و لە ساڵی ١٩٣٢ بۆ یەکەمجار لە گۆڤاری هاوار لە شام بەکاری دێنێ، بۆ زازاکیش لە باکوور هەمان ئەلفبێ بە کار دێنن.

لە دوای مەولوودنامەکەی ئەحمەدێ خاسی، نووسراوی زازاکی زۆر دەگمەن بووە، مەگەر لێرە و لەوێ چەند وتارێک بە زازاکی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان بڵاو بوونەتەوە. دواتر لە نێوان ساڵانی ١٩٧٩ تا ١٩٨١ گۆڤارێک بە ناوی تیرێژ Tirêj کە گۆڤارێکی ئەدەبی و کولتووری بووە بە زازاکی و بە ئەلفبێی لاتینی لە تورکیا چوار ژمارەی لێ بڵاو بووەتەوە. لەم گۆڤارە محەمەد مالمیسانژ ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە نووسین بە زازاکی، بەڵام دوای کودەتا عەسکەرییەکەی تورکیا لە ساڵی ١٩٨٠ ئەم گۆڤارەش داخرا(Lezgîn,2010).

لەم چوار ژمارەیەی تیرێژ چەند دەقی جۆراوجۆری زازاکی بڵاو بوونەتەوە وەک شیعر، چیرۆک، چیرۆکی خەیاڵی، پەند و قسەی نەستەق، بابەتی ڕێزمان و مەتەڵ( Varol, 2015:139 -149).

دوای ئەوە هەندێک لە کوردی زازا ئاوارەی هەندەران دەبن و لە ئەوروپا بە تایبەت لە سوێد و فەرەنسا دەگیرسێنە ژینگەیەکی لەبار دێتە پێش بۆ نووسین و بڵاوکردنەوە بە زازاکی، چەندین کتێب و گۆڤار بە زازاکی دەردەکەن. لە ڕۆژنامەی ئارمانج و هێڤیی ئینستیتوتی کوردیی پاریس، وتار بە زازاکی بڵاو بوونەتەوە. هەر دوای ئەوە لە لایەن هەندێک زازاوە کێشەی ئەوەش هاتە ئاراوە کە زازا کورد نەبن و نەتەوەیەکی سەربەخۆن.

لە دوای ساڵی ١٩٩١ کە لە تورکیا قەدەغە لەسەر زمانی کوردی هەڵگیرا، سەردەمێکی نوێ دەستی پێ کرد، ئیدی دوای ئەوە لە ناو وڵات و لە دەرەوە نووسین و چاپکراوی زازاکی دەستی پێ کردەوە.

لە ساڵی ١٩٩٦ کوردە ڕۆشنبیرەکانی دەرەوە کۆمەڵەیەک دادەمەزرێنن بە ناوی گرووبا خەباتە یا ڤاتەیی Grûba Xebate Ya Vateyî مەڵبەندەکەیان لە سوێد بوو، ئەم ڕۆشنبیرانە دەست دەکەن بە بەستانداردکردنی زازاکی لە زمانێکی زارەکییەوە بۆ زارێکی ستاندارد، چونکە پێش ئەوە، هەر کەسێک بە شێوەزارێکی ناوچەیی دەینووسی یان بە شێوەزاری گوندەکەی. ساڵێک دواتر گۆڤارێک بە ناوی ڤاتە دەردەکەن کە هەتا ساڵی ٢٠١٩، ٦٧ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە، گۆڤارەکە بۆ بابەتی زمان و ئەدەبیاتی زازاکی تەرخان کراوە. لە ساڵی ٢٠٠٣ وەشانخانەی ڤاتە Vate لە ئەستانبوڵ دەکرێتەوە، کە هەتا ئێستا ٧٠ کتێبی بە زازاکی بڵاو کردووەتەوە، هەوڵ دراوە بە زمانێکی ستانداردی زازاکی و ڕێنووسێکی یەکگرتوو بنووسرێت، وەشانخانەی ڕۆشنا بۆ چاپی کتێب لەسەر هەمان ستانداراد دەڕوات کە لە ڤاتەوە یاسا و ڕێسای بۆ دانراوە، و زۆربەی نووسەرانی زازکییش لەسەر هەمان ستاندارد دەڕۆن، بەڵام هەندێک نووسەری دی پێی پابەند نابن، لەسەر ئەو ئەلفبێ لاتینییەش ناڕۆن کە ڤاتە هەمواری کردووە (Malmîsanij, 2021: 677).

گرووبا خەباتە یا ڤاتەیی ٣٨ کوردی ڕۆشنبیری لە شارە جیاوازەکانی باکووری کوردستانی لە خۆ گرتووە، باوەڕیان وایە کە دەبێ بواری یەکسان بۆ هەموو زارەکان بڕەخسێت بۆ ئەوەی بە ستاندارد بکرێن و گەشە بکەن. هەر ئەم گروپە فەرهەنگێکی زازاکی – تورکی ئامادە دەکەن کە ماوەی ١٣ ساڵ کاریان لەسەر کرد، نزیک بە ١٢ هەزار وشەی زازاکی و ئیدیۆم لەم فەرهەنگەدا کۆ کرانەوە. دواتریش وێبسایتێک بە ناوی زازاکی نێت دادەمەزرێنن، ئەمە سەرەڕای بوونی کەناڵی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆ بە زازاکی (Lezgîn,2010).

ژمارەی کتێبە چاپکراوەکان بە زازاکی بەردەوام لە زیادبووندایە، ئێستا نزیک بە ٤٠٠ کتێبی زازاکی لە بواری جیاواز وەک ڕۆمان، کورتە چیرۆک، شیعر، فۆلکلۆر، فەرهەنگ،

کتێبی منداڵان بڵاو بوونەتەوە. بێجگە لە گۆڤاری ڤاتە لە گۆڤارەکانی دیکەش وەک وار، بیر، شەوچلا، نەوەپەل، ئەورۆ، ئارییە، وارە، تژا،.. تاد وتار بە زازاکی بڵاو بوونەتەوە. ئەو کتێبانەی بڵاو بوونەوە بابەتی جیاواز لە خۆ دەگرن: لە بواری زمان و ئەلفبێ و فەرهەنگ ٢٠ کتێب و لە بواری ڕێزمان ١٢ کتێب بڵاو بوونەوە. لە بواری ئەدەبیاتیش ئەم کتێبانە بڵاو بوونەوە: شیعر ٤٦ کتێب، چیرۆک ٥٣ کتێب، ڕۆمان ١١ کتێب، بیۆگرافی ٣ کتێب، هەڤپەیڤین ٣ کتێب، کتێبی پەروەردەیی بۆ منداڵان ٣٥ کتێب، کتێبی دینی ٢٣ کتێب، کتێبی دەرسی ٣ کتێب بۆ پۆلی ٥ و ٦ و ٧، بیرەوەری ٣ کتێب، بیبلیۆگرافیا ٢ کتێب. هەروەها بڵاوبوونەوەی گۆڤار و ڕۆژنامەش بە زازاکی (ڤەرۆژ، ٢٠٢١٢: ١٨٤).

بەم پێیە زازاکی لە زمانێکی زارەکی، بێ نووسراوی ئەدەبی کە هیچ پلەوپایەیەکی بۆ نووسین و ئەدەبیات نەبوو، هەروەها بە ڕێگەوەش بوو بەرەو مردن، لە ماوەی ٢٠ – ٣٠ ساڵ کار کردن بۆ زارەکە بە هەوڵ و کۆششی ڕۆشنبیرە زازاکان، زازاکی بوو بە زارێکی ستانداردی کوردی و خاوەن بەرهەمی چاپکراو. لەکاتێکدا بەپێی ڕاگەیاندنی یۆنیسکۆ کە زازاکی بە زمانێک دادەنا کە بە ڕێگەوەیە بەرەو مردن، بەڵام بە هەوڵ و کۆششی ئەم کۆمەڵەیە، زازاکی لە مردن ڕزگاری بوو و بووژایەوە.

لە لایەکی دیکەوە لەبواری خوێندنی زازاکی لە قوتابخانەدا، لە ساڵی ٢٠١٢ ەوە کۆرسی ئارەزوومەندانەی دوو سەعاتی لە هەفتەیەک هەیە بۆ کورمانجی و زازاکی، بەپێی زانیاریی وەزیری پەروەردەی نیشتمانیی تورکیا لە تشرینی دووەمی ٢٠١٣ ژمارەی ئەو قوتابییانەی زازاکییان هەڵبژاردووە بۆ خوێندنی کۆرسی ئارەزوومەندانە ١٨٠٠ قوتابی بۆ زازاکی و ١٨٠٠٠ قوتابییش بۆ کورمانجی(Malmîsanij, 2021: 678).

کە ئەم ژمارەیەش زۆر نییە بە گوێرەی ژمارەی دانیشتوانی کورمانجی و زازاکی لە باکووری کوردستان، هۆکاری کەمیی ژمارەی بەشداربووان لەبەر نەبوونی دەرفەتی کار و هێزی ئابووری و نەبوونی پلەوپایەی زمانەکەیە لە تورکیا کە هیچ پشتگیرییەکی یاسایی و ئابووری نییە.

لە بواری خوێندنی ئەکادیمی، زمان و ئەدەبیاتی زازاکی لە دوای ٢٠٠٩ هەنگاوێکی گەورەی هەڵێناوە. لە زانکۆکانی چەولیگ (بینگۆل)، ئامەد، مێردین، مووش، وان، دەرسیم، بەشی زمان و ئەدەبیاتی کورمانجی و زازاکی کراونەتەوە لە هەندێکیان بەکالۆریۆس دەدرێت و لە هەندێکیش ماستەر و دکتۆرا. لە سەرەتادا داواکاری بۆ ئەم بەشانە زۆر بەرز بوو، خوێندکارێکی زۆر لەم بەشانە دەستیان بە خوێندن کرد، چونکە چاوەڕێیان دەکرد دەرچووانی ئەم بەشانە لە قوتابخانەکان ببن بە مامۆستا و دەرسی زازاکی بدەنەوە، بەڵام دواتر کە بۆیان دەرکەوت خوێندن لەم بەشانەی دەرفەتی کار پەیداکردنی زۆر کەمە یان نییە، داواکاری هاتە خوارەوە(Ibid., 2021: 679). ئەمەش جارێکی دی ئەوە نیشان دەدات کە سیاسەت و پلانی زمان لە دەوڵەتی تورکیا بە ئاراستەیەکە نایەوێت زمانی کوردی بە هەردوو زاری کوردی هیچ پلەوپایەکی قانوونی و ئەکادیمی و ئابووری هەبێت، هەر بۆیە پێشکەوتنی زمان لە وڵاتێک کە هەتا بە ڕەسمی

لە دەستووری وڵات ئیعتیرافی پێ نەکرێ و بۆ خوێندنی ڕەسمی لە قوتابخانەکانی وڵات کاری پێ نەکرێ، زمانەکە هەر لەو ئاستەدا دەمێنێتەوە، لەوانەیە بەرەو خراپتریش بڕوات.
سەرەڕای ئەم هەموو پێشکەوتنە لە بواری پێشخستنی زازاکی بەڵام ڕێژەیەکی زۆر لە خەڵکی زازا بە زازاکی قسە ناکەن، بە تایبەت جیلی گەنج زیاتر بە تورکی قسە دەکەن، هەروەها بە هۆی نەخوێندن بە کوردی (کورمانجی، زازاکی) لە قوتابخانە هەردوو زار هیچ پلەوپایەکی لە کۆمەڵگەدا نییە و هیچ هێزێکی ئابووریشی نییە، هەر کەسێک زازاکی بزانێ ناتوانی بەم زمانە هیچ کارێک پەیدا بکات، بۆیە هەر زمانێک بێت لەم هەلومەرجە، زەمینەی گەشەکردنی نییە و بە ئاسانی بۆ منداڵەکانیان ناگوێزرێتەوە، بە ڕادەیەک کە زۆر لە زازاکان خۆیان باسی ئەو کێشەیە دەکەن، وەک عەبدولقادر نەجەرانی لە چاوپێکەوتنێکدا لە خەرپێت (نەجەرانی، ٢٠٢١) باسی ئەم ڕەوشە زمانییە دەکات کە ڕووبەڕووی زازاکی بووەتەوە کە ناتوانن زارەکەیان بۆ منداڵەکانیان بگوێزنەوە، چونکە منداڵەکانیان لە قوتابخانە بە تورکی دەخوێنن و فێر دەبن و دێنە ماڵەوەش لەگەڵ ئێمە هەر بە تورکی قسە دەکەن، کاتێک ئێمە بە زازاکی قسە دەکەین ئەوان هەر بە تورکی وەڵام دەدەنەوە،.. کە ئەمەش وا دەکات نەوەی نوێی زازکان ناتوانن چیدی بە زازاکی قسە بکەن. هۆکاری ئەم ڕەوشە زمانییە تەنیا ئەوەیە کە (کورمانجی و زازاکی) لە سیستەمی پەروەردەی نیشتمانی و حکومی لە تورکیا هێشتا زمانێکی قەدەغەیە، کە ئەمەش وای کردووە زازاکییش وەک زارێک پێش نەکەوێت، بۆیە زازاکی ئەو کاتە لە مردن ڕزگاری دەبێت کە لە سیستەمی پەروەردە لە وڵات بەشێوەیەکی ڕێکوپێک پێی بخوێندرێت.

## ناسیۆنالیزمی زازا و زمانی زازاکی

لای هەموو کورد و تەنانەت زازاکان خۆشیان دەرکەوتنی دیاردەی ناسیۆنالیزمی زازا بە دیاردەیەکی نوێ، و لە ژیانی فەرهەنگی و نەتەوەیی خۆیاندا بە ڕووداوێکی نەخوازراوی دەزانن، چونکە لە مێژووی کۆن و نوێدا، زازاکان هەرگیز لە کورد جودا نەبوون، بۆیە ئەم ڕووداوە جێگەی پرسیارە بۆیان کە چۆن سەری هەڵدا؟
نووسەر و ڕۆشنبیرانی زازا پێیان وایە هەتا هەشتاکانی سەدە بیستەمیش، کەسێک نەبووە لە نێو زازاکان خۆی لە کورد جودا بکاتەوە و وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆ خۆی بناسێنێت. نووسەری زازایی ئەحمەد کرکان(کرکان، ٢٠٢١) کە زازای سێورەگە، لە چاوپێکەوتنێکدا لە مێردین لەم ڕووەوە دەڵێت: " دیاردەی ناسیۆنالیزمی زازایی بۆ ئێمە شتێکی نوێیە، ڕاستە زازا، کورمانج نین، زارەکەیان جیاوازە، بەڵام ئەم جیاوازییە نابێ بەرەو ئەوەمان ببات کە ئێمە خۆمان لە کورد جودا بکەینەوە و بانگەشەی ناسیۆنالیزمی زازایی بکەین، چونکە زازا لە هەموو مێژوویان هەر کورد بوون".

بانگەشە بۆ ناسیۆنالیزمی زازایی لە نێو ئەو زازایانە دەستی پێ کرد کە لە تاراوگە لە وڵاتە ئەوروپییەکان دەژیان. بە وردبوونەوە و توێژینەوە لەم باسە دەکرێ کۆمەڵێک هۆکاری سیاسی و مەزهەبی و دینی و زمانی دەستنیشان بکرێن بۆ دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە نێو ناسنامەی نەتەوەی کورد و زمانی کوردیدا. چونکە بۆ ئەم دیاردەیە کۆمەڵێک هۆکاری جیاواز ڕۆلیان هەیە لە دەرکەوتن و گەشەکردنیدا.
دوای کودەتای عەسکەری لە ساڵی ١٩٨٠ لە تورکیا، زۆرێک لە چالاکوانانی سیاسی کە سەر بە باڵی چەپ و کۆمۆنیست و نەتەوەیی بوون لە ترسی ڕاوەدونان و دەستگیرکردنیان لە لایەن دەسەڵاتی تورکیاوە، ئاوارەی هەندەران دەبن. لە ناو ئەو کوردانە، زازای سوننی و کورمانج و زازای عەلەوییش هەبوون، هەندێک لە عەلەوییە کوردەکان چوونە ناو ئەم ڕێکخراوە عەلەوییانە کە لە ئەوروپا دامەزرابوون و هەندێکی دی چوونە ناو ڕێکخراوە چەپییەکان وەک پەکەکە.
کوردی کورمانج و زازا کە لە تورکیا بوون، بە هۆی قەدەغەکردنی زمانی کوردی و ئەسمیلەبوونیان لە ناو زمانی تورکیدا، زمانی هاوبەشیان تورکی بووە، چونکە زمانی کوردییان لاواز بوو، لە ئەوروپاش هەر بە تورکی قسەیان دەکرد. تەنانەت لە ئەدەبیاتی پەکەکەش، بۆ قسەکردن و بڵاوکردنەوە زمانی تورکی زیاتر بە کار هاتووە تا کوردی. دواتر لە ئەوروپا پلانی ئەوە هاتە پێش لەجیاتی بەکارهێنانی زمانی تورکی، پێویستە زمانی کوردی بۆ ئاخاوتن و کاروباری سیاسی و ئەدەبیات بە کار بێت. بۆ ئەمەش زاری کوردیی باکوور واتە کورمانجی وەک زمانێکی هاوبەش و زاری زۆرینەی کوردی باکوور، بوو بە جێگرەوەی زمانی تورکی، داوا دەکرا لە زازاکان کورمانجی فێر بن، زازاکان هەستیان کرد کە ئەوان کورمانج نین و جیاکاری دەکرێ لەگەڵ زارەکەیان کە زازاکییە و فەرامۆش کراوە و ناچار دەکرێن زارێکی دیکەی کوردی فێر بن. ئەم سیاسەتە زمانییە هۆکارێک بوو بۆ زۆرێک لە زازاکان کە هەست بکەن ئەوان کورمانج نین و زارێکی دیکەیان هەیە کە زازاکییە. لە لایەکی دیکەوە، لە وڵاتە ئەوروپییەکان مافی خوێندن بە زمانی دایک بۆ بێگانەکان لە قوتابخانەکاندا هەیە، پرسی زمانی دایک بۆ زازاکانی تاراوگە هاتە پێش کە بۆیان هەبوو بە زارەکەی خۆیان منداڵەکانیان بخوێنن. لەم پرسە زمانییە، زازاکان لە نێوان دوو مژاردا بوون: ئایا بۆ زمانی دایک بۆ منداڵەکانیان بە کورمانجی بخوێنین یان بە زازاکی؟ هەندێک لە زازاکان کورمانجییان هەڵبژارد بۆ خوێندن، چونکە پێیان وا بوو ئەمە زارێکی هاوبەشە بۆ کورد لە باکووری کوردستان، بەڵام هەندێکی دی ئەم مژارەیان پێ ڕاست نەبوو، زازاکییان هەڵبژارد وەک زمانی دایک بۆ منداڵەکانیان(Kehl-Bodrogi, 1999:448). ئەم سیاسەتە زمانییە سەرەتایەک بوو کە زازاکان بە عەلەوی و موسڵمانی سوننی کەوتنە گەڕان بە دوای ناسنامەی زمان و ناسنامەی ئەتنیکی خۆیان وەک گروپێکی ئەتنیکی جیاواز لە کورمانجەکان کە خاوەن تایبەتمەندیی زمانین و لە کورمانجەکان جیاوازن، ئیدی دوای ئەمە پرۆسەی بەستانداردکردنی زارەکەشیان دەستی پێ کرد؛ بۆ ئامادەکردنی کتێبی دەرسی لە

قوتابخانەکان، هەروەها بۆ زمانی بڵاوکراوەکانیش وەک گۆڤار، ڕۆژنامە، کتێب کە لە ئەوروپا ئازادیی بڵاوکردنەوە بە زارەکەیان هەبوو.
بانگەشەی زمانی سەربەخۆ و نەتەوەی زازایی، سەرەتاکانی لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەم لە سوێد لە لایەن زازایەکی سوننی ئەبوبەکر پاموکچو Abubekir Pamukcu سەری هەڵدا. ناوبراو لە ساڵی ١٩٨٥ بڵاوکراوەیەک بە ناوی ئایرە Ayre بە زازاکی بڵاو دەکاتەوە و بانگەشەی نەتەوەیەکی سەربەخۆش بۆ زازا دەکات. بۆ ماوەی سێ ساڵ پاموکچو و هاوبیرانی هەوڵ دەدەن زمانێکی ستانداردی زازاکی پێک بێنن، بەڵام بە هۆی جیاوازی لە بنزارەکانی زازاکی، ئەم زمانە ستانداردە بۆ هەموو زازاکان بەدی نەهات. لە کۆتایی ١٩٨٨ وازیان لە بڵاوکردنەوەی ئایرە هێنا، چەند ساڵێک دواتر پاموکچو بڵاوکراوەیەکی دیکەی بە ناوی پیا Piya دەردەکات، لەم بڵاوکراوەیە تەنیا باسی زمانی زازاکی ناکات، بەڵکو باسی ناسنامەیەکی نەتەوەییش بۆ زازا دەکات. لە سەرەتادا پاموکچو زازاکی بە زارێکی کوردی دادەنا، بەڵام دواتر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بابەتە زمانەوانییەکان، ئیدی دوای ئەوە وەک زمانێکی سەربەخۆ مامەڵە لەگەڵ زازاکی دەکات. کاتێک ناسیۆنالیزمی کورد و تورک باسی زمانێکی هاوبەش بۆ نەتەوە دەکەن، ئەویش بانگەشە بۆ نەتەوەیەکی سەربەخۆی زازا کرد، چونکە زازاکانیش زمانێکیان لە نێوان خۆیاندا هەیە کە جیاوازە لە کورمانجی، بۆیە پێی وابوو زازاش لە نێوان تورک و کورد، نەتەوەیەکی سەربەخۆیە. پاموکچو لەگەڵ هاوبیرانی کە باسی زازایان دەکرد بە ئاشکرا ئاماژەیان بە دەوڵەتی زازا یان سەربەخۆیی و ئۆتۆنۆمی بۆ زازا نەدەکرد، بەڵکو تەنیا وەک گروپێکی ئەتنیکی باسیان دەکرد( Kehl-Bodrogi, 1999:449). ئەم بیرە لە سەرەتا لە نێو کۆمەڵێکی بچووکی زازادا بوو، دواتر زیاتر گەشە دەکات. دوای مردنی پاموکچو لە ساڵی ١٩٩٢ مەسەلەی پێکهێنانی ناسنامەیەکی نەتەوەیی سەربەخۆ بۆ زازا بە زمانێکی سەربەخۆ لە نێو زازاکان زیاتر پەرەی سەند. کۆمەڵێک بڵاوکراوەی زازاکی لە ئەوروپا بایەخیان بە هەمان پرسی زازا دەدا و وەک بڵاوکراوەی دەسمالا سوورە لە ئینگلاند دەردەچوو، ڕاشتییە لە فەرەنسا دەردەچوو، وارە، دەرسیم، پیر، تیژە سۆدری، کۆرمشکان لە ئەڵمانیا دەردەچوون. دەرچوونی ئەم بڵاوکراوانە گوتاری ناسیۆنالیزمی زازایی بەهێزتر کرد (Kehl-Bodrogi,1999: 490).
لە هەمان کاتدا زازاکان بە دوای ئەو توێژینەوانەشدا دەگەڕێن کە لەسەر زمانەکەیان نووسراوە، بە تایبەت ئەوانەی لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسان نووسرابوون کە باس لە زازاکی دەکەن وەک زمانێکی سەربەخۆ کە ڕیشەی کوردی نییە و زازکانیش بە ڕەچەڵەک دەچنەوە بۆ ناوچەی دەریای خەزەر. ئەم توێژینەوانە تەرجەمەی تورکی کران و جارێکی دی تەکانێکی گەورەتری بە ناسیۆنالیزمی زازایی دا، چونکە ڕۆژهەڵاتناسی لە سەرەتای سەدەی بیستەم تێزی زمانی سەربەخۆ و نەتەوەی سەربەخۆیان بۆ زازا خستە ناو نووسین و لێکۆڵینەوەکانیان، کە ئەمەش سەرەتای ناسیۆنالیزمی زازایی بوو بە تیۆری، کە پێشوەخت لە لایەن ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان باسی لێوە کرابوو. دواتر لە هەشتاکان

ئەم تێزە بە شێوەی پراکتیک لە نێو هەندێک لە زازاکانی تاراوگە کاری پێ کرا و بوو بە تێزێکی دیفاکتۆ (ئەمری واقیع)، خەڵکێکی زازاش پشتگیرییان کرد، و هەر ئەم ڕەوتە ناسیۆنالیستییە کە لە ژینگەی ئەوروپا سەری هەڵدا و گەشەی کرد، هاتە نێو زازاکانی ناوخۆی وڵاتیش.

زازا عەلەوییەکان کە لەگەڵ موسڵمانی سوننی لە ڕووی دینی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەوە جیاوازن، لەگەڵ کورد بەردەوام ئەو هەستەیان هەبوو کە جیاکارییان لەگەڵ دەکەن وەک کوردێکی ئاسایی مامەڵە ناکرێن و لە کۆمەلگەی زۆرینەی کوردی موسڵمانی سوننی، ئەوان پەراوێز خراون بە گروپێکی دینی لەڕێلادراو هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکەن، وەک کوردی ڕاستەقینە سەیر ناکرێن، بێگومان بۆ ئەوان نەتەوەیەکی سەربەخۆی زازا بە زمانی زازاکی گرنگترین مژارێک بوو بۆ ئەوەی وەک گروپێکی ئەتنیکی سەربەخۆ بێنە مەیدان و چیدی لە کۆمەڵگەی کوردی سوننی بە پاشکۆ و گومڕا سەیر نەکرێن. هەر بۆیە ئەم ڕەوتە ناسیۆنالیستییە لە ناو زازا عەلەوییەکان زیاتر هەرمێنی پەیدا کرد.

لە لایەکی دیکەوە، زازا سوننییەکان، زۆربەیان دژی ئەم ڕەوتە جوداخوازییەن کە لە ناو زازاکان سەری هەڵداوە، ئەوان ئەم بزاڤە بە ناسیۆنالیزم نازانن، بەڵکو بە بزاڤی زازاچی ناوی دەبەن، پێیان وایە هەموو پلان و ئەجێندای دەوڵەتە بۆ دابەشکردنی کورد و بێهێزکردنی نەتەوایەتی کوردی لە تورکیا(چاوپێکەوتن لەگەڵ لەزگین، کاراسوو، کرکان، ڤەرۆژ، بلوت، ٢٠٢١).

دوای دەرکەوتنی ئەم کەلێنە، زازا نەتەوەخوازەکان بۆ ئەوەی مێژوویەکی جیاواز لە کورد بۆ خۆیان دروست بکەن، هەوڵ دەدەن شرۆڤەیەکی دیکە بۆ ئەو مێژووە بکەنەوە کە لەگەڵ کورد هەیان بووە، وەک جەختکردنەوە لەسەر ئەو گریمانەیە کە ئەسڵی زازا دەباتەوە بۆ دەیلەمییەکانی دەریای خەزەر، هەروەها شرۆڤەکردنەوەی ڕاپەرینە نەتەوەییەکانی سەدەی بیستەم کە زازا عەلەوی و سوننییەکان هەڵیان گیرساندووە وەک ڕاپەرینی قۆچگیری و شێخ سەعیدی پیران و سەید ڕەزای دەرسیمی، وەک لەسەرەوە باسی کرا و ڕوون کرایەوە، کە ئەم ڕاپەرینانە دژ بە دەسەڵاتی تورکیای کەمالی بوون و بۆ ڕزگاریی نەتەوەیی کوردی، دوور بوون لە داخوازی بۆ زازایەتی و زمانی زازاکی، بەڵام لەم سەردەمەدا زازا نەتەوەخوازەکان هەوڵ دەدەن ئەم مێژووە بەشێوەیەک شرۆڤە بکەنەوە کە ئەمانە مێژوویەکی هاوبەشی زازاکانە بۆ ڕزگاری و سەربەخۆیی، یان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە زازا ناوی کوردیان بە کار هێناوە بۆ ئەوەی مەسەلەکەی خۆیان پێش بخەن، چونکە ئەوسا زازاکان نەناسراو بوون، لە ژێر باڵی نەتەوەی کورددا بوون(White,1995). نووسەری دیکەی زازایی نەتەوەخواز، ئۆلیڤەر ئایمار هەر لەسەر هەمان ڕەوتی بە نەتەوەکردنی زازا، هەوڵ دەدات مێژوویەکی کۆن و شارستانیەتێکی کۆن بۆ زازا ساز بکات، بە لێکدانەوەی دوور لە بنەمای زانستی بۆ هەندێک وشە و ناوی گەلانی کۆنی ئەنادۆل و زاگرۆس و میزۆپۆتامیا و ئێران، مێژوویەکی کۆنی پڕ لە ئەفسانە

و وەهم بۆ زازا دەنووسێتەوە و دەیەوێ بڵێ زازا هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە لێرە بوونە و ئەوان ڕیشەیان لە مێژوی ئەنادۆڵ و میزۆپۆتامیادا هەیە (Aymar: 2020). هەڵبەت ئەم جۆرە بانگەشانە چەند هەوڵێکی لاوازن بۆ دروستکردنی مێژوویەک بۆ زازا کە لە ئەفسانەوە نزیکترە هەتا ڕاستی، چونکە وەک دیارە هەموو مێژووی زازا، مێژووی کورد بووە و هەرگیز لە کوردیش جودا نەبوونە، تەنیا جیاوازیی زار و شێوەزار هەبووە.
لە لایەکی دیکەوە، تورکە ناسیۆنالیستەکان پێیان خۆشە زازا کورد نەبن، بۆ ئەوەی ناسیۆنالیزمی کوردی پەرتەوازە بێت، کە ئەمەش وا دەکات ئەسمیلەکردنیان ئاسانتر و خێراتر بێت و پەکەکەش لاواز دەکات، چونکە زۆربەی زازا نەتەوەخوازەکان دژ بە پەکەکەن، هەر بۆیە تورکیا حەز دەکات ئەم باڵە ناسیۆنالیستییە لە ناو زازا بە هێز بێت. لەلایەکی دیکەوە زازا ناسیۆنالیستەکان لە هەردوو نەتەوەی تورک و کورد ترسیان هەیە، کە پێیان وایە هەر دوو لا دەیانەوێ زازا ئەسمیلە بکەن(Wilgenburg, 2009، چاغلایان، ٢٠٢١)
بەم پێیە ناسیۆنالیزمی زازا کە لە تاراوگە سەری هەڵدا، وەک ئاشکرایە هەوڵ دەدات زازاکی لە زارێکی کوردییەوە بکات بە زمانێک بۆ نەتەوەیەکی سەربەخۆی زازایی. سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە لە نێو ئەم پێکهاتە کوردە، ئەگەر بەشێکی بە هۆکاری جیاوازیی زازاکیی لەگەڵ زاری کوردیی باکوور (کورمانجی) بێت، بەڵام هۆکاری سەرەکیی ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی پێکەوە نەگونجانی دوو کولتووری دینی و مەزهەبی جیاوازە کە سنووری لە نێوان نەتەوە و زمان داناوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی سیاسەتی دەوڵەتی تورکیا لە پرسی زازا بە هەردوو گروپ(عەلەوی و سوننی) بە سیاسەتێک ئاراستەیان دەکات، بۆ ئەوەی زازا و کورمانج چیدی پێکەوە یەک نەتەوە نەبن، و دوو نەتەوە و دوو زمان بن.

## ئەنجامی باسەکە

زازاکان سەرەڕای تایبەتمەندیی زارەکەیان کە لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی جیاوازە، هەروەها جیاوازیی دینیشیان هەیە کە نیوەیان عەلەوین و لەگەل کۆمەڵگەی زۆرینەی کوردی موسڵمانی سوننی کورمانج و زازا، لە ڕووی باوەڕ و دابونەریتی دینییەوە جیاوازن. سەرەڕای ئەم جیاوازییانە، ئەوان بە درێژایی مێژوو بە هەست و خوێن و دەروون هەمیشە کورد بوون. لە ڕابردوودا لە هیچ سەردەمێک باسی جیاوازیی خۆیان لەگەڵ زۆرینەی کورد نەکردووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەمیش لە پێشەنگی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی نەتەوەی کورددا بوون و زۆربەی ڕاپەرینەکانی باکووری کوردستان کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرپا بوون، زازای عەلەوی و سوننی ڕۆڵێکی بەرچاو و کاریگەریان هەبووە لە هەڵگیرسان و قوربانیدان بۆی.

زازاکی وەک زارێکی کوردی لە مێژوودا زیاتر زمانێکی زارەکی بووە و بە دەگمەن نەبێت نووسراوی ئەدەبی نەبووە. لە سەرەتای سەدەی بیستەم ڕۆژهەڵاتناسە ئەوروپییەکان لەبەر چەند جیاوازییەکی زمانەوانی کە زازاکی لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی هەیەتی، زازاکییان لە زمانی کوردی دابڕیوە و وەک زمانێکی سەربەخۆ ناوی دەبەن کە سەر بە زمانە ئێرانییەکانی باکووری ڕۆژئاوایە. ئەم بۆچوونە ڕۆژهەڵاتناسییە دواتر کاریگەریی بۆ سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزمی زازایی دەبێت کە دەیەوێت زازاکی چیدی زارێکی کوردی نەبێت و زمانێکی سەربەخۆ بێت.

دوای دامەزراندنی کۆماری تورکیای نوێ، کە زمانی نەتەوەکانی غەیری تورک زۆر بە توندی قەدەغە دەکرێن. لەم ژینگە سەرکووتکارییە زمانییە، زازاکی وەک زمانێکی زارەکی بە خێرایی ڕووبەڕووی توانەوە و ئەسمیلەبوون دەبێتەوە، کە مەترسی ئەوەی لێ دەکرا لە داهاتوو بە یەکجاری لە بەین بچێت. بۆ ئەم مەبەستە زازاکانی تاراوگە هەوڵێکی جددی دەدەن بۆ بووژانەوەی زارەکەیان، کۆمەڵێک بڵاوکراوە بە زازاکی بڵاو دەکەنەوە، زازاکی وەک زمانی دایک لە قوتابخانەکانی ئەوروپا، منداڵان دەیخوێنن. بەم پێیە، دوای ماوەیەک بە هەوڵ و کۆششی ڕۆشنبیرانی زازا، زارێک لە لێواری مەرگ بوو، گیانی بە بەردا کرایەوە و بوو بە زارێکی خاوەن ئەلفبێ و نووسراوی ئەدەبی.

هەر لە ژینگەی تاراوگەش، لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا لە نێو هەندێک لە ڕۆشنبیرانی زازا ناسیۆنالیزمی زازا سەری هەڵدا کە بانگەشەی نەتەوەیەکی سەربەخۆ و زمانێکی سەربەخۆ بۆ زازاکان دەکات. ئەم دیاردە نوێیە لە نێو زازاکان کە بە درێژایی مێژوو هەر کورد بوون، ڕووداوێکی نەخوازراو بوو. ئەم دیاردە زمانییە وەک بابەتێکی زمانەوانیی کۆمەڵایەتی شایەنی توێژینەوەیە بە شێوەیەکی ئەکادیمی. کۆمەڵێک هۆکار و پاڵنەر لە پشت دەرکەوتنی ئەم پرسە زمانی و نەتەوەییەدان، کە گرنگترینیان گەشەکردنی زارەکە بوو لە تاراوگە و دەرکەوتنی جیاوازییە لەهجەییەکان بوو کە لە نێوان کورمانجی و زازاکیدا هەیە، لەمەوە زازا هەستی کرد لەگەڵ کوردی کورمانج جیاوازە، دوای ئەوە هەوڵ دەدات خۆی وەک گروپێکی ئەتنیکی سەربەخۆ بناسێنێت، ئەمە سەرەتای چەکەرەکردنی ئەم ناسیۆنالیزمە بوو کە لە نێو چینی ڕۆشنبیرانی زازا سەری هەڵدا، دواتر هەر ئەم تێزە زیاتر پەرەی پێ درا کاتێک زازا بۆ تیۆری نەتەوەسازی پشتی بە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتناسی بەست کە جەخت دەکاتەوە زازا کورد نین و نەژادێکی سەربەخۆن لە شوێنێکی دیکەوە بۆ کوردستان کۆچیان کردووە و تێکەڵ بە کورد بوون. لەپاڵ ئەم هۆکارانە، زازای عەلەوی کە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە خۆی بە جیاواز دادەنێت لە کورمانج و زازای موسڵمانی سوننی شافیعی، بۆیە زازای عەلەوی لە زازای سوننی زیاتر هەوڵی جودابوونەوە لە کورد دەدات کە بە دین و مەزهەب لە زۆرینەی کورد جیاوازە. لە پرسی ناسیۆنالیزمی زازا، جیاوازیی دینی و مەزهەبی ڕۆڵێکی بەرچاوی هەیە لە جودابوونەوەی زازا وەک نەتەوەی سەربەخۆ و زارەکەیان وەک زمانێکی سەربەخۆ.

لە ئەنجامی ئەم باسە ڕوون دەبێتەوە کە کورد وەک نەتەوە، نەتەوەیەکی چوونیەک نییە، و گروپی ئەتنیکی بە دین و مەزهەبی جیاوازی لە خۆ گرتووە. بێجگە لە دینی ئیسلامی سوننەی شافیعی کە دینی زۆرینەی کوردە، دین و مەزهەبەکانی دیکەی وەک ئێزیدی و عەلەوی و یارسان(ئەهلی هەق، کاکەیی) و شیعەی ئیمامی، لە پێکهێنەرانی ناسنامەی نەتەوەی کوردن، زمانەکەشی فرەلەهجەیە و لەهجەکانیش لە ڕووی پێکهاتەی زمانییەوە لە یەک جیاوازن بەتایبەت زازاکی و گۆرانی – هەورامی لەگەڵ زارە کوردییەکانی دی جیاوازن. ئەمڕۆ لە سەردەمی بەجیهانیبوون کە بایەخ بە خوێندن بە زمانی دایک و فرەکولتووری دەدرێت، ئەم پێکهاتانەی کورد لە پرۆسەی نەتەوەسازیی کوردیدا ناکرێ چیدی پەراوێز بخرێن، پێویستە کورد ڕێز لە جیاوازییەکانیان بە لەهجە و کولتوور و دین و مەزهەبی جیاواز بگرێت. ناسیۆنالیزمی کوردی ئەگەر لەم سەردەمە بیەوێت کورد وەک نەتەوە، و زمانی کوردی وەک زمانی نەتەوەی کورد بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە، پێویستە فرەلەهجەیی زمانی کوردی و فرەکولتوویی و فرەدینی و فرەمەزهەبیی نەتەوەی کورد قبوڵ بکات و وەک دەوڵەمەندی و هەمەچەشنیی ناسنامەی کورد سەیری بکات و بایەخی پێ بدات. هۆکاری جودابوونەوەی بەشێک لە زازا لە کورد، سەرەڕای هۆکارە دەرەکییەکان وەک سیاسەتی تورکیا و ڕۆژهەڵاتناسی، هۆکاری ناوەخۆشی هەیە کە ئەویش نەبوونی هاوئاهەنگی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە لە نێوان زازای عەلەوی و زازا و کورمانجی سوننەیە، هەروەها فەرامۆشکردنی زارەکەیان بوو لە سەرەتا کە ناسنامەیەکی گرنگە بۆ زازاکان. کورد پێویستە هەوڵ بدات ئەم کەلێنە پڕ بکاتەوە کە بە هۆکاری دینی و مەزهەبی و زمانی لە نێوان زازای عەلەوی و کورمانجی سوننە سەری هەڵداوە.

## سەرچاوەکان

### بە ئینگلیزی


Aymar, Olivier (2020). History of the Zaza People, from the origin to present day. Oaristys Édition; 1st edition. (Ebook).

Bruinessen, Martin van, (1997). "Aslını inkar eden haramzadedir!": The debate on the ethnic identity of the Kurdish Alevis' in: Krisztina Kehl-Bodrogi, Barbara Kellner-Heinkele and Anke Otter-Beaujean (eds), Syncretistic religious communities in the Near East. Leiden: Brill.

Bruinessen, Martin van (2017). Between Dersim and Dâlahû: Reflections on Kurdish Alevism and the Ahl-i Haqq religion. In S. Raei (ed.), Islamic Alternatives: Non-Mainstream Religion in Persianate Societies, Harrassowit, Wiesbaden.

Chambers, J.K. & Trudgill, Peter (1998). Dialectology, Cambridge University press.

Driem, George van (2007). South Asia and the Middle East. in "Christopher Moseley, (ed.), Encyclopedia of the World's Endangered Languages", Routledge, Abingdon.

Hassanpour, Amir (2012). The Indivisibility of the Nation and Its Linguistic Divisions, International Journal of the Sociology of Language. Issue 217.

Harris, Roy, (1980). The Language – makers. Cornell University Press, Ithaca,

Jwaideh, Wadie, (2006). The Kurdish National Movement: Its Origins and Development. Syracuse, N.Y.: Syracuse University Press.

Kaya, Mehmed S. (2011). The Zaza Kurds of Turkey, A Middle Eastern Minority in a Globalised Society. I. B. Tauris & Co Ltd. London.

Kehl-Bodrogi, K. (1999). Kurds, Turks, or a people in their own right? Competing collective identities among the Zazas. The Muslim World (journal), 89.

Kreyenbroek, Philip G. and Omarkhali, Khanna (2021). 'Kurdish' Religious Minorities in the Modern World, in In Bozarslan, Hamit; Gunes, Cengiz; Yadirgi, Veli (eds.). *The Cambridge History of the Kurds*. Cambridge: Cambridge University Press.

Mackenzie D. N. (1965). Guran. In “The Encyclopedia of Islam,” B. Lewis, Ch. Pellat and J. Schcht (edited) New edition, Luzac & Co, London.

Massicard E. (2009). The repression of the Koçgiri Rebellion, 1920-1921, in Jacques Sémelin (ed.), Online Encyclopedia of Mass Violence.

Malmîsanij, Mehemed (2021). "The Kirmanjki (Zazaki) Dialect of Kurdish Language and the Issues it Faces". In Bozarslan, Hamit; Gunes, Cengiz; Yadirgi, Veli (eds.). *The Cambridge History of the Kurds*. Cambridge: Cambridge University Press.

Minorsky, Vladmir (1943). "The Gûrân," Bulletin of the School of Oriental and African Studies, University of London, Vol. 11, Part I.

Mcdowald, David, (2007). A Modern History of the Kurds. I. B. Tauris, London.

Nasidze, I. (2005). MtDNA and Y-chromosome variation in Kurdish groups. Annals of Human Genetics, 69, 401-412.

Olson, Robert, (1989). The Emergence of Kurdish Nationalism and the Sheikh Said Rebellion, 1880–1925. Austin: University of Texas Press.

Paul, Ludwig, (1998). The position of Zazaki among western Iranian languages. In proceedings of the Third European Conference of Iranian Studies. Held in Cambridge, 11th to 15th September 1995. Part 1, old and Middle Iranian Studies. Nicholas Sims. Williams.

Romanov, David, (2006). The Kurdish Nationalist movement, Opportunity, Mobilization and Identity, Cambridge Middle East Studies Book 22.

Todd, Terry Lynn, (2008). A grammar of Dimili, University of Michigan, Electronic publication.

Varol، Murat, (2015). The Importance of Tirêj in the Zazaki Literature, Mukaddime, 6(1).

Wilgenburg, Wladimir van (2009). Is Ankara Promoting Zaza Nationalism to Divide the Kurds? Terrorism Focus, Volume: 6 Issue: 3.

Werner, Eberhard (2012). "Considerations about the religions of the Zaza people" , II. Uluslararası Zaza Tarihi ve Kültürü Sempozyumu (in Zazaki), Bingöl Üniversitesi Yayınları.

White, Paul Joseph (1995). Ethnic Differentiation among the Kurds: Kurmancî, Kizilbash and Zaza. Journal of Arabic, Islamic, and Middle Eastern Studies 2 (2).

**بە کوردی**

چەلەبی، ئەولیا (١٩٧٩). کورد لە مێژووی دراوسێکانیدا: سیاحەتنامەی ئەولیا چەلەبی، وەرگێڕانی: سەعید ناکام، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

دەرسیمی، د. نوری، (٢٠٠١). دەرسیم لە مێژووی کوردستاندا، وەرگێڕانی لە تورکییەوە بۆ کوردی: د. ئەحمەد فەتاح دزەیی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، هەولێر.

حاجی مارف، د. ئەورەحمان (١٩٧٤). لەبارەی کوردناسییەوە لە ڕووسیا و یەکێتیی سۆڤیەت، گۆڤاری کۆڕی زانیاریی کورد، بەرگی دووهەم، بەشی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد، بەغدا.

کییسێر، هانس – لۆکاس (٢٠٠٦). ڕاپەرینی کوردە عەلەوییەکانی دەرسیم (١٩١٩ – ١٩٢١ قۆچگیری) .وەرگێرانی لە فەرەنسییەوە بۆ کوردی: نەجاتی عەبدوڵڵا، بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، چاپی دووەم، سلێمانی

تۆفیق، زرار سدیق (٢٠٢١). " پەیڤی کرمانج، هەندێک زانیاریی نوێ" ، لە کتێبی: لەبارەی مێژوو و کولتووری کوردییەوە، بڵاوکراوەی دەزگای جەمال عیرفان، سلێمانی.

ڤەرۆژ، سەعید (٢٠٢١). دیالێکتێن زمانێ کوردی و نڤسینا ب دیالێکتا زازاکی (کردی-دملی-کرمانجی)، پیتگوێزی و ڕێکخستنی: د. هێمن عومەر، گۆڤاری خاڵ، ژمارە (٣٢).

لۆکۆک، ئەلبێرت فۆن (٢٠٠٧). تێکستی کوردی، پێشەکی و لە چاپدانەوەی : نەجات عەبدوڵلا، بڵاوکراوەی دەزگای ئاراس، هەولێر.

**کوردی بە ئەلفبێی لاتینی**

Seyarî, Ehmed, (2014) Ji hêla tewangê ve berawirdkina rêzimana Kurmancî û Zazakî, Nûbihar 12.

Kurdo, Qanatê, (2016), Lêgerîna Zaza, Werger ji rûsî: Tosinê Reşîd, Redoktion: Zerê Alîyêvna Yosûpova, Çapa l. Belavgeha Hogir Hogir Verlag Bonn.

Kırkan, Ahmet. (2018). Bîyîşa Pêxemberî ya Osman Esad Efendî û Destpêkê Edebîyatê Klasîk yê Kırmanckî, îstanbul: Weşanxaneya Vateyî.

Lezgîn, Roşan(2013) Ji bo Kurmancan bi Awayê Muqayeseyî: Gramera Kirdkî (Zazakî). Dîyarbekir: Weşanxaneya Roşna.

**بە عەرەبی**

توفیق، د. زرار صدیق (٢٠١٨). الكرد في العصر العباسی، دار موکریانی للطباعة و النشر، مطبعة شهاب، اربیل.

**بە فارسی**

استرابو (٢٠١٨). جغرافیای استرابو، سرزمینهای زیر فرمان هخامنشیان، ترجمه: همایون صنعتی زاده، چاپ دوم، أنتشارات دکتر محمود افشار، تهران.

بدلیسی، أمیر شرف خان، (١٣٤٣). شرفنامه، تأریخ مفصل کردستان، بامقدمه و تعلیقات و فهارس بقلم محمد عباسی، چاپ أفست علی اکبر علمی.

کردستانی، علی اکبر وقایع نگار (٢٠١٠). بدایع اللغه، فرهنگ کردی – فارسی، به کوشش: محمد رئوف توکلی، انتشارات توکلی، تهران.

**سەرچاوەی ئینتەرنێت**

**بە ئینگلیزی**

Erol, Ufuk, Kocgiri Hadisesi: The Rebellion or Grassroots Movement of Kurdish-Alevis?

https://www.academia.edu/31878254/Kocgiri_Hadisesi_The_Rebellion_or_Grassroots_Movement_of_Kurdish-Alevis, accessed 11-06-2021.

Çem, Munzur, kirmanjki (Zazaki) speaking Kurds and their ethnic identity. http://www.institute-kirmancki.de/kirmanjki-zazaki-speaking-kurds-and-their-ethnic-identity/ accessed 18-06-2021

Lezgîn, Roşan, (2010). Among Social Kurdish Group – General Glance at Zazas, Translated by: Nusret Aydın. http://www.zazaki.net/haber/among-social-kurdish-groups-general-glance-at-zazas-503.htm accessed 26/04/2020

Mosaki, Nodar (2012). The Zazas: A Kurdish sub – ethnic group or separate people? http://www.zazaki.net/haber/the-zazas-a-kurdish-sub-ethnic-group-or-separate-people-1131.htm

Süer Eker, Why do a lot of Turks insist that Zazaki is not a Kurdish dialect? https://www.academia.edu/36499550/S%C3%BCer_Ekers_Answer_to_Why_do_a_lot_of_Turks_insist_that_Zazaki_is_not_a_Kurdish_ accessed 29-06-2021.

**کوردی بە ئەلفبێی لاتینی**

Uzun, Mehmed Selîm (2017). Mewlûd û Di Edebîyata Kirdkî (Zazakî) De Cîhê Mewlûdê Kaynak: Mewlûd û Di Edebîyata Kirdkî (Zazakî) De Cîhê Mewlûdê. http://www.zazaki.net/haber/among-social-kurdish-groups-general-glance-at-zazas-503.htm accessed 26/04/2020

**چاوپێکەوتنەکان**

١- (ئەسلانۆغلاری، ٢٠٢١)، محەمەد ئەسلانۆغولاری، چەولیگ (بینگۆل)، ٢٠٢١/٨/٢٠.

٢-(باتور، ٢٠٢١)، ئایدن باتور، چەولیگ (بینگۆل)، ٢٠٢١/٨/٢٠.

٣-(بلوت، ٢٠٢١)، ڕەمەزان بلوت، ئامەد (دیاربەکر)، ٢٠٢١/٨/٢٧.

٤-(تۆپاچ، ٢٠٢١٢) بەدریە تۆپاچ، دەرسیم، ٢٠٢١/٨/٢٢.

٥-(چاغلایان، ٢٠٢١)، حوسێن چاغلایان، دەرسیم، ٢٠٢١/٨/٢٣.

٦- (ڤەرۆژ، ٢٠٢١)، سەعید ڤەرۆژ ، ئامەد (دیاربەکر)، ٢٠٢١/٨/١٥.

٧- (کاراسوو، ٢٠٢١)، دۆغان کاراسوو، چەولیگ (بینگۆل)، ٢٠٢١/٨/٢٠.

٨ -(کرکان، ٢٠٢١)، ئەحمەد کرکان، مێردین، ٢٠٢١/٨/٢٨.

٩- (گوندوز، ٢٠٢١)، نعمەتوڵلا گوندوز، ئامەد (دیاربەکر)، ٢٠٢١/٨/٢٧.

١٠- (لەزگین، ٢٠٢١)، ڕۆشان لەزگین، ئامەد (دیاربەکر)، ٢٠٢١/٨/١٦.

١١- (نەجەرانی، ٢٠٢١) عەبدولقادر نەجەرانی، خەرپێت (ئەلعەزیز)، ٢٠٢١/٨/٢٥.